# ژوانی شیعر

گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە شیعر

ژمارە
3

بەهاری ٢٠٢٦



خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر
خالید کۆچەر
07504934363

بەڕێوەبەری نووسین
حەمە ئەحمەد جاف
07504469628
07704469628

بەڕێوەبەری هونەری
ڕانیار دڵشاد وەسانی
07504614771


بابەتەکانتـان لـە ڕێـگای واتـس ئـەپ و تیلیگرامـی ئـەم دوو ژمارەیـەوە بنێـرن:

07504934363
07504469628

هیچ بابەتێك بە دەستنووس وەرناگیرێت


تیراژ: 500 دانە
نرخ: 2000 دینار

چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

ئـەم ژمارەیـەش لەسـەر ئەرکـی بەڕێـز (ئومێـد خۆشـناو) پارێـزگاری هەولێـر چاپکـراوە

# لەم ژمارەیەدا


• سەروتار ........ 5
• لە ئەرشیفی شیعرەوە/ سابیر ڕەشید ........ 6


**شیعر:**


❊ فریاد ڕەسێك/ فازیل شەوڕۆ ........ 9
❊ بە وێنەکەت ئەڵێم بەیانیت باش/ ئەرخەوان ........ 11
❊ نوگرە سەلمان/ باهۆز مستەفا ........ 12
❊ کتێبێکی کۆن دەناسم/ بێکەس حەمە قادر ........ 13
❊ دادی فڕینێك/ حەبیبە بابان ........ 14
❊ بێ دەنگیم ئەهۆنمەوە/ سەلام سەعید ........ 15
❊ من لێرەم و تۆ لێرەنیت/ هەنار موفتی ........ 16
❊ (......) عەلی شێخانی ........ 18
❊ سڕبوونی عەشق/ هاژە بەرزنجی ........ 19
❊ هەر لە خۆمەوە بۆنی سەفەر ناکەم/ سدیق عەلی ........ 20
❊ لە کەلێنی پەنجەکانماندا/ پەری شێخ ساڵح ........ 22
❊ چوارینەکانی یوسفی/ عومەر یوسفی ........ 23
❊ ئاوێنە شکاوەکانی کچێك/ شەیدا مەعروف ........ 24
❊ بروسکە شیعر/ عەباس داودی ........ 26
❊ ئاشتبوونەوە/ شەهێن تەها ........ 27
❊ دەروێش/ ڕێزان قەساب ........ 28
❊ دوو پارچە شیعری غەریب/ سەرتیپ ئاغا بەگ ........ 29
❊ سەمفۆنیای باران/ بەهرە موفتی ........ 30
❊ ریتمی ژیان/ شیلان زەنگەنە ........ 31
❊ میهرەبانی/ سەرگوڵ خانمی بابان ........ 32
❊ چاوەڕوانی/ ناسك حەمە غەریب ........ 33
❊ وەرە با لەگەڵ بادا/ بەکر تەیفوور ........ 34
❊ نامەی شۆڕشگێڕێك/ مەرجان ........ 35
❊ لە دەمی هەر برینێکەوە گوڵێك/ ئیمان یادەوەر ........ 36
❊ ترسێ لە بەهار/ کەمال شێروانی ........ 38
❊ ڕۆحم شوێنی هەنگاوەکانی تۆ/ ئاهورا کوردستانی ........ 39

**– گەڕانەوەیەك بۆ ژوانی شیعری کلاسیك:**

❊ غەزەل/ محەمەد کەساس ........ 41

❊ پێنجخشتەکییەك لەسەر غەزەلێکی نالی/ ئامانج ژاژڵەیی ........ 42

❊ تۆ ژینم بووی/ نیازی حەمە عەزیز ........ 43

❊ گەڕاوە بۆ کۆڵانەکانی منالّی/ حاجی کارۆخ هێرۆیی ........ 44

❊ کەزی/ موحیب مهابادی ........ 45

❊ ڕازی دڵنیایی کورد/ ئەحمەد دەنگ گەورە ........ 46

❊ پێنجخشتەکییەك لەسەر شیعرێکی ك.د. ئازاد/ حەمە ئەحمەد جاف ........ 47

**– شیعری وەرگێڕدراو:**

❊ شیعری هاوچەرخی جیهانی/ حەسەن نازدار ........ 49

❊ قەسیدەیەك بۆ گوڵدانی بۆتانی/ عەبدولخالق یەعقوبی ........ 51

❊ لەگەڵ رۆحی سەبا/ شەهلا نوری ........ 53

❊ سێ کورتە شیعر/ خدر ئیبراهیم خدر ........ 54

❊ هەڵبژاردەی شیعری وەرگێڕدراو/ ئاوات حەسەن ئەمین ........ 55

**– لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی کتێب:**

❊ **ناسینی کتێب/ سەباح ڕەنجدەر** ........ **57**

❊ **لە دیوانی (دوێنێ تاریك بوو) جەمال نوری** ........ **65**

❊ **ڕەخنەی ڕووخێنەر و.../ دڵزار حەسەن** ........ **68**

❊ **خوێندنەوەی هۆنراوەی پەری قەرەداغی/ عەباس عەبدولرەزاق** ........ **71**

❊ **پۆل پۆل دەڕۆن/ عومەر حاجی** ........ **75**

❊ **ئیستاتیکا و نۆستالیژیا لەسەر هایکۆ/ سەردار قادر** ........ **78**

❊ **خاسیەتەکانی زمانی شیعری پەشێو/ سدیق ڕواندزی** ........ **98**

❊ **ئۆکتافیوباز/ تاهیر عوسمان** ........ **104**

❊ **بۆنی باران/ ئەرسەلان حەسەن** ........ **112**

❊ **خانە داجیوەند/ ڕزگار جەباری** ........ **116**

**– دیداری ئەدەبی:**

❊ **لەگەڵ شاعیر لەتیف هەڵمەت/ دیدار/ خالید کۆچەر** ........ **123**

❊ **ژووانی سورچی/ دیدار/ حەمید سورچی** ........ **129**

❊ **هەڵەبجە و ئیبراهیم هەورامی/ دیدار/ حەمە ئەحمەد جاف** ........ **132**

**– لە ئێوارە کۆڕێکدا ناساندنی (ژوانی شیعر)** ........ **141**

❊ **ژوانێك لەگەڵ شیعردا/ بەڕێوەبەری نووسین** ........ **144**



**ئەحمەد شێواو**

1927-1999

# خۆزگە

خۆزگە دەمزانی ئەزیزم چاوی جوانت لێڵە بۆ ؟
زوڵف و ئەگریجەت بڵاوە ، تێکئاڵاون خۆبەخۆ
گەردن و گەردانەکەی تۆ مانگ و رۆژن پێکەوە
وەک نیشانە جەرگی پێکام تیری بێ ئامانی تۆ
تیشکوپڕشنگی هەیاسەت دای لە بستووی گوارەکەت
نەخشی یەزدانە بڕواکەت، وێنەی مانگی تازە نۆ
ئەو نەمامەی شلک و ساوات دوو هەناری گرتووە
دوو رەشماریان تێئاڵاوە شین و واوەیلایە و ڕۆ
باخچەکەی سینەت دەبینم پڕ وەنەوشە و شەونمە
بولبوولی شەیدا لە دەوری هەڵدەدەن نەغمەی بەسۆ
شۆخ و شەنگیت هێندە جوانە چاوەکەم بێوێنەیە
کۆلکەزێڕینە لەئاستی پشت چەماوە و دەستخەڕۆ
ئەو دڵەی من شێتی غەمزەی چاوەکانتە نازەنین
کەوتمە گێژاوی تەلیسمت تازە بوومە بەندی تۆ
سیحرو نازت تێکەڵاوە چۆن (شێواو) سەردەردەکا ؟
تۆش بفەرموو، روحمێ سادەی دڵڕفێنی چاوهەڵۆ

## سەروتار

# شکۆی جوانی شیعر



سەرنووسەر

بەنیاز نەبووم بۆ ئەم ژمارەیە وەک سەرنووسەری گۆڤاری ژوانی شیعر پێشەکی بنووسم ، ئەگەر خۆشەویستیم بۆ شیعر نەبوایە، ئەم گۆڤارەش خۆی نەدەناساند ، ڕێگا بەخۆم نادەم منەت بە سەر ئەم و ئەودا بکەم ، بەڵام دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر، ڕەنگە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت ، ستاف و بودجەی تایبەت بە خۆی دەوێت، ژمارە 1 لە پاییزی 2025 بڵاوکردەوە، لێرەو لەوێ ویستیان ساردمان بکەنەوە توانجیان تێدەگرتین ، دواتر لە زستانی ئەمساڵ ژمارە 2 بڵاوکردەوە ، ژمارە 1 و 2 لە بازار نەما، ئێستا خوێنەر و نوخبەی ئەدەبی بە دوای ژمارە 1 دەگەڕێن و نەماوە لە سەر ڕەفەی کتێبخانەکانیش دەستناکەوێت ، داوای ژمارە 1 دەکەن بە pdf بۆ خوێندنەوە ، خۆشبەختم گۆڤاری ژوانی شیعر خوێنەری خۆی هەیە لە تەمەنێکی کورتدا ، لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا هێشتا شیعر لە لووتکەی جوانی دەبینرێت ، مەرج نییە هەموو شیعرێک و بابەتێکی ئەدەبی لەم گۆڤارە بڵاودەبێتەوە درەوشاوەبن و چێژ ببەخشن بە خوێنەر، گرنک ئەوەیە شیعرو بابەتی جوان دەبیندرێت، هەر شاعیرێک بە ستایلێکی خۆی جیاواز لە برادەرەکەی شیعر دەنووسێت، وەک خۆم ڕێز لە هەموو قەلەمێک دەگرم و بیرم نایەت لە هەموو ژیانی ئەدەبییم قەلەمێکم ڕووشکێن کردبێت و نەمکردووە و ناشیکەم، لێتانی ناشارمەوە لەناو ژانرە ئەدەبییەکان هەر لە کۆتا ساڵانی حەفتا شیعرم هەڵبژاردو شیعرم خۆشویست و شیعرم خوێندەوە و دواتر دەستم بە نووسین کرد، هەموو کات خۆم بەدوور گرتووە لە ناوبانگی و خۆدەرخستن، چونکە شیعر بۆ خۆم دەنووسم، هەرکات بڵاویشم کردەوە دەبێتە موڵکی خوێنەرو منیش دەبمە خوێنەری شیعرەکانی خۆم، با بگەڕێینەوە سەر بەردەوامیی ئەم گۆڤارە ، نازانم چەند ژمارەی دیکەی لێ بڵاودەکەینەوە یا نا، دەرکردنی گۆڤارێک تایبەت بە شیعر کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، ماندووبوونی دەوێت، پشتیوانی ماددی پێویستە بۆ بەردەوامیی ئەم گۆڤارە ، لە کۆتا وشەدا دەڵێم: گۆڤاری (ژوانی شیعر) گۆڤاری هەمووانە.

له
ئەرشیفی
شیعرەوە

# شیعرێکی بڵاونەکراوەی «ئیدریس شەیداهۆ»



سابیر ڕەشید

ئیدریس شەیداهۆ، شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووسێکی زۆر کارامە و پڕ بەرهەم بوو، لە گۆشەنووسیدا لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەشدارییەکی زۆری کردووە، تەنانەت لە چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کە لە دوای ڕاپەڕین زۆر بوون، چ ئەوانەی حیزبەکان بە تایبەتیش پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تری کوردستان دەریان دەکرد، چیش ئەوانەی سێبەری دوو حیزبەکەی کوردستان بوون و چیش تاک و تەرا سەربەخۆ بوون، بۆیە فرەمینبەر و فرە ژمارە و فرە ئاڕاستەی بیرکردنەوە بوون، کەچی ئیدریس شەیداهۆ بە یەکجار چەند گۆشەیەکی دەنووسی، کە لە نووسینی گۆشەکانیدا بە شێوەیەکی تەنز ئامێزەوە ڕەخنەی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی دەگرت و بە گۆشە نووس و ڕۆژنامەنووسێکی بوێر و بە توانا و پڕ بەرهەم ناسرا بوو.



کۆچکردوو ئیدریس شەیداهۆ

لە بواری شیعر و چیرۆکیش دا بەرهەمی زۆر بڵاوکردۆتەوە. لە شیعردا ((٣)) کۆمەڵە شیعر و چیرۆکێکی درێژی لە شێوەی کتێبێک کە بۆ دووری هەولێر نووسیویەتی و لە چلەیدا دەزگای بەدرخان چاپ و بڵاوی کردەوە، کتێبێکیشی لە کۆمەڵە وتارەکانی چاپ کردووە، لەگەڵ دوو کتێبی کە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانییەتی چاپی کردووە. لە چیرۆکدا وەکوو کتێب کۆمەڵە چیرۆکی خۆی چاپ نەکردووە، بەڵام چەندان چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. من لە بەرگی دووەمی ((ئەنتۆلۆجیای چیرۆکنووسانی هەولێر))دا ژیاننامە و ناوی کتێبەکانی و نموونەی چیرۆکێکی ئەوم بڵاوکردۆتەوە، کە ساڵی ٢٠٢٣ چاپم کردووە. لە دوای ڕاپەڕینەوە لەگەڵ شەیداهۆ یەکترمان ناسیوە و بووینەتە برادەر، ئەویش بە هۆی سەباح ڕەنجدەری هاوڕێم بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٢ و بەدواوە بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری ڕۆژنامەی ((ئاڵای ئازادی)) بوو کە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکرد، من زوو زوو سەردانی ڕەنجدەرم دەکرد، شەیداهۆش لەگەڵ ئەو لەم لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کاری دەکرد. شەیداهۆ ژنی لە سلێمانی هێنا و ماڵی کەوتە ئەوێ،

من لە هەموو سەردانێکمدا بەتایبەتی ڤیستیڤاڵەکانی گەلاوێژ و بۆنە ئەدەبییەکانی تر، هەموو جارێک دەمبینییەوە و ماوەی چەند کاتژمێرێک لە شوێنێک بە یەکەوە دەبووین، بە زۆریش لە سەهۆڵەکە لە چاپخانەیەک دادەنیشتین، زۆر حەزی لە سەهۆڵەکە بوو.

یەک لە جارەکان لە ڤیستیڤاڵێکی گەلاوێژ داوەت بووین، تەلەفۆنم بۆ کرد و پێم گوت: حەز دەکەم دوا شیعری خۆتم نیشان بدەیت و بیهێنی. ئەویش لە کاتی خۆیدا هات، بەڵام تەنیا نەبوو هونەرمەندی ڕۆژهەڵات ((ئیسماعیل سابوری))یشی لەگەڵدا بوو. ئەوە بوو بە یەکتری ناساندین، ئەو جارە من سەباح ڕەنجدەر و شێرزاد ڕەنجەڕۆشم لەگەڵدا بوو کە ئەویش ماڵی لە سلێمانی بوو، دەبوایە هەموو چوونێکم بۆ سلێمانی ئەویش ببینم، چونکە ئەوسا و ئێستاش هاوڕێی تەمەنمە. ئەو دانیشتنە نزیکەی دوو سەعاتێک دانیشتین .. شەیداهۆ ئەو شیعرەی کە بە ناوی ((دوو شت))ە نووسیبوو و بۆی خوێندینەوە و وتی دوا شیعرە و دوێنێ نووسیومە. من شیعرەکەم لێی وەرگرت، کە دوو برگە بوو، باسی دوو شتی پێچەوانە دەکات کە چۆن خۆشەویستی لێ دروست دەبێت. من شیعرەکەم زۆر پێ جوان بوو داوام لە شەیداهۆ کرد بیداتە من وەکوو یادگارییەک لای من بمێنێ، ئەویش دڵی نەشکاندم، بەڵام مەرجێکی بۆ دانام کە بڵاوی نەکەمەوە. بە قسەم کرد .. ئێستاش کە بڵاوی دەکەمەوە پێشکەشی گیانی پاکی ئەوی دەکەم، بڵاوکردنەوەشی بە پێویست دەزانم، وەفاکەی خۆشم بە جێهێناوە، چونکە تا ئەو لە ژیاندا بووە بڵاوم نەکردۆتەوە، بۆیەش بڵاوی دەکەمەوە تا چیتر لە ناو ئەرشیف نەمێنێ و خوێنەرانیش دوعای خێر بۆ گۆڕەکەی و گیانی پاکی بێگەردی ئەو بنێرن .. درووود بۆ گیانی.

تێبینی: شیعرەکە مێژوو و ساڵی نووسینی بە سەرەوە نییە لە بیریشم نەماوە لە چ ساڵێک بوو، بەڵام دڵنیام لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠ بوو. ئەمەش شیعرەکەیە، حەز دەکەم دەستنووسەکەشی لەگەڵدا دابنرێت، کە دەستخەتی خۆیەتی.



**ئیدریس شەیداهۆ**

**دوو شت**

**نیگەران مەبە لە ڕەنگی قژت**
**ئاخ هەڵمەکێشە، بۆ بۆیەی نینۆک**
**ڕەنگی کاوبۆکەت، با هەر ڕەنگێ بێ**
**با تیرشێرتەکەت، فول ڕەنگاو ڕەنگ بێ**
**کە دێیتە بەردەم حوجرەی عەشقما**
**بەم شەرمە جوانە، هەروا بە کپی**
**هەرچی بپۆشی، لەبەر دیدەی من**
**سەراپا سپی..!**

*** * ***

**سەرم سوڕماوە**
**نە تاڵ تێکەڵ بە شیرین دەبێ**
**نە شیرینیش تێکەڵ بە تاڵ**
**چ سیحرێکە**
**تاڵترین دەرمان، شیرینترین شەکر**
**تێکەڵاو دەکەی**
**لە یەک پیاڵە چای...!؟**

# شـــيعر

# فریادڕەسێک



فازیل شەوڕۆ

شەوگار درەنگە و
خەو ناچێتە چاوانم
تاتەبەردێکم
لە سەرجێ ڕاکشاوم
هەزاران هەزار قەناص بەدەست
لە پشت
ملیار
ملیار
ملیار
ملیار سندووقە فیشەک
بۆم لەسەر چۆک دانیشتوون و
سێرەیان گرتووەتە تەوێڵم
چۆن بخەوم
خەو ناچێتە چاوانم!
***
نیوە شەوە و
خەو لە چاوانم زڕاوە
لە گۆشەیەک بە ترسەوە هەڵتروشکاوم
ملیار
ملیار
ملیار
لوولە تۆپ و لوولە تانک
کۆڵیتەکەیان کردووم بە نیشانە و
پەنجە لەسەر پەلاپیتک
چۆن بخەوم
خەو لە چاوانم زڕاوە!
***

شەو هێندەی نەماوە
خەو لە چاوانم تۆراوە
بۆ ئەم سێ پەنجە و قەڵەمەم
ملیار
ملیار
کارخەنەی کێرد و چەقۆیان
خستووەتە گەڕ
دەترسم
پەنجە و قەڵەمم بقرتێنن
جا چۆن شیعرتان بۆ بنووسم
چۆن بخەوم
خەو لە چاوانم تۆراوە!
***

سەحەرە و
خەوم لێ تۆراوە
لە قوژبنێکی زێدە وێرانەکەمدا
لە پاڵ پیرە دیوارێکی داماو
خۆم شاردووەتەوە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ملیۆنەها
بۆمبی ئەتۆم و لێزەریان
بۆ ئەم کەلاوە خۆشەویستەی من
حەشار داوە
چۆن بخەوم
خەو لە چاوانم تۆراوە!
***

مەلا بانگدانە و
خەو لە چاوانم یاخییە
هەرچەندە دەکەم جورئەت ناکەم
بۆ سوکنایی دڵ و ئارامیی ڕۆحم
سەر بە مزگەوتێک دابکەم و
بچم نوێژێکی درێژ درێژ درێژ
دابەستم
دەترسم مەلا "قەشمەر"ێک
هەڵمخەڵەتێنێ و
بەم سەروریشە سپییەوە
بچمە "شێخ مەقصود"ێک و
لە نهۆمی حەفتەمەوە
کچە شەڕەڤانێک
فڕێدەمە خوارەوە
چۆن بخەوم
خەو لە چاوانم تۆراوە!
***
گزنگی دا و ڕۆژبۆوە و
هەر نەخەوتووم
دەچم توند توند
"دانیار" لە ئامێز دەگرم و
خۆمی بەسەردا دەدەم
توند توند لە باوەشی دەگرم
نەکۆ
سەرکردە
شیخی سەر بە عەگال
مەلای ترۆ
قەشەی دەجال
زانای خوێری
گەواد و
منداڵبازەکانی" ئێپستین"
"دانیار"م لێ بفرێنن و
بۆ شەوی سووریان سۆری
کەنەوە
یان
کە هەراشتربوو
لەژووری قانگدراو بە دوکەڵی
چرووت و بۆنی ویسکی و
شەهوەت و میز
ڕوتیکەنەوە و
------------ ن
چۆن بخەوم
لەم ڕۆژە ڕۆناکەشدا هەر دەترسم.
***

زەمەن
بوو بە بەستەڵەک و سەهۆڵ
وە دەستەکانم
دەستەکانی سەعاتەکەی دەستم
کەوتن



هەر بە تانها
دڵێک شک دەبەم
دڵێک
تەنیا و تەنیا
خودایەکی سپی سپی تێدایە
نازانم
چۆن لە گێژەنی گەرداوی
ئەم هەموو ناپاک و
ئەدەبسززو
بەدرەوشتە ڕزگاری کەم.
فریادڕەسێ!
ئەم دڵە پڕ خوایەیی خۆم
بۆ کوێ بەرم؟
فریادڕەسێ!
***
٢٠٢٦/٢/٤ – دوبلن

• دانیار: نەوەی منە، کوڕە دوو ساڵانەکەی تاقە کچەکەمە.

# بە وێنەکەت ئەڵێم:
# بەیانیت باش



**ئەرخەوان**

هەموو رۆژێ ،
======
هەموو رۆژێ ،
بە وێنەکەت ئەڵێم : بەیانیت باش !
پێمخۆشە
رۆژێکی خۆشت هەبێ ، لە هەر
رێگەیەکەوە
رۆیشتی خێر بێتە رێت
لە هەر دەرگایەکت دا ، عیشق
لێتبکاتەوە
بەبەر هەر پەنجەرەیەکا رەتبووی
گوڵت بۆ هەڵبەن
پێمخۆشە
باش بێت!!
لای وێنەکەتەوە
گوێ لە گۆرانییە غەمگینەکان
ئەگرم!
گۆرانییەکانی جاران
پێی ئەڵێم :
زۆۆۆر دڵتەنگم !
وەلێ ، چاوەکاغەزییەکانی ئەو
کوا دڵتەنگیی من ئەبینێ .....!!
هەموو شەوێک ،
بە وێنەکەت ئەڵێم:
شەو شاد !
ناشزانم بە چی شادی نازانم کێ
ئەدوێنی !؟
نازانم ،
هەناسەی کێ لەژوورەکەتا
شنەی دێ ....؟!
چ عیشقێک ئاوێزانی رۆحت
ئەبێ ...!؟
وەلێ پێمخۆشە ،
باش بێت !!
پێمخۆشە بڵێم :
خوا ئاگای لێتبێ
خۆت داپۆشە
با سەرمات نەبێ !!
***

# نوگرە سەلمان






باهۆز مستەفا

سەلاحەددین پێ بە پێ
بە بیابانەکاندا دەگەڕا
لە نوگرە سەلمان
هۆن هۆن دەگریا
بە باوەشێک پێڵاوی
تۆز لەسەر کەوتووی
منداڵان گەڕایەوە
لەگەڵ ئیبن خەلەکان
مێژوویان دەخوێندەوە
دووبارە لە پرمەی گریانیاندایەوە
ئەحمەد شەوقی
شیعرەکانی سووتاند و
باوەشی پێداکردن و گوتی:
ـ ئەمیر کێیە، کە نەوەکانم
تێمنەگەن؟
***

# کتێبێکی کۆن دەناسم
# شەوانە دەمخوێنێتەوە





بێکەس حەمە قادر


ئێواران لێرە چ جوان خۆر ئاوا
دەبێ
بێدەنگی چ ئارام خۆی دەنوێنێ
تۆ درەنگ درەنگ دەردەکەویت
لە چەشنی هەڵۆ لەبەرزی ئاسمان
بێ ئۆقرە هەمیشە دەگەڕێی
و
دەخولێیەوە
بۆ دۆزینەوەی  پارچە
بەجێماوەکانی ژیان
بێدەنگی وێنەیەکی غەمگین
و
ئاوازێکی کۆنم بیردێننەوە
کتێبێکی کۆن دەناسم
شەوانە دەمخوێنێتەوە
سپێدان وەک شەرابێکی کۆن
لێوان لێوم دەکات لە مەستی
هەموو ڕۆژ ڕەنگی دێ و شێوەی
دێ
هەندێ جار لە منداڵێکی لاسار
دەچم
گەڵێ جارانیش وەک پیرە پیاوێک
شکستەکانی خۆم ی بۆم
دەگێڕمەوە
چیرۆکەکانی تۆ
چیرۆکەکانی من

داستانەکانی ئەو باس دەکەم
شەوێک لە باوەشی ژنێک
بیری تۆم کردبوو
ئەو پێدەکەنی و منیش مەست
ئەو میهرەبان و
منیش براوەی عیشق
تۆ هەبوویت و من بزر
باوەشی ژن
هەمیشە چیرۆک و داستان
تۆمار دەکەن
من هەمیشە کاتێ پەنجەکانم
لە نێوقژی  ژنێک دەبینم
لەت و پەت دەبم
هەمیشە شەراب مرۆڤ پاک
دەکاتەوە
هەمیشە مرۆڤ دەتوانێ ژیان
جوانتر بکات
من کتێبێکی  کۆن دەناسم
من ئاوازی کۆن گوێ دەگرم
من بەشەرابێکی کۆن کۆن
مەست مەست دەبم
زەنگی تەلەفۆنێکم بۆ دێ
لە ترسان دەترسم
تەلەفۆنەکەم خامۆش دەکەم
و
سەیری تیڤی دەکەم
باس ی کەش و هەوام بۆ دەکات

# دادی فڕینێک



حەبیبە بابان/ ڕانیە



لەهەناوی سڕبوونمدا مۆمێک
خۆی سپاردە پیاسەیەک
ویستم خۆم لە باوەشیدا
کۆبکەمەوە و
هێواش چاو لێکبنێم تا
سەرخەوی سەرمابوونم بڕەوێنم
لە ژێر ئارامی تەپە تەپی
دڵی و لەگەڵ خەوێکدا
خۆم لە خەوێکدا بدۆزمەوەو
لەوێوە
گەڕانم لەسەری کۆڵانێکدا
عاشقانە عەشق بکات
بێدەنگیم عاشقانە عەشق
لەگەڵ چاویلکەیەکدا بکات
کاتێک بینیم چاوی
بۆم پێدەکەنێت
کاتێک لێوەکانی
بە هاوسەنگی بۆم پێدەکەنن
خۆزگەم دەخواست
بەزمی من و ئەو پێکەنینە
ئاوێتە دەبووین
بە ئێوارەیەک کە خۆر
دەستی ئاواوبوون و هەڵاتن
دەگرێت
وەرەو بە گۆشەی چاوی
شەرممدا سڵاوێک

لە هاتنی من بکە
من دڵنیام
لەوەی
کە پەتای دڵم
وردە وردە تابلۆی
ژوانی رووت دەکێشێت
دڵنیام تا تێر نەبم
لە تێربیت تێر نابم

لە ڕەنگ و هونەری ژوانت
ئەی گەڕیدەی ڕۆح
لە فیراقت نزرگایەکم
پەیوەستکرد بە
خێڵی کاروانت لەسەر
ڕێگا و ڕووبارێک
من بووم
بە قومێکی نقومبوو
لەوساوە پڕبووم لە
پڕیی و لێدانی ترپەکانی دڵی
کانی
وەرەو لە کاروانی
تەفسیری شیکاریی باخێک
دەکرێت بمدۆزیەوە
قاچاغ تێمەپەڕەو
تابلۆیەکی تر بکێشە
لە بڕینی چیرۆکی
ژیان و ژانی منی ژن
وەرەو بە ڕێگاوە
بڕوانە لەدیرۆک وئەشکی

پەڕتووکی ڕەفەی
دیوەخانی من
لە خەڵوەتی بێدەنگی
بێدەنگ ماوە مۆمێک
بەدیار تاقەت و نیگای
ڕژاوی من
چ لە هۆش چوونێکا
ئەو ڕۆحتەنگە مردنە
ئێتر زیکرم لە گەڵا کەوتووە
ئەستێرە بەشەرمەوە خۆی
نیشانی تاریکی دەدات
سنگ و تەختی پەنجەرە
پڕ تەم و بێناز بووە
پەڕی گوڵ پڕ تەریقی بووە
گوناهـ پڕ بووە
لە تەماشای چاوەکان
چاوەکان بەدیار هەمووانەوە
پڕ بوون لە شریتی عەشقی
بێدەنگی
ڕۆیشتن دادی فڕینێک نادات
کەلە خەمێکی تەڵخ و تەریوو



# بێدەنگیم ئەهۆنمەوە..



سەلام سەعید مەولوود

دەچێت
کاتێک سپی  دەچین و
دەچینەوە سەر ڕەچەڵەکی ئاو
کەگۆزەی
سووچی دیوار و
بەرهەیوانی ماڵمان
هەر شین وسەوز بچێت !
***
ئەم هەمو هەلایە چیە
کەمن بابایەکم  ئاوەدانیم
جێهێشتوە ،
ئەم هەمو پرسیارە .
بەگەردنی ئەم ناوەختەی مندا
مەکەن .
من بۆ لەمەو دوا هیچ وەلامێک
لەنێو کراسە چڵکنە کانمدا
جێناهێڵم .
ئەوەتەی هەم  هەتا هێز لە ئەژنۆ
کانمدا بوە .
ورتە ورتم نەداوەتە دەست
بێدەنگی
ئەوەتەی هەم ، لەهەوالی مردنی
هیچ گۆڕانکارییەکم نەپرسیوە .
تۆ چۆن ئەڵێیت ئێستا بەچیەوە
خەریکیت .
دڵنیابە کە ئەپرسی لێرەنیم
لێرە نیم تا بەمنەوە خەریک بیت
ئەو دەمانە گوزەشت ،
لە چاوەڕوانیتا بێدەنگیم ئە
هۆنیەوە .

حەزم بەم هەناسە توندیەشم
نیە ،
چونکە دڵ ڕەقیت
هەمو ژمارە سواوەکانی
ڕوژەکانی
بەهەند وەرگرتوم .
بۆیە ئەمڕۆ لەهەوالی ناشتنی
دوا  بێدەنگیت بومەوە .
وشە چاو باشقەڵەکانم
دایە دەست چەند ڕۆژێکی
بەجێماو ،
وتیان لە بەستڵەکی هەواڵەکانی
ئەودا
ئەیدەینە دەست شەپۆلە
بێزارەکانی
ڕۆژە بەسەر چووەکان .
تکایە کەلێرەوە ڕەت بویت .
پریاسکە نامەیەکی نەنوسراوم
هەیە ،
بیدە دەست قاسدێک
ئەم نامانە لەڕۆخی بێزاریدا

بەجێما بون
هەموی بۆ تۆن .
دەست بەخەونەکانتەوە بگرە ،
پیدەچێت گۆرانی غەریب مەڕۆ
.
لەدوا هەوالی ئەم گەشتەتدا .
بەحەسرەتێکی دیارەوە ،
ئاهەکانت لەسەر قسنی ماڵ
ئاوایی
بەجێبهێلێ
***
سلێمانی

# من لێرەم و...
# تۆ لێرە نیت!





هەنار موفتی

دەستم ساردو...
گیرفان سارد و...
دڵیشم سارد
کاسەی سەریشم جەنجاڵ و
پڕ لە فکر و خەیاڵی سڕ!
یا ئیلاهی
ئەم ئێوارە
چ سەرمایەک چۆتە جەستەم
نە، گڕی گەرمی هەناسە و
نە، تینی جگەری سووتاو
دەستی تەزیو گەرم ئەکەن
چ هەرایە لەو هەوارە
کەچی لە هزرمدا چۆڵە
کە دەنگی ئەوی لێنایە
لێوم ئەخەمە سەر لێو
لەسەر ماچێ ئەنیشمەوە
ڕۆژانێک بوو...
ئا لێرەدا لێم جێ مابوو!
ئێرە پڕە لە هەنگاوی
سست و جێماو
پڕ لە ژوانی تەواونەکراو
پڕ لەسێبەری نسرمی
ساماڵی ساو
پڕ لە شا وشەی نەوتراو
پڕ لە تووڵەڕێی تورە و
لە خەیاڵی هەڵبزڕکاو
پڕ پڕ پڕ...
ڕۆژانێک بوو...
لەو باخچەیە
خەمەکانمان
ئەدا بەدەم ڕەشەباوە
پێکی بزەمان ئەخستە
سەر لالێوی ئەو دڵانەی
کە ڕەنجاوە!
گوێمان هەڵەخست بۆ هەناسەی
پەپوولەکان
لە جیاتی بەرد ماچمان ئەگرتە
بۆقەکان
هەر لێرەبوو پیاسەکانمان
ئەچنیەوە
ئەشکی چاوی یەکمان ئەسڕی
کۆدی دڵمان
لەگەڵ یەکدا ئەگۆڕیەوە
هەر لێرە بوو...
لەگەڵ باراندا ئاشنابووین!
پرچی هەورمان ئەهۆنیەوە
هەر لێرەش بوو
کە دوایینجار
یەکمان بینی!
قەدەر وایکرد
ئەو سەفەرکا و
منیش تەنیا بمێنمەوە!
***
ڕۆحم لە جەستە هاتە دەر
تا دێت زیاتر
رق لە ناخما فوارە ئەکا
یەخەی ڕۆژگارەکان ئەگرم
نەفرەت لە قەدەرکان ئەکەم
بەر بەمانگ و
حەفتەو ڕۆژو ساڵیش ئەگرم
میلی سەعات ئەوەستێنم
دڵی چوار وەرز ئەڕەنجێنم
لەناو چوار دیواری ماڵە
کەرەنتینەم
خەمی دەروون ئەلاوێنم
هەموو ڕۆژێ
لەگەڵ چاوبرکێی ،..
پرشنگی ڕۆژێکی نوێ
لە باوەشما جێت بۆ ئەکەم
باکم نیە بەهیچ کەسێ

بەدڵ باوەشت پیا ئەکەم
ئێوارانێ
کە خۆر لە کەل ئاوائەبێ
سەر ئەخەمە سەر سنگت و
بۆن و بەرام بە خەوی خۆش
ئەملاوێنێ
ئەو دەمانەی،..
زەردەخەنە لەسەر
لێوانت ئەپشکوێ
ئەبێ بە بەهاری دڵم
بەنمە بارانی عیشق
بە پاساریەکانی باخچە
بە گوڵ و ئینجانەی حەوشە
کە ئەتبینم
ئەبێ بە پەلکەزێرینە
هەموو ڕەنگەکان ئەنوێنێ
ڕەنگی ئاڵ بە لێوانتەوە
پەمەیی بە گومەزەی گۆنات
سپی پەیامی ئاشتیەو
سوریش هێمای عیشق دێنێ
پەنجەرەکە ئەکەمەوە تاکو
شنەی بای شەماڵێ
هەواڵی تازەم بۆ بێنێ
ئەو هیچ هەواڵی پێ نیە
تاسەی ڕۆحم پێ بشکێنێ
شەماڵ نییە
ڕەشەبایە
ئەویش دێت تا ....
شەڕی قورس ڕاگەیەنێ
دێت و تەواو پەستم ئەکا.
دەرگاکان بە یەکا ئەدا
پەردەی ژوورم ئەگەچڵێنێ
بێشەرمانە دەست بۆ سەرو
پرچم ئەبا
تاڵەکانی ئاڵۆز ئەکاو..
هەرمێ و هەنار ڕاموسێنێ
ئەو تورەیە
هەرچی تۆزو خۆڵی حەوشەو..



کۆڵان هەیە
لەگەڵ خۆیا بۆم ئەهێنێ!!
ئینجانەکانم ئەشکێنێ
نازی گوڵم ئەشێوێنێ
سەر هەڵەبرم
ئاسمانی شار
تەمتومانێکی کپ و کڕ
هەورەکان ڕەش داگەڕاون
خەمی من و خەمی تۆیان
لەکۆڵ ناون
شاریش تەژی لە بێدەنگی
نەماپیاسەی ئێوارانی سەهۆڵەکەو
هەواری شار!
هەمووی تێکرا
سەریان خستۆتە کۆشی خەم
خەمەکانیان بوو بەهەزار
خەمی نان و خەمی ئاو
خەمی بژێوی ڕۆژگار
لەگەڵ خەمی بێدەنگی یار

خەمی بێ موچەش لەو لاوە
لەگەڵ دەسەڵاتی بێ بار
کورد گوتەنی:
ئەویش بووە.. سەر بارو بن بار
***
تۆ ئەزانی؟
هەموو ڕۆژێک لەسەر ڕێگات
ڕادەوەستم
وەکو جاران گوێ هەڵئەخەم
بۆ خشپەی پێت
بۆ تارماییت
بۆ سێبەرت
بەس نایبیستم
ئاگات لێیە گشت ئێواران
لەژێر هەمان شۆڕەبیەکەی جاری
جاران
دەستەکانم بەڕاست و چەپ
لەسەر سنگم دەئاڵێنم
چاوەکانم هێندە ماندوون
بە حەسرەتن بۆ هاتنت دائەمێنن
تۆ ئەزانی؟
لەدوای کۆچت
شار لە پاشماوەی جەنگ ئەچێ
کۆڵان بێدەنگ
شەقام بێڕەنگ
نە جێی دەست و نەشوێن پێت و
نە هەست و جوڵەت ئەبینرێ
تۆ ئەزانی؟
چاوەڕوانی لەنێو دوودڵی و
ڕاراییی چەند گرانە
چەند بەسوێیە ئازارێکی چەند
بەژانە
دەردە، پیربوونە، مردنە
هەرچی خۆزگە و خەون هەیە
لە لێواری نغرۆبونە
***

# (..............)



**عەلی شێخانی**

1
لەگەڵ هەر زەنگلێدانێکی دەرگەدا
دڵەخورپە دەبێتە میوانم
لە کاتێکدا من چاوەڕوانی تۆم.

2
بەبێ ئەوەی تەڕ ببێت
خەیاڵم بەناو ڕێژنەی بەخوڕی
باراندا تێپەڕی و
گەیشتە لات.

3
خۆشمدەوێیت
ئەو خۆشویستنە بێسنوورەی
سەرگەردانی گەیشتن بە سنووری
خۆشەویستیتی کردم.

4
بەستەڵەکی دووریی نێوانمان هەر
چەند بێ
دەبوو تا ئێستا بە گڕی ئەم
سووتانەم
ببا بە هەڵم و نەمابا.

5
تۆ ئەو پەلکەزێڕینەیەیت
لە دوای بارینی فرمێسکیشم
دەرناکەویت.

6
هەموو درێژیی شەقامەکەی
بەردەمماڵیان
نزیکی کیلۆمەترێک بوو
کەچی من بەقەد دووریی مەودای
نێوان واقیع و خەیاڵ
بەسەریدا هاتوچووم کردبوو.

7
لە خەونی کچێکدا لەدایک بووم
گەورە بووم و
پیر دەبم و
دەشمرم
ئەو کچە لەو خەوە هەر بەئاگا
نایێ.

8
هەمووان تووی عیشق دەچێنن
بەڵام هەمووان ئاوی نادەن.


9
دەتوانم لەسەر شەپۆلێکی
بەتاڵبوودا بنووسم خۆشمدەوێی ؟
بە دڵنیاییەوە
ئەگەر بتوانم نیشانەی پرسیارەکە
لابدەم.

10
من و ئەو دەستمان لەناو دەستی
یەکدی بوو
لە کۆڵانێکی چۆڵی گەڕەکدا
هەنگاومان دەنا
من لەبەر ژماردنی هەنگاوە
خێرایەکانی ئەو
فریای ژماردنی هەنگاوە
لەسەرخۆیەکانی خۆم نەدەکەوتم.

11
بە وەرنەگرتنی ئەو ئادەی بۆتم
نارد
برینی هەستی سی ساڵ لەمەوبەرم
کولایەوە
هەست دەکەم دڵڕەق و بێوەفا نیت
بەڵکوو ناتوانی بۆشاییی فراوانی
نێوان دوو زەمەن
بە خۆشەویستی پڕ بکەیەوە.

12
خۆشمدەوێیت
ئەو خۆشویستنەی کاتێ لێم
دووری
تامەزرۆی بینینت
سەرڕێژم دەکا لە خۆشەویستیت
کاتێ لێم نزیکی
خۆری خۆشەویستیت
تاریکیی دووریتم لەسەر لادەبات.

# سڕبوونی عەشق



هاژە بەرزنجی



هەواو هەوەسی عەشقی تۆ
بێ لێدانی دەرگا
ماڵی منی بێ ڕۆح وگیان کرد
چراکان یەک یەک
بەفوی نائومێدی
کوژانەوە
دەنگی قاقای پێکەنینی مناڵە بێ گوناهەکان
کەهێشتا
نەیاندەزانی
چیرۆکی ڕژانی فرمێسک
چییە!
وەک مۆمی بەر باران کوژانەوە
ئێمە بێتاوان نین
وەک ئەوەی ئەمان بینن
بۆهەڵگیرسانی ئەم جەنگە
ئاگرێکمان بەخەرمانێکەوە ناوە
ئاو چەند بەڕوونی
لەدەریای متا
دەبینرێ
سێبەرەکانی
جەنگی عەشقیش لەم ناڕوونیەدا ئاوا کەسیف دیارە
چیرۆکنووسەکانیش بە ئارەزووی خۆیان
سەمای سەر شانۆی لاپەڕەکانی
پێدەکەن
ناپرسن چۆن بەسەر چەندان لاشەی بێ گوناها
سەریهەڵداوە ئەم عەشقە لەخۆباییە
هیچ سێبەرێکی ڕژانی خوێن و جەستەی
شکستخواردووی بەدینەکرد
جگە لەگومڕایی عەشقەکەی نەبێ!
***


# هەر لە خۆمەوە
# بۆنی سەفەر ناکەم



سدیق عەلی

دڵنیام باگژەی ئەسەفێک هەڵدەکا
حەیرانی کۆچێک ڕێ دەگرێ
خەمی خەزانێک خۆی لە درەختەکانی
پێکەنین دەسوێ
من بە هەوەنتە باسی وەڕێکەوتنی
باخچە ناکەم
باخچە لە بێ تۆییدا گەڵای
عەشقێک سەوز ناکا
لە بێ تۆییدا خۆی ناداتە بەر
شەستەی برینداری هەورێک
دەزانم قەیرێکی دی سەفەر دێ
من جادەکان پڕ دەکەم لە بێ دەنگی
بەبێ دەنگی قسە بە هەموو شتێک
دەڵێم
بە سەرو گوێلاکی هەموو ڕێبانەکاندا
دێمە خوارێ
سروتەکان پڕ دەکەم لە گوناهی گومان
دڵی هیچ کانیەک بە خۆمەوە ناهێڵم
سەفەر دێت و گوڵاوەکان لە
دەستمان دەڕژێن

غەمزەکان لە چاوانمان دەوەرن
کۆشکی زیوینی خەیاڵمان بەسەر خامۆشیماندا
دەڕمێ
من فێر نەبووم لە خۆمەوە سترانی ترازان بڵێم
پێم خۆشە جریوە لولم بکات و
پەرچەمی پاساریەک نەشەمزێ
حەز دەکەم عەتر بمبات و
گوڵێک نەمرێ
بە تاسوقەوەم لافاوی وەیشومەیەک هەڵمگرێ
و
کانیەک سەفەر نەکات
قەڵبەزەیەک ملی ڕێگای نەهات نەگرێ



من هەروا لە خۆمەوە لە بابەت ڕژانەوە نادوێم
ڕژانی ترپەم بینیوە ئەو دەمەی دڵم پڕ دەبێ لە
حەیران
ڕژانی بێدەنگیم بینیوە
ئەو دەمەی شەرم بەر بە گۆرانیەکانم
دەگرێ
ئەو شەوەی ترس بە قاچەکانی من
دەڕوا
ڕژانی ئاونگم بینیوە
ئەو کاتەی خۆت لە شەرحی
ڕژانی من دەبوێری
من ناشیانە لەسەر ڕژان هیچ
شتێک ناڕێژم



رژانی ئەسرینی تاڤگەی زویرم دیوە
ئەو دەمەی رووبار بسکە تەڕەکانی دەدزێ.

سەرگەشتەم و بە بێ کەوتنی سێبەری گوڵێک
رژانی پرچت بۆ پەنجەکانم باس ناکەم
هەڵوەدام و بەبێ گەیشتنی نەسیمی دەستت
دەرگای نەزەرێک بەرەو باران ناکەمەوە
هیچ کات لە خۆڕا تاوانی وەرینم نەخستۆتە ملی
پاییز
گوڵی سەرکەوتنم نەداوە لە یەخەی بەهار
ئەگەر نەزانم چەند لە رستەیەکی شیرینی دەچی
لە خۆڕا ناتخزێنمە شعرێکەوە
بەرگی کتێبێکت بەسەردا ناداخەم

بێئەوەی پێم لە سێبەری باڵندەیەک نابێ
نەهاتوم فڕین بکەم بە وێردی ئێواران
بێئەوەی باڵێکم دیبێ دەست بخاتە گەردنی
ئاسمان
بەدوای کزبونی نەغمەی گمەکاندا سوچێکم پڕ
نەکردوە لە گریان

هیچ کات لە خۆوە ئاوابونی شوعلەم نەکێشاوە
دوایین ورشەی ئەستێرەیەکم نەکردۆتە پەنجەم
لە شەققەی شەپۆلەکانەوە زانیومە
دەریا چەند شپرزەیە بە سەفەر
کەنار چەند پەشۆکاوە بە تێپەڕین

هیچ کات جارِم بۆ بێزاریم نەداوە
ئەگەر زانیبێتم رەوەزێک نامبیستێ
شەستەم نەکردوە بەسەر تاشە بەردەکانی ئاواز
ئەگەر دڵنیابوم نەغمەیەک نامبینێ
ناڵینێکم هەڵنەکردوە بەسەر پێدەشتەکانی ئازار
من بێزاری کارێزەکانم بینیوە
ئەو دەمەی بەبێ تۆ کۆتری ئەمەلێک باڵێکی نەداوە
لە پرچیان
بێزاری جۆگەلەکانم بینیوە
ئەو کاتەی دوور لە تۆ
چۆلەیەک دەنوکی مهری نەداوە لە ماناکانی
تێپەڕینیان..
*** رانیە



# لە کەلێنی پەنجەکانماندا... غەریبین

پەری شێخ سالّح

زەوی لە سوڕانەوەی خۆی وەڕس نابێت
بەڵام ئێمەین
لەناو درزی چرکەکاندا، دەبین بە خۆڵەمێش.
با، و باڵندە جوانەکان ئاسمانێکی بێدەنگ دەپێون و
ڕووبارەکان بێ ئەوەی ئاوڕمان لێ بدەنەوە،
بە نمایشێکی ئاوازاوی
بەرەو دیدارێکی هەتا هەتایی ڕەو دەکەن.
تەنانەت داربەڕووەکان لەکاتی خۆیاندا
پۆشاکای مانەوە دەگۆڕن و
هیچ خەمێکیان بۆ ئەم هەموو ڕەو و ماڵئاواییە نیە.
هەموو شتێ لە شوێنی خۆی بنجی داکوتاوە.
سینەماکانی شار نمایش دەکەن و
لە چوارچێوەی سارد و
بێدەنگی خۆیان دوورناکەونەوە،
بەڵام لێرە لەژێر پەردەی تاریکی هۆڵەکەدا،
شەرمی دەستە لێکئاڵاوەکانمان،
تەنیا کاتژمێرێکی وەستاوە،
ئێمە لەناو سێبەری سەر شاشەکان و
چاوی دەورووبەر
بۆ ئەو ،،خۆمانە،، دەگەڕێین
کە لەدەرەوە ونمان کردووە
وەک دوو مۆسیقای بێدەنگ،
لەناو قەرەباڵغیی و
بێبەزەیی ئەم شارەدا،
خەریکی نوسینەوەی ژانەکانی تەنیایین.
دەمانزانی ژیان لەناو لەپ دەچێت و
وەک دوو مسافیری تەنیا،
بیر لەو ڕێگایە دەکەینەوە
کەسبەی
بەرەو بێکەسی شارێکی گەورەترمان دەبات،
کەس لێرە پێناکەنێ
چونکە پێنج پەنجەی دەستمان
کردۆتە پەیژەیەک بۆ هەڵاتن.
ئاخر دیوارەکان بەرزترن لە خەیاڵمان،
لێرە گوڵەکان وەک دڵەکانمان لە زیندانا شێواون،
کاتێک مۆمەکان دەکوژێنەوە و
پەردەی سینەماکان دادەدرێنەوە
دەبینین
نامۆیی نەلای باڵندەکانە و نەلای دەریا
بەڵام ئەوە ئێمەین لەناو دڵی یەکتردا،
بووین بەو غەریبانەی
کە تەنانەت خودی خۆشمان
لەناو دڵی ئاوێنەکاندا ناناسینەوە.

# چوارینەکانی یوسفی





**عومەر یوسفی**

هەناسەی سارد، کزەی دەروون
ڕۆژ گەڕان و شەو هاتوچوون
دەمسووتێنن هەموو دەمێ
دەمبەنەوە نێو فەنابوون
***

گرفتار و مات و حەزین
تەسکە لەلام دنیای بەرین
دەواری خەم دەوری داوم
وەکو شورە، وێنەی پەرژین
***

کە تۆ نەبی، ماڵم خاڵیی
بادەم بەتاڵ، حاڵم تاڵیی
لەگەڵ خەما هاودەم دەبم
ژارە دنیا، مانگ و ساڵیی
***

لە هوشیاریی لە خەیاڵدا
لە شەوانی مانگ و ساڵدا
ناخم شتێکی لێ ونە !
دەژیم لە کابووسی تاڵدا
***

ئاوات و هیوا و خەونی دوور
کەیف و شادی،جەژن و سروور
هەمووت هاڕین، وردت کردن
وێنەی مینا، چەشنی بلوور
***

هەنسکی تۆ، هەناسەی من
ئەو دەمانەی تێکەڵ دەبن
دەڕووخێنن ورەی بەرزم
دەمخەنە ناو بیری بێ بن
***

**قەلادزێ**



# ئاوێنه شکاوەکانی کچێک

**شەیدا مەعروف**

ئەستێرەیەک
شەونخونی بۆ عاتیفە دەکرد
لە ڕێگەدابوو
تا موحیبەت جێی نەهێڵێ
بەزمانی سۆزەوە دواوە
منیش
هەر وەک تریفەی
بەر ئاوێنە شکاوەکانی کچێک
خەیاڵم دەمبا
وەک ئەوەی کەسێک
لەوێ چاوەڕێم بێت
پێدەچێت ژوان
لەنێو ئەم خەیاڵدا
عەودالی عیشق بێت
عیشق،،،،،،
بەرەچەڵەک دەچێتەوە ناوخەیاڵە کانی،
شاعیربوون
دڵم چەند جوان فێری نزابووە
لەنێو مەملەکەتی عیشقدا

نیگا سەری هەڵدەگرێت
باران تۆرانی وەرزە
ئەم هەموو نیگا پڕ لەتەنگاییەی خۆر چییە؟
مانگ گلەیی لە شەو کرد
ڕاسپاردەیەکی پڕ لە موحیبەت
بەدەم ورتە ورتی خۆیەوە دەڵێت:
وەک ژنێکی مەست دەمەوێت
لەنێو پێکی نیگاکانتا ،
سەما بکەم  ئەی خۆر
پێدەچێت سەماکردن لەنێو خەیاڵدا
ژن بوونم پڕکا لەعیشق
عاتیفە شەکەتی کردووە
تەنها زەوی قەراری لەگەڵ دەگرێت
بۆیە بە هێمنی لەسەر پشتی درەختێکەوە و
بە حەزێکی وێڵەوە دەڵێت:
لەوێم وەک ئەوەی ڕۆژگارێک



تۆلەوێ بویت
،دەزانم کەتۆنازانی
من لەنێو چی خەیاڵێکدا
بۆت دەگەڕێم
سەرم داویەتی لەعەرش
گەرقەرارە زووبێت
ڕۆژێک من وتۆو
بەدیار یادگارییەکانەوە
وەنەوز دەدەین
بەزەنگۆڵەی تەزبیحەکەتەوە ڕاماوم
یەک یەک..
بەسەری پەنجەت تەهلیلە ئەکەی
سەرم لەم زیکرەت دەرناچێت.
نزابۆ دیدارم دەکەیت
یان بۆ بینی ڕوخسارم
سەرم لەو زیکرە دەرناچێ
حەزت لەچ عافاتێکە بەچاو بڵێ :
موحیبەت
خودا نێوانمان بێت
چیدی بەرگەی تەنهایی ناگرم
لەخەیاڵی تۆ دەرناچم تەنها
دەست بە غرور بوونی با وە دەگرم
نەبا ژاکانی ڕۆحتم
پێ بسپێردرێ
نامەوێت عاتیفەم
بمخاتە نێو دیمانەت و
سەرقاڵی مەراقی تۆ بم
هیچم ناوێت
تەنها دیداری ڕۆژێک
بمداتەوە بە ژیان
***

# برووســکە شیعر



عەباس داودی



١-
جەستەی بەفرینی سیحراویت
خەیاڵی مەمکۆڵان
سەمای درەنگ شەو.!

٢-
مۆتەکەی سەر دڵانن، ئێوە
بە تۆبزی لکاون
قێزەون بوون .!

٣-
رووەکی لێ ناڕوێت، ئەم خاکە
زەوی شەقار.. شەقار
موتربەکردن
شۆرەکات .!

٤-
بە بۆنی تۆوە هۆگر، حەیرانم
لە هەر کوێ بم
تەنیایی داگیرم دەکات
دایکەی شەهید .!

٥-
لانکەی شارستانی و ژیانەوە
فێرگەی مرۆڤدۆستی
زاگرۆسنشینان .!

٦-
لە لاوازیدا برای دینین
لە شێنەییدا تیریان ئامادە
دووچاوی ڕەش .!

٧-
نەریت جێگیرە
کەمێک خۆت شلکە
گــورگ .!


٨ -
ململانێ و پەت.. پەتێنە
پاشقولدان
خلیسکان .!

٩-
هەڵسانەوە لە شکست
هزری ڕابــوون
فەرهەنگێـک لە تریفــە .!

١٠-
پێویستی بە خوولی زمـــانە
(گـۆران)ی تێپـەڕاندووە
کۆلکـە شــاعیرێک .!

# ئاشتبوونەوە





شەهێن تەها


ئاشتبوونەوەی من لەگەڵ تۆ
بەئاشتبوونەوەی هەور دەچێت
لەگەڵ ساماڵ
ئاسمان دەکەن بەدوو بەشەوە
هەریەکە و لایەکی دەگرن
هیوای من
بەهیواکانی کەمەندی دەچێت
هیچی خۆم ناگرێتەوە
خەم پێی وتم من نەبام
تۆ نەدەبووی بەشاعیر
ئەو نازانێت
من هەموو خۆر لە زەردەیەک
دەستی خەونێک دەگرم و..
دەیکەمە میوانی شووشەعەترەکانم
خەون وتی:
من نەبام تۆ خەیاڵت نەدەناسی
ئەو نازانێت
من هەموو بەیانییەک

ئەسپی خەیاڵێک دەمباو
شارەکانی شیعرم پێ ئاشنا دەکات
ورد ورد وا ژیان دەهۆنمەوە
تادوا مورووا!
دەزانم رۆژانێک ...
دەبێتە کورتە ملوانکەی یادەوەری و
ئازیزانم لە ملی دەکەن !

***

# دەروێش

وا ئەمجارەش
گڕی بورکانی سەفەرت
بوو بەهەرەس
بۆ بێدەنگییم
گریان و خەم
بوون بە هۆکاری
بێ ڕەنگییم
بەرماڵەکەم ،..
لەخانەقای عیشقی تۆدا ڕاخستووە
حاڵ گرتوومی!
نە نەشتەرو نەشمشێرو
نەخەنجەرێکی دووری تۆ
دڵۆپە خوێنێکی ئومێدیان لێ نەتکاندم
نەبوونە هۆی،..
شکاندنی دڵی خۆشیی
شۆخ وشەنگیم
ئەی شێخەکەم
بەردەوامبە
لەو دوورەوە
سۆز ببەخشە
بە هەستی بزواو شێتم
با لە زیکرت بەردەوام بم
منی دەروێشی ڕێگای تۆم
بەتەماتم
هەر بەفیدای ئەڵقەی گەرم و
هاواری پڕ لە ئەوین و
دڵی پڕ موژدە و هیواتم



ڕێزان قەساب

ئەیزانی چەند لە شەوانی پڕ تەنیاییم
پڕ حەسرەت و پڕ نامۆییم
بە یادی تۆ لەگەڵ خەم و
وەسوەسەی شەیتانا جەنگییم
من ئەمجارە
ئەوکۆڕەی تۆ جێ ناهێڵم
تانەگەمە دوامەرتەبەی
تەریقەتی خۆشەویستی
تانەگەمە سەرچاوەی ڕوونی کانیاوی
پڕ سۆزی تۆ
بۆ دەربازبوون لە ڕابردووم
لە گومانی بێ ئیمانی و
لە دڵتەنگییم!

***

# دوو پارچە
# شیعری غەریب



سەرتیپ ئاغا واحید بەگ



### پەلەقاژە

من و تۆ
لەناو دەریای ئەویندا
کەوتینە ڕێ
تۆ گەیشتی بە کەناری
ئارامی
منیش لە پەلەقاژەی شەپۆلەکانی
بێ تۆییدا
هەموو ساتێکی ژیانم
وا مان و نەمانە!

***

**عەمان / ١٣_١٠_٢٠٢٥**

### گیانەڵا

سەرتیپ ئاغا واحدبەگ
دڵی من دەریاییێکە
لەناو گەرووی وشکی
ئەوینێکدا خنکاوە!
هەستی من
گریانێکە
لە چاوەکانی پڕ لە چاوەڕوانیدا
قەتیسماوە!
ژیانی من
شیعرێکە چاوەڕێی
خامەی یادگاریگەلێکی
خوێناوە!
ئەم تاسە و تامەزرۆیەم
تەمەنمی
کردووەتە بە نێچیرێک
لەژێر چنگی دابڕانی تۆدا
هەمیشە لە گیانەڵا دایە
نە دەژییێ، نە دەمرێ
لەم نێوانەدا ماوە!

***

**ئەنقەرە / ٨_٩_٢٠٢٣**



# سەمفۆنیای باران

بەهرە موفتی

دڵی تەڕی زستانێکم
لافاوی یادەوەری بردمی
ڕێژنە بارانی فرمێسکێکی
حەسرەت
لە دڵی پارچە پارچەی هەورێکی
پڕەوە
تەقینی کانی هەڵقوڵاو
برووسکە برووسکی برینەکان
پڕ بە گەرووی هاواری
شمشاڵژەنێکن
بەردەکانی مەحاڵ نەشکان
دیسان بەفر ..
کەژ و کێوی داپۆشی و
دنیای سپیکرد
سپی بە خۆی
دیسان لقی لەرزینی
درەختەکان سەرمایانە
شەپۆلی بەستەڵەکی خلیسک
لووسکە لووسکیانە
لە نێوان بەفر و باران و زریاندا
ڕەشەبا دەگەڕێ و
سەما بە باران دەکا
هەورێکی چڕ زەوی داپۆشیوە
ڕێگاکان ...
لەبەردەم هەوراز و نشێوەکان
هەناسەسواری هە ورازە ڕێگاکان
دڵی تەڕی زستانێک و
چاوی وشکی سەرابێک
دەمانخواتەوە
هاژە هاژی شەپۆلی
دەریاکان ..
ئاوازێکی خەمناکی
دڵی ئاڤێستان
باران و چاوەکانم
چەند لێکتری دەچن
لەچاوەکانی (مۆنالیزا)
زستان سپی دەچێتەوە
ئەمشەو لەگەڵ..
چرپە چرپی باراندا نووستم
کەهەستاشمەوە باران
بەلێزمەتر ..
بەیانی باشی لێکردم
باخچەکەم پڕ بوو لە ئاو
کەسپێدەیەکی تەڕتر ئومێدەکانی
ئاودەدام
زستان ،..
چەند جوانە کە باران بە
میهرەبانتر
دە بارێنێ !!
***



# ڕیتمی ژیان

شیلان محەمەد زەنگەنە

مەلوول و پەستین ، دەروونمان کەیلە
خەتای کەس نییە، ژیان بێ مەیلە
شنەیەک هەڵکە، بۆ پشکۆی دڵت
بیگەشێنەوە، ئومێدی گوڵت
ئاوازی ڕۆژگار، چەند ڕیتمی تیایە
هەژێنەر تری ، دەنگی زوڕنایە
لە گەڵ دەهوڵدا، شان بدە بەری
بە خۆت نازانی، دەچییە ئەوسەری
ئەم دەریای ژینە، مەزانە مەنگە
پڕ لە هەڵچوون و، داچوونی دەنگە
وێناکە گەردوون ، کە کپ و کڕ بێ
نابێ خاوەنی، تەلیسم و سڕ بێ
نەبییە هاودەمی، بەفری زۆزانی
قەت نرخی گەرمی، لانـە نازانی
گەر عیشق لای تۆ، نیو نیگایەک بێ
دەشێ بۆ ژنێ، وەک دنیایەک بێ


چون ئاولێڵکەرە، مەچۆ سەرچەشمە
خۆم لێڵی بەخت و، بێوەری بەشمە !
دەسماڵی شایی، گەر نەیسوڕێنی
چاکترە واز لە ، گاوانیش بێنی
گەر کەوتە دەستت، دەستی شۆخێ جوان
زوو بەری مەدە، گوناهە و تاوان
نەزمی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک وایە
بەس بۆ چەشتنی شادی دنیایە
کەی دڵێکی شاد، کەسی کوشتووە
بکوژ هەمیشە ، دڵ پڕ ڕق بووە
فەلسەفە و یاسا ، زانست و سیستەم
بۆ چێژ بەخشینە ، نەوەکو ستەم
نادیدە مەگرە ، هەستەکانی من
تێبگە مانای ، ڕستەکانی من
***



# میهرەبانیی

ئیتر سەردانت ناکەم
جارێکی دی
نابم بەشنەی میوانێکی ئازیز بۆت
بێبەشت دەکەم لەو لێوانەی
کەبەسۆزەوە قسەم بۆدەکردی
چیتر زەردەخەنەکانم
ناکەم بەجەژنی هەستت
لەزمانی هیچ خەونێکتا
نابم بە فریادڕەست
وەک تیشکی خۆر
لە ئاسمانی دڵخۆشیتا خۆم دەشارمەوە
ئیتر هیچ وشەیەکم
بەگەردنتا هەڵناواسم
وەک چۆن بمرم؟
ناگەڕێمەوە بۆ ژیان
تۆش لەدڵی مندا نێژراویت!
چیتر بۆتۆ
چرای پڕ تیشک نیم
بۆ شەوانی تاری عومرت
ئێستا بۆهەموو شتێ درەنگە
چونکە ئەو میهرەبانییەی تێیدا دەژیام
تاسەرئێسقان نەخشەی دڵ بوو!
چیتر ڕێگەنادەم
بەگرکانی
ئەو دڵە خۆشنوودە بسووتێم !!
***

**سلێمانی/ ٢٠٢٦**



سەرگوڵخانمی بابان

# چاوەڕوانی






**ناسک حەمە غەریب**

ئەی شۆخە عاشقەکەی
بەجێماوی دوای ئەنفال"
ئیتر، دەست بەرداری
ئەو کراسە ڕەشەی بەرت بە و
چیدی دڵە پڕ لە حەسرەتەکەت
هێندە مەگوشە ...
❊❊❊
منیش وەک تۆ!
چاوەڕوانی گەڕانەوەی
دڵە ئەنفالکراوەکەمم
جارێکی تر ...
بگەڕێتەوە ناو جەستەم !
❊❊❊

# وەرە بـا لەگەڵ بادا



**بەکر تەیفور**

گوزەرێک بە گەردووندا بکەین
با سەما لەگەڵ ئاو و پەپوولە و
دار سنەوبەرەکاندا بکەین
با دۆڵ و قەد پاڵ و
لوتکەی شاخەکان بپشکنین و
گوێ لەڕازو نازەکانیان بگرین
بزانین چەند مرۆڤ لاشەکانیان لەجەنگەکاندا
جێماون و بونەتە خۆراکی
قەل و داڵ و ئاژەڵە کێوییەکان..

با گوێ لە لرفەی ڕووبارو چۆمەکان بگرین
بزانین چەندین مرۆڤیان لووشکردووەو ڕاپێچی
کەندو کۆسپ و هەلابەهەلا کردووە..؟

وەرە بـا لە جوانی تریفەی مانگ و جریوەی
ئەستێرەکان
بڕوانین، بزانین بۆ عاشقەکان
ئەوانیان بە مەعشوقەکانیان شوبهاندووە..!

وەرە تۆخوا وەرە بـا گوزەرێک
بەنێو گۆڕستانەکانی سەر زەویدا بکەین و
بزانین چەندین پاشاو
دکتاتۆری ستەمکار، بەپەسنی
بەخشندە ومیهرەبان و
بەسۆز گڵکۆکانیان ڕازێندراونەتەوە!

وەرە تۆ خودا وەرە
بـا دوور دوور بکەوینەوە
لە مەملەکەتی مرۆڤەکان و
بچینە سەر لوتکەی دارە
بەرز و بڵندەکان و سەر بکەوینە
سەری سەرەوە تاوێک گوێ لە جریوەو
خوێندنی باڵندەکان رادێرین
بزانین چۆن هەستی خۆشەویستی بۆ یەک
دەردەبڕن، گەرتۆ لێیان تێناگەی ..؟

ئەز زۆر بە باشی
لە رازو نیازی خوێندنە
کانیان تێدەگەم.!
دە وەرە دەی وەرە.!
وەرە بـا بەوردی چاوێک
بەمێژووی ئەوجەنگانەدا
بخشێنین
کە چۆن جوامێرەکان بوونە قوربانی و
ترسنۆکەکانیش شەرابی سەرکەوتنیان ئاودیو
دەکرد
وەرە بـا سەردانێکی مۆزەخانەکان بکەین و
بزانین کە پێشووتر مرۆڤ
بەهادارتر بوو یاخود ئێستا..؟

وەرە دەی وەرە درەنگ کەوتین..!
وەرە تکا دەکەم وەرە بەدەنگمەوە دەست
بدە بەکێردێک و با حەقیقەت سەرببڕین بەڵکو
کەمێک دەکەوێتە جووڵە.!





# نامەی شۆڕشگێڕێک



مەرجان

بۆگەلەکەم، سەردادەنێم
نایەمەوە..
تا ئازادی بۆ وڵاتم نەهێنمەوە
تا دوژمنانم قڕنەکەم
نایەمەوە
تا هەر چوارپارچەکەی جەرگم
لەیەکتردا نەدوورمەوە نایەمەوە..
کەدەبینم ..
داروبەردی وڵاتەکەم
به خوێن سووره،
چۆن بێمەوە ؟
ئەوەتا هاواری،
کچۆڵەی ئەنفالکراو لەحەزەرو ...
بیابانەکانی عەرعەرو عەرەبستان
عەرشیان هەژاند!
هەرچی فریشتەی ئاسمانە
گوێیان لێبوو.. هەموو گریان
فرمێسکیان بوو بە باران،
لافاوی خوێنینیان هەڵسان
***

# لە دەمی
# هەر برینێکەوە، گوڵێک

لە خۆڵەمێشی ئەم بەڵێنانەوە پۆلە وشەی سپی
دەفڕن .
کاژی ئەوبەڵێنانەی وەک مار پێیانەوە دەدام
فڕێدەدەم
دەمارەکانی ژێر پێستم لە ژەهری
پێکەوەبونەکانمان پاک دەکەمەوە
ژەهرێک کەنامکوژێت، ژیانێکم تێدا دروست
دەکات
هیچ ئازارێک وێرانی ناکاتەوە.

لەناو ئەو خاکەی سەری ئەم عەشقەم پێنایەوە
گوڵێک دەڕوێت بۆنی تا ناوگۆڕی( مەم و زین )
دەڕوات
دەبێتە پەرژینی گۆڕەکەی (خانی ).

ناوم کە ئێستە وەک پارچە شوشەی شکاو
بە ژوورەکەم دا بڵاو بـــووەتـەوە،
لەناو هەر پارچەیەکدا ژنێک کەزیەکانی شانە
دەکات .


هێشتا ئەو خەمانەی دەیانەوێت پیریم چیرۆکم
پێبگێڕێتەوە،
منداڵیم یاریان پێدەکات.

لەم وشانە ژیانێک دەچنم مانگ ڕێبەری
ئەوانەبێت لە تاریکی بەڵێنەکاندا بەجێمان .

ئەو ماڵە جێدێڵم دەرگای بەڕووی هەمووشتێکدا
کراوەبوو خەونەکانی من نەبێت
دەمێنمەوە و
لەناو کانی زماندا دەژیم



**ئیمان یادەوەر**



لەگەڵ چەمی وشە،
تاسەر ڕووباری شیعر ناوەستم ،
تا ئەوانەی خودا تا ئێستە گوێی لێ نەبووە،
گوێی لێبێت .

ئەو بەردەی کەوت بەسەر دڵـمدا
لە جێگەیدا کانییەک دروست دەبێت،
ئاوی درەختی وشە و دارستانی شیعر دەدات.
شیعرێک وەک ئەو بەردە سەخت کە کەوت
بەسەرمدا ،
وەک بەردەکەی باوەڕداران،
هەمووان تەوافی بکەن و بەچواردەوریدا
بسوڕێنەوە .

تابزانن ئەوانەی وایاندەزانی بەنەبوونیان ون
دەبم،
من بوومە بەقیبلەی جوانی و هەمووان
دەیانەوێت لەبەردەمم دا، دان بەگوناهەکانیاندا
بنێن
هەمووان دەبەخشم، جگە لەوانەی وایاندەزانی
گوناهــ و گوناهبارم .

ئاە ئەوانەی کۆڵی جێهێشتنیان بەکۆڵی ئێمەدا دا
خۆیان بۆ هەموو شوێنێک چوون، مێژوو نەبێت.
وای ئەوانەی بە ئێمەیان دەگووت دەبێت گوڵ
بین،
خۆیان بە هەموو شتێک بوون، مرۆڤ نەبێت !
ئێستە لەوبەر باخچەی شیعرەوە
گۆڕستانێک هەیە
ڕەش تاریک
بێ ناونیشان .

گۆڕی ئەوانەی لێیە...
ئێمەیان بەدەم گۆرانی بەڵێنەوە
تا لێواری گۆڕی خۆمان بردوو جێیان هێشتین !





# ترسێ لە بەهار



کەمال شێروانی

لە بەهاران خونچە دەمی دەکاتەوە،
گژ و گیا تێراو دەبن ..
وێکڕا ماچی باران دەکەن
دەست لەملی یەکدی دەکەن
شکۆفەیان دەگۆڕنەوە !
لەولاش ئاسمان ،
هەنسکی خۆی بەتاڵ دەکا
هەرچی دڵۆپە ڕۆی دەکا
کەیف سازن !
لەگەڵ زەردەی خۆر و هەورا
هێند بە نازن ..
چاوەڕێ ی وادەی بەهارن ،

مونتەزیری کاروان سەرای
دیلانێ ی سەرە ڕێ ی شارن
هەر من نەبێ !
من و خەڵکی وڵات نەبێ
ماران گەستەی ئافاتی دەستی
بەهارین ،
لێمان بۆتە هێمای ئازار ..
شکم ناچێ تەنها جارێ ،
یانیش ساڵێ ..
بەهار بڕوا بێ ئازارێ !!

# ڕۆحم
# شوێن هەنگاوەکانی تۆ دەکەوێ




ئاهورا کوردستانی

تەرمی خۆم بەجێ دێڵم و ڕۆحم شوێن
هەنگاوەکانی تۆ دەکەوێ
ئەی عەشق
ڕۆحم برینی خۆی لەکۆڵ دەنێ و شوێن
پێی تۆ هەڵدەگرێ
خەیاڵم پڕە لە وەسوەسەی سەودایەکی
مەکرباز
ڕۆحم پڕە لە وردە شووشەی سیمایەکی
ئاوێنە نوێن
ئەی خەیاڵ
ئەی سوورەتی ئەوین
لەم دڵە پڕ لە ژان و کەسەرەم چۆن
ڕۆژگار بەسەر دەکەی؟
وەرە نێو باوەشی وشەم هەتا هەتایە

شەققەی باڵ و پەڕت دێ.
تەرمی خۆمم لێ دیارە
لێ بێباک شوێن هەنگاوە بێ ڕەحمەکانی تۆ
دەکەوم
دێم هەتا ئەو جێیەی فرمێسک هیدایەتم بدات
باکم نییە لە چیرۆکە هەڵبستراوەکانی سنۆبەر
من ڕێگەت ، تەریقەتت ، نیشانت دەگرمەبەر و
دڵنیام دەمگەیێنێتە کەعبەی ئەڤین........


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# گەڕانەوەیەك
# بۆ ژوانی شیعری کلاسیك



# غەزەل



محەمەد کەساس

ساقی تێکە لەوشەرابە با لێوان بێ بۆ لێوان
لێوان لەدوای لێوان بێنە لەو ڕەنگەی وان لە لێوان
ڕەنگی لێوان ئاڵی کاڵ بێ با تەڕی کەم بە کاڵی
لێوانی تۆ لێوان ڕێژەو لێوانی منیش خاڵی
بێنە لێوان با مەستم کا تا کازیوەی دەم بەیان
لۆمەم مەکە تائەبەد من بێمە نێو لێو و بەیان
گەرهەموو دنیالۆمەم کەن لەمەستی لێوت لا نادەم
بەمەرگیش بێ تامەزرۆی تۆم باڵا نەمامی دەم بادەم
شەرابی ئاڵی لێوی تۆ بەشەرابی جەننەت نادەم
شووشەی جەننەتم بەتاڵە دەبا شووشەی لێوت بادەم
وەرە ساقی بێنە بادە بالێوان بێ لەشەراب
شەرابی ئاڵی لێوان بێ ناخ بسووتێ چون کەباب
لێوی بادەو لێوی ساقی مەستم دەکەن تابەیان
وەک سەهەندە هاتووچۆمە لەنێوان لێو و بەیان
لێوبەباری لێوی ئاڵم لێوی بادەت دێتەلام
خەمزەدەی نیگای دووریتم نازداری شیرین کەلام
ماچێ لە لێوی شەرابیت هەتوانە بۆ برینی دڵ
پەروانەئاسا دەسووتێم بەنوری ساقی سورەگوڵ
لێوانت شانەی هەنگوین و مەمانت سێوی خودایی
بۆیان هەر ناڵەناڵمە بە وێنەی ناڵەی جودایی

***

# پێنجخشتەکییەک لەسەر غەزەلێکی (نالی)



ئامانج ژاژڵەیی (سەفایی)

کە تۆ ئەهلی لەبۆ قەول و قسەی زووت
مەشێوێنە کلافەی سیلسیلەی خووت
وەرە دەستم لە گەردندا ببێ جووت
مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت
دەخیلت بم کە خانی سەبرەکەم سووت

***

نیشانی دڵ لەبۆ غەمزەت پەرۆشە
بکە ڕەحمی عیلاجێ بەم نەخۆشە
شیفای ئەم دەردە بەم بەردە چە خۆشە
لە ڕووت و قووتی وەک من ڕوو مەپۆشە
کە وەصڵی تۆیە قووتی عاشقی ڕووت

***

لەبت شەککەرشکێن و نەونیگا تیر
بەمەو زوڵفی پەرێشان هەر وەکو قیر
لەگەڵ پەرچەم لەملدا بوونە زنجیر
موژەت قوللابی یە هەم تیرو هەم شیر
برۆت میحرابی یە هەم تاق و هەم جووت

***

لە ئاهی پەلکەزێڕینەم بترسە
وەگەرنا لەو پەریی دینەم بترسە
لە ئەورادم کە هەر شینە بترسە
لە سندووقی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت

***

کەتۆ هاتی خەزانی خەم بەسەرچوو
شکۆفەی وەرزی زیبا کەوتە سەر ڕوو
هەموو عالەم لەخۆشیی تۆ لەخۆچوو
لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەبارێ گوڵ دەپشکووت

***

کە دێیت و بۆ عبووری بۆو عەبیرێ
دەبەستی دەستی هەر کەس وەک ئەسیرێ
چی یە عینوانی تۆ غەیری ئەمیرێ
دەکەی نەخچیری سەد دڵ هەر بەتیرێ
ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت

***

بە ڕەسمی یادی عیشقی پڕ بزێوت
ئەنۆشێ دڵ شەرابی قەندی سێوت
بە خوێنیش بۆت ئەکێشێ نەقشی نێوت
چ شیرینە خطوطی دەوری لێوت
بەڵێ مەعلومە خۆشە خەططی یاقووت


***

ئەگەرچی موددەتێکە بێ ویصاڵین
لە شەم دوورو تەریک و بێ هەواڵین
وەلێ مەست و (سەفایی) و سەر بەحاڵین
هە (نالی) بەڵک و بیکێشی بەناڵین
بناڵە دامەنیشە مات و مەهبووت

***



# تۆ ژینم بووی



نیازی حەمە عەزیز

بە پێوانەی (یەڵدا) مایەی یادگاری و ڕاچەنینم بووی
لە پەرستگەی عیشقی مندا رووگەی پیرۆزی ژینم بووی
لە پانتایی خەیاڵات و لە نیشتمانی خەونمدا
وێردی چەندساڵەی ئەمەک و بیرەوەریی ئەوینم بووی
بڕستت لێبڕیم نەتهێشت لەدووت بخشێم وەکو سێبەر
ئەگەرچی لە خەم و خولیام هەڵمەت و ورە و تینم بووی
لە بەختی من، سوپای هەستم ئێشکگری قەڵای تۆ بوو
بۆ تیری قەزای ڕەقیبان پەرژینت بووم، پەرژینم بووی
لە سەفای ڕۆژگاری وەسڵت شێبای بخوور و عەنبەر و
لە بەزمی بەر تریفەدا (میسکی خەتا) کەی چینم بووی
ئەوێستاش من بە رووح فیدام لە پێناوی شادمانیت
منەتباری منی، چونکە تۆ خەدەنگی برینم بووی!

***


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# گەڕامەوە
# بۆ چیمەن و کۆڵانەکانی منداڵی



حاجی کارۆخ هێرۆیی



هەولمدا تاویَ ڕەها بم ، لە ماتەم و خەم و تاڵی
گەڕامەوە ، بۆ چیمەن و کۆڵانەکانی منداڵی

بۆ ئەو جێیەی هەموو ڕۆژێ، لەوێدا بەریەک دەکەوتین
ئەو بەڕبەڕۆچکە گەرمانەی کەپاش یاری لێیدەخەوتین

ئەو کۆڵانە بەرتەسکانەی کەچەندین جار لێی گریاوین
ئەو بەردەبازانەی هەموو ڕۆژێک لێیان هەڵخلیسکاوین

ئەو کارێزەی ، یەکەم ژوانگەی نۆبەرەی دڵداریمان بوو
ئەو نزرگەی ئەوسا ڕووگەی سوێندی وەفاداریمان بوو

ئەو جێگایەی ، شووشە عەتری ئەوینمان تێیدا ڕژابوو
چەغار ، بینیم وێرانە بوو زەمەندی پیریی لێ ڕوا بوو



# کــەزی




موحیب مەهابادی

مۆجزەی دووتاڵە مووی جوانچاکی کورد
شۆڕشــی هــێنــاوە بــۆ نــاو خاکی کورد
کــەی بە بــیــری دا دەهــات زاڵــم، قــژێک؟
بــێتــە هــۆی ئـــازادی خــاکی پــاکی کورد
خــوێنی لاو، ســـەریان دەخــوا، لایــان دەبا
هــەر بەدەست کیژ و کوڕی بێ باکی کورد
مۆجـزەی ئەگریجەکەی شەڕڤان، لە نوێ
گیانـی خســتە جەســتەکەی هـیلاکی کورد
ڕاپــەڕیــن ئــەمــجــارە جیــاوازی هــەیــە
مایــەکــەی ســەربــەرزییــە بــۆ تاکی کورد
مــــوژدە بــێ نـیـزیکــە ڕزگــاری مــوحیب!
خــۆش دەبێ حاڵــی دڵــی خەمناکی کورد
ڕەشبــەڵــەک دەگرن لــە شار و دێی وڵات
هــەر بە شــادی گشــتی دادە و کاکی کورد

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ڕازی دڵنیایی کورد



سەید ئەحمەد بەرزنجی
(ئەحمەد دەنگ گەورە)

دڵسۆزی و بەختەوەریت ... بەسەرمانا ببارێنە
لەگەڵ گزنگی شەفەقی زێڕینا دوو
کەشی ئاڵتونی بە کوردستانا ببەخشێنە
کڵپەی ئاگری هەست و دەروونی من،
بە ئێجگاری خامۆشکە و دایبمرێنە
ئەنجامی ڕاست و مەبەستی ڕزگاری،
بۆ ئەم خاکە پیرۆزە بنەخشێنە
تاکو کەی بەدەردەست کراوی بژیینی،
بۆ ڕەوای هەق ڕابردوومان بۆ بلاوێنە
سەری نەوازش، بۆ ڕەزامەندی
دائەنەوێنی، بە مەرجێ بە خۆشی بمانژێنە
ئەوی لە کوردستان بێ ئاگا و کەڕ و
کاسە، لە خەوی غەفڵەتایە ڕای بپەڕێنە
بڵێ نیشتیمانێکی ئازاد و میللەتێکی
سەربەخۆ، هەقی خۆمان بۆ بسێنە
خودایە بەسە ئیتر تەمی خوێناوی لەسەرمان
لابە، تۆوی براکوژی لەناومانا بفەوتێنە
تاکو کەی بەرگی نەفامی بە باڵامان بڕابێ،
خۆ کفر نابێ ڕەوایی هەقمان پێ ببینە...
با هەموو گێتی بە ئاشتی و
سەرفرازیمان، ئاگادار بێ بەهرەمەندی
ئەم خاکەمان پێ بسەلمێنە
ئەی کوردی کوردستانی گەورە
دەرس لە بەسەرهاتت وەرگرە
و سوێند و پەیمانت مەدۆڕێنە
لەم گەردوونەدا کێ ماوە بەخۆشی نەژی،
بەسە ئیتر چاو لەم هەقیقەتە مەنووقێنە
گەر هەموو سەروەت و سامانت، بۆ میللەت
بەخت کەیت عەقڵ و ماریفەتی بۆ بهەژێنە
لە کۆتایی مەبەستدا ئاڵای سەربەخۆیی
بەسەر لووتکەی شاخەکانا بچەقێنە
بە ڕاز و نیازی پەسەندی خۆت لەسەر چاوم دانێ...
لەگەڵ لێدانی دڵما ئاڵاکەت بشەکێنە

***

ـــ ئەم شیعرە هەست و سۆزی هزری کوردبوون لە خۆ دەگرێت و ڕاز و سکاڵایەکی گەردوونی و هەژانی ناخی قوڵی مرۆڤێکی بەهرەمەندی نەتەوەیە، کە دەستی خستۆتە سەر زام و ئێش و ئازار و ناکۆکی بێ مافی لە لایەن ستەمکاران و مێژووی پڕ لە ئازاری خۆمانەوە، تیمارکردنی ئەو دەردەشی پێکاوە کە تەنیا و تەنیا هەر بە سەربەخۆیی و ئازادی و یەکسانی لە ژێر ئاڵای شەکاوەی کوردستانێکی سەربەخۆدا بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆمان دەگەین، درود بۆ گیانی ئەو کەڵە نووسەر و هونەرمەندە ... بە بەهەشتی یەزدان شاد بووبێ

***

**لە ئەرشیفی**

**فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج**

# پێنجخشتەکییەک

# لەسەر شیعرێکی ک.د.ئازاد بانەیی





حەمە ئەحمەد جاف

لە مەکری کچی شۆخ و شەنگ دەترسم
لە بێئەقڵیی پەیکی دەبەنگ دەترسم
لە تەقولبابی دەرگاو زەنگ دەترسم!
(لە خامەی شاعیری بێدەنگ دەترسم
لە ناوخودا لە کێشەو جەنگ دەترسم)

****

ئەوانەی ئێستا لە دەورو لە گژمن
خۆشەویستی دەبەشنەوە لە دژ من
گەر یەکبین و لێک نەبین تەفرەقەو ون
(نییە باکم لە مەکر و فێڵی و دوژمن
لە دۆستانی گەلی دووڕەنگ دەترسم)

****

هەتاکەی دڵ زامداری جەنگی تۆ بێ
بەشم.. خەم و ئازارو شین و ڕۆبێ
گەر میللەتم یەکدەنگ و لێکدی کۆبێ
(بە هیوام ئەو وڵاتە سەربەخۆبێ
لە زێدی دیلی زۆر دڵتەنگ دەترسم)

****

بە هاوشانی تفەنگی شانی خەباتم
لەگەڵ ڕەوتی ڕەوڕەوەی عومرا هاتم
بەرەو ژوانی خەونی خۆزگە و ئاواتم
(دڵم خۆشە بە لاوانی وڵاتم
لە لاوی گێژی گەردو بەنگ دەترسم)

****

لە چاوەڕوانی وەصڵی پڕشنگی تاو
مەمرە و مەژی، دوور لە وڵاتی سووتاو
کەوتوومە ناو دەیان چاڵی کۆت و داو
(نەترساوم لە دەریای پڕ لە گێژاو
لە زەلکاو و لە گۆمی مەنگ دەترسم)

****

کۆرپەی شەو لە بێشکەی ڕۆژدا مەحاڵە
کورپەی شەوێک، کە ئێستاکەش منداڵە
کە شەو و ڕۆژ تەنیا تۆی لە خەیاڵە
(بە مەستی گەستنی ئەو لێوەئاڵە
خەیاڵیش بێ لە ناو و نەنگ دەترسم)

****

چەشنی هەڵۆ جێگام لوتکەی سەرکەل بێ
شەو لە پێشوازی ئەستێرەی ئەمەل بێ
هەتاکەی گەل چاوەڕێی دەستی هەل بێ
(کە ئامانجم بەرەو ئازادی گەل بێ
لە سستیی پێش قەتاری لەنگ دەترسم)

****

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# شیعری وەرگێڕدراو




# شیعری هاوچەرخی جیهانی
# زبیگنیۆ هێربێرت

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: حەسەن نازدار**

هێربێرت، شاعیری مەزنی پۆڵەندی، لە ساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە. لە بوارە جیاوازەکاندا خوێندوویەتی، لەوانە ئەدەب، نیگارکێشان، ئابووری، یاسا و فەلسەفە. هێربێرت لە ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کرد.یەکێک بوولەئەندامانی بزوتنەوەی بەرگری پۆڵەندی و سوپای پۆڵەندی لەجەنگی دووەمی جیهانی،بەیەکێک لە گرنگترین کەسایەتییەکانی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادادەنرێت.



لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمەوەدەستی بەنووسین کردووە،لەدوای جەنگ شیعرەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان وەرگێڕاون بۆزمانەکانی تر. چەسواف میلۆش و شیمس هینی ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لە ناساندنی ئەو بە جیهانی ئینگلیزی زمان. لەژیانیدا چەندین خەڵاتی بردوەتەوەوپاڵێوارویش بووە بۆچەندین خەڵاتی جیهانی، لەساڵی ١٩٨٦ تاساڵی ١٩٩٢لەپاریس بەسەربردووە بەهۆی ئۆپزیسۆن بونی،پاشان گەڕاوەتەوە بۆپۆڵەنداوحکومەتی پۆڵەندا وەک ڕێزێک بۆی ساڵی ٢٠٠٨ بەناوی هیربێرتەوەناسان وساڵی ٢٠١٣ خەڵاتێکی ئەدەبی نێودەوڵەتی بە ناوی ئەوەوە دامەزراند، ئەوانەی فەلسەفەیان خوێندووە، بەتایبەتی دیکارت، ئاشنان بە وشە لاتینییەکەی ⁕cogito⁕. کەلەم هۆنراوەی خوارەوە بەکارهاتووە:



## ڕۆحی بەڕێز کۆگیتۆ


ئێمە زۆر زوو لە مێژووەوە فێر دەبین
کە گیان جەستە جێدەهێڵێت
کاتێک دڵ لە لێدان دەوەستێت.
وە لە دوا هەناسەدا
لێی دەردەچێت
بەرەو لەوەڕگە ئاسمانییەکان.
بەڵام گیانی بەڕێز کۆگیتۆ،
بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتار دەکات.
جەستە زیندووەکەی جێدەهێڵێت
بەبێ ماڵئاوایی
وە بۆ چەندین مانگ و ساڵ میوانە
لە کیشوەرەکانی تردا
لەودیو سنوورەکانی جەستەکەی.
دۆزینەوەی شوێنپێی ئاسان نییە؛
هیچ هەواڵێکی شوێنەکەی نادات.
خۆی لە هەموو پەیوەندییەک دەپارێزێت؛
هیچ نامەیەک نانووسێت.
بەڵام بەڕێز کۆگیتۆ،
هەوڵ دەدات بەسەر هەستی بنەڕەتیی ئیرەییدازاڵ بێت.
ئەو بیر لەچاکەکانی ڕۆحی دەکاتەوە،
بیر لە ناسکییەکەی دەکاتەوە.
ڕەنگە ژیانی لە جەستەکانی تردا
بە باشی بەڕێوە بچێت.
لە کۆتاییدا، ژمارەی ڕۆحەکان
بۆ مرۆڤایەتی بەس نییە.
بەڕێز کۆگیتۆ چارەنووسی خۆی قبووڵ دەکات؛
هیچ هەڵبژاردەیەکی تری نییە.
بە هەست وتامەزرۆییەکی میهرەبانانەوە
بیر لەرۆحەکەی دەکاتەوە،،
وەکاتێکیش بەبێ ئاگاداری دەگەڕێتەوە
سڵاوی گەڕانەوەشی لێ ناکات
تەنانەت بە یەک ڕستەش ناڵێت : 'چ باش بوو، گەڕایتەوە!'
تەنها لە گۆشەی چاویەوە سەیری دەکات
کاتێک لەبەردەم ئاوێنەکەدا دادەنیشێت
پرچی شانەدەکات
قژی شێواو و ماش وبرنجی...


**سەرچاوە:**

**١- سفری کوتاه در شعر امروز جهان،،،،، محسن عمادی،،**

**٢- زبیغنیو هربرت ،،ویکبیدیا،،،،**

# قەسیدەیەک بۆ گۆڵدانێکی یۆنانی
# جۆن کیتس (١٧٩٥-١٨٢١)



**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
**عەبدولخالق یەعقووبی**

تۆ ئەی بووکی هێشتا دەستلێنەدراوی بێدەنگی،
ئەی منداڵی پەروەردەکراوی کپی و کاتی خاو،
ئەی مێژوونووسی دارستانی، کە دەتوانی وا
چیرۆکێکی پڕگوڵ بڵێی، خۆشتر لە شیعری ئێمە؛
ئەم ئەفسانە گەڵاپۆشە چییە دەوری داوی؟
هی خوداکانە یان مرۆڤ، یان هی هەردووک،
لە دۆڵەکانی "تێمپی" یان لە شیوەکانی "ئارکادیا"؟
ئەم پیاوانە کێن؟ ئەم خودایانە کێن؟ ئەم کچە سەرکێشانە کێن؟
ئەم ڕاودوونانە شێتانەیە بۆ؟ ئەم هەوڵە بۆ ڕزگاربوون؟
ئەم نەی و دەفانە چین؟ ئەم جۆشوخرۆشە
کێوییە چییە؟
ئاوازە بیستراوەکان شیرینن، بەڵام ئەوانەی نەبیستراون
شیرینترن؛ بۆیە، ئەی بلوێرە نەرمەکان، بەردەوام بن لە لێدان؛
نەک بۆ گوێی جەستە، بەڵکوو خۆشەویستتر لەوە،
ئاوازگەلێکی بێدەنگ بۆ ڕۆح لێ بدەن:
ئەی گەنجی جوان، لەژێر درەختەکاندا، تۆ ناتوانیت
گۆرانییەکەت بەجێ بهێڵیت، و ئەو درەختانەش هەرگیز ڕووت نابنەوە؛
ئەی عاشقی بوێر، هەرگیز، هەرگیز ناتوانیت ماچ بکەیت،
هەرچەندە نزیکیت لە ئامانج – لەگەڵ ئەوەشدا، خەم مەخۆ؛
ئەو ناتوانێت پەژموردە بێت، هەرچەندە تۆ بە موراد نەگەیشتووی،
تا هەتایە عاشقی دەبیت و ئەویش بە جوانی دەمێنێتەوە!
ئاخ، ئەی چڵە بەختەوەرەکان! کە هەرگیز ناوەرێن
گەڵاکانتان، و هەرگیز ماڵاوایی لە بەهار ناکەن؛
وە ئەی مۆسیقاژەنی بەختەوەر، کە ماندوو نابیت،
بۆ هەمیشە ئاوازی نوێ و ناوازە دەژەنی؛
ئەی ئەوینی بەختەوەرتر! ئەوینی زۆر بەختەوەر!

کە هەمیشە گەرمە و هێشتا هەر چێژی لێ دەبینرێ،
هەمیشە پڕ لە هەناسەبڕکێ و هەمیشە گەنج؛
زۆر بەرزتر لەو هەموو سۆزە مرۆییە هەناسەبڕانەی،
کە دڵێک بە خەمێکی زۆر و تێرییەوە بەجێ دەهێڵێت،
لەگەڵ نێوچاوانێکی سووتاو و زمانێکی وشکبوو.
ئەمانە کێن کە دێن بۆ قوربانی؟
بۆ کام قوربانگای سەوز، ئەی قەشەی پڕ لە نهێنی،
ئەو جەوانەگایە دەبەی کە بۆ ئاسمان دەلوورێنێ،
و هەموو تەنیشتە نەرمەکانی بە گوڵاڵە ڕازاونەتەوە؟
ئەم شارۆچکە بچووکە چییە لە کەنار ڕووبار یان دەریا،
یان لە سەر کێو بونیاد نراوە بە قەڵایەکی ئارام،
کە لەم خەڵکە چۆڵ بووە، لەم بەیانییە پیرۆزەدا؟
ئەی شارۆچکەی بچکۆلە، شەقامەکانت بۆ هەمیشە
کپ و بێدەنگ دەبن و؛ هیچ کەسێک نییە پێمان بڵێ
بۆچی ئاوا وێران و چۆڵی، چونکە کەس ناگەڕێتەوە.
ئەی شێوەی "هەورەبانی"! ئەی دیمەنی نازدار! بە نەخشی
پیاوان و کچانی مەڕمەڕیی تاشراو،
لەگەڵ چڵ و پۆپی دارستان و گیا پێپەستەکان؛
تۆ ئەی شێوەی کڕ و بێدەنگ، ئێمە لە بیرکردنەوە دەردەهێنی



وەک چۆن ئەبەدییەت دەیکات: ئەی شوانکارەی سارد!
کاتێک پیری ئەم نەوەیە لەناو دەبات،
تۆ دەمێنیتەوە، لە ناو خەم و پەژارەیەکی تردا
جگە لە خەمی ئێمە، وەک هاوڕێی مرۆڤ، پێیان دەڵێی:
"جوانی ڕاستییە، ڕاستی جوانییە،—ئەمەیە هەرچی
کە لەسەر زەوی دەیزانن و هەرچی کە پێویستە بیزانن."

سەرچاوە:

Keats, John. The Poems of John Keats. Edited by Miriam Allott. London: .Longman



# لەگەڵ ڕۆحی سەبا


**شیعری: محەمەد حوسێن (شەهریار)**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەهلا نوری**


ئەی سەبا بە تۆ چیان گوت کە وا بێدەنگ بووی
چ شەرابێکیان بە تۆ دا کە وا بێهۆش بووی
تۆ کە پەرستگای ئاگرینی عیشق و سۆز بووی
چ ڕوویدا ، وەک خۆڵەمێش خامۆش بووی

***

بە چ دەستێ ژەنیت ئەو سازە سۆزی شەوانە
کە خۆت لە نەرمە نەغمەی بێخۆ و بێهۆش بووی
تۆ بە سەد زبان ئاواز بوویت دڵان هەموو گۆش
چ ژنەفتی کە وا بێدەنگ وە گۆش بووی
گەرچی لە نێو خەڵقا وەفا نیە
بەڵام ،گوڵم
باوەڕ مەکە کە تۆ چوویت و فەرامۆش بووی
نازی دەکرد بە کراسی نازکت ، تەنی تۆ
نازەنینم چ بوو کە وا کەفن پۆش بووی؟
شەمعی شەوانی تاریک بوویت و لێوخەندەی ژنان
لەگەڵ شنەی بەرەبەیان هاودەمو و باوەش بووی
دەڵێی شەو حۆری بەهشتی بۆ باڵینت هاتووە
کە تۆ شەیدای زوڵف و بناگۆشی بووی
ئەی ئارامگا کە سەبا خەوتووە لەژێر سەنگت
بە چ گەنجینەی نهێنییەوە کە وا سەرپۆش بووی
شەهریارا ! لە جگەرمە دەدا نێشی تەشنەگیم
بۆچ وا دوور لە چاووی پڕنۆش بووی

***



# سێ کورتە شیعر





**نیلۆفەر لاری پوور**

**وەرگێرانی: خدر ئیبراهیم خدر**

( ١ )

مانەوە

بەهانە زۆرە بۆ ڕۆیشتن،

ئەوە مانەوەیە

نیازی بە هیچ بەهانەیەک نییە...

ئەوە مانەوەیە،

نیازی بە دڵ و

بوێری و

مەحەببەت هەیە...

( ٢ )

درۆ

ئەو ڕۆژانە،

ئەوەندە درۆ و ناڕاستیم بیستووە

گومان لە خەونەکانیشم دەکەم

دەترسم خەو بمباتەوە و

کەسێک بە خۆیی و درۆکانییەوە بگاتە جێ و

لەناو خەونەکانمدا بمێنێتەوە و

هەرگیز نەگەڕێتەوە سەرزەمینی خۆی...

( ٣ )

هەرگیز لەوە تێناگەیت

تۆ، هەرگیز لەوە تێناگەیت


ئەو ملپێچەی

لە گەردنی مرۆڤە بەفرینەکەم پێچابوو،

بۆ تۆم چنیبوو...

**سەرچاوە: سایتی فارسی ( بهترینها )**

# هەڵبژاردەی
# شیعری وەرگێڕدراو



شیعری: عەباس کیا ڕۆستەمی

وەرگێڕانی: ئاوات حەسەن ئەمین

لەسرووشتی مندانییەچاوەڕوان بم
بەڵام ئەبوایە وام بکردایە
لەبەر دڵۆپە باران .

بێدەنگی مانگێکە ..
دڵم ،
دەشکێنێ ..!

منداڵێک پرسی :
بۆچی زۆری
حەز لەمەلەیە
ماسی ..!

گورگەکان ئەلوورێنن
سەگەکانیش ئەوەڕن
وەلێ من .. ئەم بەستێ ..!

من زۆر دڵخۆش نەبووم ..
بەرامبەر بەپێکێکی
نیوە پڕو
نیوە بەتاڵ ..!

گەر لەناخی زەریادا
بنچێک هەبێت ،
ئەبێ چۆن بیت ..؟!

مانگ خەرمانەی داوە
بۆیە دابڕانم دووهێندە دەکات؛
ئەمشەو ..!


لەژێر فلچەی پاکەرەوی
ئوتومبیلەکەمدا
بەشێک لەقەسیدەی (زستان)هەیە
بەستوویەتی ..!

-----------------------------

دەرهێنەرێکی ناوداری ئێرانی وسینارۆ نووس بەرهەم هێنی فیلم و دواجار شاعیرێکی بە سە لیقەش بوو .لە ٢٢ ی یۆلیۆی ١٩٤٠ لەتاران لەدایک بووەو دوێنێ ٣ ی تەمووزی ٢٠١٦ پاش ململانێیەکی سە خت لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی کتێب




# ناسینی کتێب



سەباح ڕەنجدەر

هەر ڕووداوێک، کە ماوەیەکی بە سەردا دەچێت. دەبێتە یادگاری، یادگاریش مرۆڤ بە ڕوونی دەبینێت. لە ماڵەکەماندا پەنجەرەیەکی گەورەی داری بە هێڵەک داپۆشراو هەبوو، بە تەنیشتیەوە دەلاقەیەکی لاکێشەیی نیمچە گەورەی تێدا بوو، بە پەردەیەکی سپی داپۆشرابوو، پەردەکەیش بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لێ نەخشابوو. ئەم دەلاقەیە تایبەت بوو بە کاکم خالید. تەواو قووڵاییی منیشە، بەداخەوە ئەو برایەم لە ١٩٨٨/٨/٢٥دا جەیشی شەعبی، لە هەولێر شەهیدیان کرد.

شەهیدبوونی ئەم برایەم گورزێکی کوشندە بوو بەر ڕۆحی من کەوت و ئازاری هێنا کایەوە. لە خۆ ئامادەکردندا بووم، ئەم ڕووداوە لە ناو پێکهاتەیەکی کاریگەردا بە کار بهێنم، تا ئێستایش بۆم نەکراوە. لەبەرئەوەی من لە سەرەتای شیعردا بە دوای ئاکامێکی نەزانراودا دەڕۆم و لە درێژبوونەوەیدا دەیدۆزمەوە. لە بینینی دۆزراوەکەدا بە ئاگادێمەوە، نایابترین دۆزینەوەیش ئەوەیە لە ئاکامدا دەربکەوێت.
لە سەرەتاوە ئاکامی ئەو ڕووداوەم دەزانی و لە کۆتاییشدا نەمتوانی بیدۆزمەوە، واتە: لە ڕووداوێک دەدوێم هێشتا ڕووی نەداوە. لەوانەیە ڕوو بدات. هەوڵ دەدەم ئەو (لەوانەیە) بدۆزمەوە و لە دۆزینەوەیدا بە ئاگا بێمەوە، دۆزینەوە ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەیە.
سەرەتای ڕێگا و بەرکەوتنم لەگەڵ کتێبدا، یان ئەو پێوەندییەی لە نێوان خوێنەر و کتێبدا دروست دەبێت و دەمێنێتەوە. لەم دەلاقەیەوە خاڵی بوون و سەرچاوەی درەوشاوەی وەرگرت و بوو بە ئەفسوونێکی بەهێز و نەشکاو و قەڵای پشت پێدان. کۆمەڵێک کتێب و دوو شووشە مەرەکەبی چینی، یەکێکیان ڕەش و ئەوی دی شین و قەڵەم پارکەرێکی بیست و یەکی ڕەنگ جەرگی تێدا بوو، کتێبەکان زۆربەیان عەرەبی بوون. ئێستا نازانم ئەدەبی بوون، یان فەلسەفی، کۆمەڵناسی، سیاسی، مێژوویی، پەروەردەیی، ئایینی... تاد، لە ناو کتێبەکاندا دیوانی: (حاجی قادری کۆیی) بە بەرگ تێگیراوی هەبوو، هەمیشە کەڵەگیای



بۆنخۆشی لە ناو دادەنا، کە گیایەکە وشک دەبوو، دەیگۆڕی و دووبارە دای دەنایەوە. ئەم کتێبە هی ئامۆزایەکی باوکم بوو، مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەمان بوو. لە دامێن و ئەملا و ئەولا سپییەکانی بۆنە و ڕێکەوتەکانی بنەماڵەکەمانی هەمووی تێیدا تۆمار کردبوو، وەک: ڕێکەوتی مردن و لەدایکبوون و ژنهێنان و چوون بۆ حەج و گەڕانەوە و ناونووسکردنمان لە قوتابخانە... تاد.

ساڵی ١٩٧٣ جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە، یەکەمین کتێب بەر هەست و نەرمایی پەنجەکانم کەوت ئەو دیوانە بوو. کاکم بە دەنگ و ڕۆحێکی ئاهەنگسازییەوە دەیخوێندەوە. بە وریایی و ئارامی گوێم سووک و ڕوون ڕادەگرت. بێ ئەوەی هیچ شتێکی وایش لە شیعرەکان حاڵی ببم، بەڵام لە ناو چێژ و دەنگ و مۆسیقایەکەیدا ون دەبووم و بڕوام بە هەستێکی نادیار دەهێنا، بە دوای گەنجینەی شاراوەی زەینی خۆمدا وێڵ دەبووم، وێڵبوونێک مەگەر ڕێکەوت دەستم بگرێت و بمهێنێتەوە سەرەخۆ، دوایین مانای ژیانم پێ بدات، کە مەرگە. مەرگیش یارمەتیی تەواوی ئازارەکان دەدات. ئێستا بە گەشە و خۆشحاڵی و چێژی ئەوکاتم لە کتێبخانەکەمدا لە ڕیزی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، دیوانی حاجی قادری کۆییم، یەکەمین دیوان ڕیزبەند کردووە و ئەوانی دی بە دوایدا.

لە سەرەتای منداڵیمدا حەزێکی بێ پێوانە و ئەفسووناویم بۆ گۆرانی تێدا ڕسکابوو، ڕادیۆیەکی نیمچە گەورەمان هەبوو، سندووقەکەی فایبەر بوو، بە پێستێکی قاوەیی داپۆشرا بوو، ئەمیش وەک دەلاقەکە لە قوماش بەرگێکی سپیی بۆ کرابوو، بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لە سەر نەخش کرابوو، هەمیشەیش گوێم لێی ڕادەگرت و لە کەناری مۆسیقاوە دەجووڵام، لە شەڕەبەرد و ئاژاوە و ڕاوە کێشکە و نیشانەشکاندن بە دارلاستیک و هەڵەپاسی دووری دەکردمەوە، وەک ئەوەی ئەو ئاواز و نەوایەی گوێم نەرمەبارانێک بێت بە سەر خاک و خۆڵی دەوروبەرمدا بڕژێت و هەناوی فێنک و دەموچاویشی نەرم بکاتەوە. زۆر جاران بێ ئاگاداریی خوشک و برایەکانم بە شانی خۆمەوەم دەکرد و دەڕۆیشتم، بەم کردەیەم لێم تووڕە نەدەبوون و سەرزەنشتیان نەدەکردم، گردێک لە پشت ماڵمان هەبوو، بەناوی باپیرمەوە ناودێربوو، گردی: (حەسەنە لەک. حەسەن سلێمان وەلی) بە دڵ گردێکی دڵبەربوو، بەهاران گوڵە دەرزیلە و حاجیلە دایان دەپۆشت. دەچووم لە تەختاییی ئەم گردەدا دادەنیشتم و تەماشای ئەملا و ئەولا و شینایی دەمەوعەسران و زەردەی ئێوارانم

دەکرد و گوێم لە بەرنامەی گۆرانیی داواکراو دەگرت، هەموو ڕۆژێک دەمەوعەسران دووبارە دەبووەوە و لەگەڵیدا نەرمەبایەکی ڕەحمەت بەسەرمدا هەڵی دەکرد. جیهانێکی بۆ دروست دەکردم، هەستی خۆمم لە ناو دادەمەزراند. بڕوایشم بە جیاوازیی دەنگەکان دەهێنا، لەو ڕێگایەدا دەگەڕام، کە پێی دا هاتبووم، واتە: ناخی خۆم. سەگێکی بەوەفایشمان هەبوو، ناوی: (دەبان) بوو، کە لە ماڵ دەردەچووم لەگەڵم دەهات و پاسەوانیی دەکردم. بە هیچ ئا و نایەکیش دوو هەنگاو لێم دوور نەدەکەوتەوە. وەک ئەوەی گەورەیەکم بێت و پێی گوترابێ چاودێریم بکات. نازانم ئەم ئەفسوونە چی بوو، کەوتبوومە ژێر ئەفسوونی دەنگی: (سەلاح داودە) وە، بە تایبەتی گۆرانی: (کوێستانان خاڵخاڵ)، کە لە بەرنامەی گۆرانیی داواکراودا زۆر داوا دەکرا. هەرکاتێک ئەو گۆرانی بگوتایە ڕادیۆکەم دادەنا و دوومەترێک لێی دەکشامەوە و تەماشای شکۆیم دەکرد. وەک ئەوەی تەلیسمێک بێت ئەم حاڵ و جەزبە و حاڵەتە پڕ لە خۆشی و شادی و ژیانە و داکشانەوە بەرەو ناخەم، تەنیا لەگەڵ لەرەی دەنگی گەرمی ئەم گۆرانیبێژەدا بۆ پەیدا بووبوو، پاشان لە ناو شەپۆلەکانی بادا بۆی دەگەڕام و لە هەستمدا سۆزی سووتێنەر و پڕ ئومێدم دەدۆزییەوە، ئەو دۆزینەوە و پشووی ناخە ئەوپەڕی تایبەتمەندی بوو. هەر بە هۆی ئەوەی زۆر گوێم لە گۆرانی دەگرت. شارەزاییەکی سەرەتاییم لە چینەکانی دەنگیش پەیدا کردبوو، دەمتوانی بە شێوازی بەشێک لە گۆرانیبێژان گۆرانی بڵێمەوە. هەر شتێک، کە تاسە و خواست و ئارەزووت بۆی هەبوو، توانایشت بۆی پەیدا دەبێت. بە هیچ جۆرێکیش




حەزم لە گۆرانی زرم و کوت نەبوو، هەمیشە حەزم لەو گۆرانییانە دەکرد، کە وەک هێڵێک خەیاڵ درێژ دەکەنەوە. ئەم ئەشقی گۆرانییە لەگەڵمدا مایەوە و گەشەی کرد و پێکهاتە و بنچینەی خۆی دامەزراند، ئێستایش گۆرانی هاوسەنگیم دەپارێزێت و لەگەڵ خۆم بەخشندە و شکۆمەند و ئاسوودە و خۆشحاڵ و قووڵم دەکاتەوە، وەک مۆسیقایەکی نەرم بژیم.

ساڵی ١٩٧٨ لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا مامۆستای وانەی کوردیمان، کە ئەمڕۆ بە سوپاسەوە ناوی دەبەم: (شێرکۆ ئەحمەد حەوێز) بوو، لە ڕۆژێکی زستانی باراناوی و سارددا لە پۆل داوای لێکردین دارشتنێک لەبارەی (سروشتی لادێ)وە بنووسین. بەو پێودانگەی، کە من کوڕەلادێیی بووم لەوانی دی کەمێک زیاتر شارەزای ئەم سروشتەم. بۆ هەفتەی داهاتوو دارشتنەکەی هێنایەوە و بۆ هەموو قوتابییەکان نمرەی شیاوی خۆی دانابوو، تەنیا ئەوەی



منی نمره لە دانەنابوو، وەک ئەوەی هەستی بە کارخراپییەکی من کردبێت، بە تووڕەییەوە گوتی: (سەباح سابیر حەسەن) کێیە و بێتەدەرێ، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات لە تەنیشت تەختەڕەشەکەدا ڕای گرتم. ئەم مامۆستایە، مامۆستایەکی بە جەرگ و دەگمەن و ملاومل پەروەردەکار و خۆش سروشت بوو، تا ئەو پەڕیش دڵبەدەرەوە بوو، لەگەڵ وانەی کوردی و دنەدانی قوتابی بۆ خوێندنەوەی ئەدەب و دامەزراندنی گۆڕانکارییەکی ئەدەبیدا، بەو بیانووەی وانەی کوردی زمانی خۆمانە و پێویستە لە ناویدا بکوڵێین و بە دۆخەکانی ساردبوونەوە ڕەت ببین، لەم نێوانەدا بگەین بە دۆخی دۆزینەوە و باش لە پێکهاتە و بنچینەکانی شارەزا بین. زمانیش هەستێکی گەرماوگەرم و خۆڕسک و دەگمەن و پشوودرێژ لە مرۆڤدا دروست بکات. هەر قوتابییەک لە شەست کەمتری وەربگرتایە لێی دەدا و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرد. دوای ئەوەی ئافەرینی بەشێکی کرد و لە بەشێکیشی دا. ڕووی لە من کرد و گوتی: کێ بۆی نووسیوی. منیش لەو هەستە تۆقێنەرەی چەند چرکەیەک پێشتر تێیدا خولم دەخوارد و بیرۆکەی پەرت و بڵاو گەمارۆی دابووم. زۆر بە ئارامییەوە گوتم: ئەدی مامۆستا لە پۆلدا نەماننووسی. نەختێک چووەوە ناو زەینی خۆی و تووڕەییەکەی خاوبووەوە و خوێنێکی خۆشیی لە دەموچاوی خۆش سروشتیدا گەڕا. ئینجا نمرەی بۆ داڕشتنەکەی منیش دانا و گوتی: ئافەرین (سەد). ئای چۆن سەرکەوتنێکی بچووک لە دنیای ژێرییەوە دەتباتە دنیای سەروو. ڕۆژی دوایی هاتەوە کۆشیعری: (تاریک و ڕوون)ی هێمنی بۆ هێنا بووم. منیش هێندە شەیدا و دڵبردە و دڵەدووی ئەو ئافەرینە بووم، نیو هێندە شەیدای شیری ناو گوڵەگەنمی کێڵگەی گوندەکەمان نەبووم. مەگەر ئەو دەمەوعەسران و زەردەی ئێوارانەی لە گردی پشت ماڵمان، یان گردی ئاشناییم گوێم لە بەرنامەی گۆرانی داواکراو ڕادەگرت و دەچووممەوە ناو زەینی خۆم و لە خوام دەخواست ناولەپ و ناوچەوانم ڕێگاوبان بوونایە، گۆرانیبێژەکان بەناویدا هاتوچوویان بکردبووایە.

سەرەتای ڕێگا و بەرکەوتن و یەکەمین پێوەندیم لەگەڵ خانمی کتێبدا لەم ڕووداو و خۆشبەختییەوە دەستی پێ کرد و بووە هێڵ و هێمای بوونم. ئەو هەفتەیە بە هەموو بوونێکمەوە لەناو کۆشیعرەکەدا ژیام، ژیانێک مەگەر بەس متەسەوفەکان لە مانەوەیان لەسەر




دووگورد و شەونوێژ و چاوداخستن و وێرد بەرزکردنەوەدا، هێندە چێژیان وەرگرتبێت و لە بوونی خوا و لە خۆیان نزیک بووبێتنەوە و گەیشتبن بە ناخی خۆیان، واتە: یەکبوون لەگەڵ خوا و هێزی ئەدەب. بۆ هەفتەی داهاتوو کۆشیعرەکەم بۆ گەڕاندەوە. گوتی: بۆ ئاوا زوو هێناتەوە. بە دڵت نەبوو، یان لە خوێندنەوەیدا پەلەت کرد. منیش بە بێباکی و نەختێک بە هەوابەرزی و بە خۆهەڵخستنەوە گوتم: مامۆستا زۆرینەم لەبەرە. وەک ئەوەی بڕوام پێ نەکات و لە قسەکەم بە گومان و دوودڵ بێت گوتی: دەفەرموو ئەگەر دەمت سپییە وەرە بەر تەختەڕەش و ئەوەی لەبەرتە بیڵێ. منیش گوتم کامە شیعر. دیسان هەڵوەستەیەکی تری کرد و چووەوە ناو زەینی خۆی. وەک ئەوەی بیەوێت بمخاتە بەر ڕووناکییەکی هێمنەوە و لە بڕوابەخۆبوون و خۆهەڵخستنەکەم دڵنیا بێت. لاپەڕەی هەڵدایەوە و ناونیشانێکی دەگوت. تەواوی وانەکە، چل چرکە بوو. من شیعرم تێیدا خوێندەوە. لە گۆکردن کەمێک هەڵەم دەکرد، بۆی ڕاست دەکردمەوە، لە کۆتاییی وانەکەدا پێی گوتم: بەهرەیەکی دەگمەن و کەم وێنەی، ئەو وزەیەی هەتە باش مشتومالی بکە، چالاک نیشانت دەدات. هەر هەمان ڕۆژ منی بە کتێبخانەی (تەئمیم) و خاوەنەکانی: (جومعە و ئەحمەد)، کە دوو مرۆڤی هێمن و لەسەرەخۆ و ڕووخۆش بوون، ئاشنا کرد و ناوی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و کاتی دەرچوونیانی بۆ نووسیم. یەکەمین کتێبیش، کە کڕیم کتێبی: (کاروانی شیعری نوێی کوردی) کاکەی فەلاح بوو، دوابەدوای ئەمیش کۆشیعری: (خونچەی سەهۆڵ)ی ئازاد دڵزار بوو، ئێستایش ناوەناوە کتێبی یەکەم و دووەم بۆ تەماشاکردنەوە و خوێندنەوە هەڵدەبژێرمەوە.

لەو ڕۆژەوەی ئەو بیرۆکەیەم لەسەر گەڕا، لەفە و بەدەمچە و کەوکەو و شەلغەم و لەوزینەگەزۆ و شەکرلەمە و فەریکەنۆک... تاد، خواردن نەما. ڕۆژانەکەم بووە خەرجی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب، یارمەتیی ئەوەی دام توانا لە خۆمدا بدۆزمەوە و ئاراستەی کردم و جیهانی نادیارم کەوتە گەڕ.

دوای ئەوەی چوومە ناو خوێندنەوە و بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حەفتاکان داهاتمەوە و ئاشنای ناوی نووسەران بووم. بۆم دەرکەوت ئەم مامۆستایەم لە ماوەیەکی کورتدا نووسەرێکی کارا و چالاک بووە، دیارترین نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (تایبەت) لە ١٩٧٢/١/١ بە ناونیشانی: (حاجی

قادری کۆیی: شاعیری سەردەمی ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد) بڵاوی کردووەتەوە.
ئەو بایەخدانەی بە من ئەوە بوو، ئەو بۆشاییەی کەوتبووە نێوان (ئەم) و (نووسین) منی بۆ پڕکردنەوەی هەڵبژارد، وەک بڵێی بەهرە و توانای خامۆشبووی خۆی لەم هەڵبژاردنەیدا دۆزییەوە و بەردەوامبوونی خۆی لە مندا پەرە پێ دا.
لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا: (مەحموود زامدار) نووسینێکی ڕۆژنامەوانیی لە ڕۆژنامەی: (هاوکاری)دا لەبارەی نوێبەخشی شیعری کوردی و شانەی: (پێشڕەو)ەوە نووسی. لەو نووسینەیدا دەستەواژەی: (کرمی کتێب)ی بۆ من بە کار هێنابوو، ئەو ڕوونکردنەوەیشی دابوو: خەونی ئەم لاوە خەونێکی درێژە. ئەگەر پێی لە سەر زەمینەی خوێندنەوەدا لا نەدا. حاڵەتێک بە شیعری هاوچەرخی کوردی دەبەخشێت.
شیعرەکانی: (هێمن) چێژی زمانی ئەو گوندەی دەدا، کە خۆی تێیدا لە دایک بووە. بە سادەییش



وێنەی ژیانی ئەو خەڵکەی کێشاوە، کە هەستان و دانیشتنی لەگەڵیاندا هەبووە، واتە: دەرەنجامی ژیان و گوزەرانی خۆیەتی. زمان و زمانڕەوانیی شیعرەکان کەمێک لادێیی بوون. چاو و زەین و ئەقڵییەتی ئەوسای منی بە پڕی ڕادەگرت، تا ئەوپەڕی چێژ، بردمیە وەرگرتنی دۆخی چێژی خوایی. چێژی کتێب لە توانایدایە بیابان بکاتە بەهەشت. ڕەنگە هەر ئەو سادەیی و بریقە و زمان پاراوییە بووبێت زمانی لا کردمە ئەو بەهەشتەی: (شاری خۆر) پەرستن و شەونوێژی بۆ دەکەم، بچمە ناوی و بیکەم بە ڕوانگە و گوتاری ناخم و هەوڵی دۆزینەوەی وشەی گونجاوی تێدا بدەم. وەرچەرخانێکی تەواوی ئاراستەکانی ژیان بوو، هەروەها تا ڕادەیەک ئەو ئاراستەیەی دامێ، بزانم هێز و بێ هێزیی زمان لە کوێی دەقدا دەردەکەوێت و بەئەدەبیبوونی دەقیش لە چ بەکارهێنانێکدا ئاستەکانی دەردەکەوێت، واتە: ئەوەی بابەتێک دەکاتە بابەتی ئەدەبی، زانیاری و هێزی زمانە، یان هێزی زمان و کاریگەریی بابەت.
شیعر بە تەنیا لە تێڕوانینی زمانەوە ئاستداریی دەستنیشان ناکرێت. لە تێڕوانینی بابەتی هەستی و بەکارهێنانی ئەدەبییانەی زمانەوە، گەشانەوەی هەستی و زمانیی لای خوێنەر گەلاڵە و بەرجەستە دەبێت. بە شیعربوونی هەر ڕستەیەک مانای ئەوەیە زمان لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەدا دەرهاتووە و هێنراوەتە ناو زمانی ئەدەبەوە، هەروەها کارلێکردنی وشە لە دەقی ئەدەبیدا، چۆن هێزی وشە وشەیەکی دیکە ڕادەکێشێت و دروستی دەکات و تۆڕی زمان دەچنێت.
ئەگەرچی (هێمن: ١٩٢١ - ١٩٨٦/٤/١٧) وەک

تەمەن حەڤدە ساڵ دوای (گۆران: ١٩٠٤ – ١٩٦٢/١١/١٨) لە دایک بووە. حەفت ساڵیش لەم زیاتر ژیاوە، بەڵام نوێبوونەوەی شیعری کوردی چاوگەکەی لە گۆرانەوە دەست پێ دەکات. هێمن لە چەمکی شیعری ئاسایی دەرنەچووە، بەو ئاست و ئاراستەیەیش دەینووسی، واتە: وەک شێواز کۆنەخواز بوو، بەڵام وەک بیروڕا و دەربڕین نوێخواز بوو، دیوانەکەی لە لام ئامادەیە و سێبەرەکانی بە تەواوی لە ناو زەینمدا دەجووڵێن، هیچ خاڵێکی گۆڕانکاری فۆرم و نوێبەخشی و توخمی نوێی شێوازی پێشکێش بە دیوانی شیعری کوردی نەکردووە. لە دەقی: (بەهاری کوردستان)، بە شیعر لەبارەی سروشتەوەی نووسیوە، هەموو خەسڵەتەکانی هۆنینەوەی شیعری تێدایە، بەڵام شیعریبوون و خەیاڵی پڕی تێدا نییە. لەم دەقەیدا بە شاعیر دانانرێت، بەڵکو بە ڕووەکناس و شارەزایەک لە بارەی ژیانی لادێوە دادەنرێت. بەڵام بەشێک لە شیعرەکانی کۆشیعری: (ناڵەی



جودایی) شیعری مەیدان کورت نین و لە شیعرە هەرە دەگمەنەکانی ئەدەبی کوردین. بە تایبەتیش شیعری: (ئێوارەی پایز)، شیعرێکە تێیدا گەیشتووەتە پاکی و بێگەردییەکی ڕۆمانتیکیانە و تەواو هەستییە، لە زەمینەی شیعری پڕ و شیعریبوونی پڕ خوڵقاوە.


ئەو ئاوە ڕوون و ڕەوانەی ڕشتوویەتی بۆ ئەبەد ڕۆحی تەڕ کردووم و لە ناخی دڵەوە لەگەڵم دەدوێ و ناخی کردووم بە مێزگرد و مێزی گفتوگۆ و ئاهەنگی ژیان، بەڵام هەستی شیعریی من لە سەر هەستی شیعریی ئەو دانەمەزرا، هەروەها بە هیچ ڕێبازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیش کاریگەر نەبووم و نەبوونەتە ڕێ ڕوونیم، شیعر خۆی نەبێت، شیعری بێگەرد. دوای ئەوەندە ساڵە و بڕینی هەزار و یەک ڕێگای دوور و نزیک، نازانم چۆن دەربڕین لە پایە و بەهای تۆ بکەم و پاداشتت بدەمەوە. بە کامی دڵ لە باوەشت دەگرم و دەستت ماچ دەکەم و ڕێز لە سیما و چاوی پڕ لە ڕازت دەگرم، هەروەها هەر لەم بۆنەیدا هەل و بوارێک وەردەگرم تا گوناهێک لە شان و ڕۆحم هەڵگرم و باری گران و بە ئازاری شان و ڕۆحم سووک بکەم. گوناهێک، دواتر بۆ نووسەرەکەی بە خێر گەڕایەوە. لە تەمەنم یەک جار کتێبم لە کتێبخانە لە غەفڵەتی خاوەنەکەیدا بردووە، ئەویش لە ١٩٨٥/١٠/١٤، کۆچیرۆکی: (پێکەنینی گەدا)ی حەسەن قزڵجی بوو، نەمدەزانی بە شەقامدا دەڕۆم، یان بە ناو گەرووی مار و تونێلێک ئاگر، یان لە ڕەوەزە شاخێکی عاسێدا گیر بوویمە و هەڵدێران هەڕەشەم لێ دەکات، ها ئێستا نا، دوو هەنگاوی تر دەکەومە ناو چاڵێکی بێئامانەوە. لە نیوەی ڕێگای گەڕانەوەم بۆ

ماڵەوە، یەکراست بە ڕەنگی زەرد و هەڵبزرکاو و دەروونی ماندوو و نیوەڕۆح بوومەوە گەڕامەوە لای: (جومعە و ئەحمەد)، دانم پێدا نا ئەم کارە خراپەم کردووە. ئەمانیش دەستیان لە شانم دانا و دڵیان دامەوە و گوتیان: بۆیە دڵمان بە کتێب و ژیان خۆشە، هێشتان مرۆڤی باوەڕ بە پاکیی خۆی وەک تۆی تێدا ماوە، بە بچووکترین هەست پێکردن لە ناخەوە ئازاری پێ بگات. لێیان بووریم و کتێبەکەیان لێ وەرنەگرتمەوە و دیوانی: (مەحوی)شیان بە دیاری وەک ڕەفتار و کردەوەیەک پێ دام. لەم بارەی لێبووردنەدا هەر ئەوەتا لە خۆشیدا گەشکە نەیدەبردمەوە، لە قووڵاییی بوونمەوە پاک بوومەوە و بەرەو ئارامیی دەروونی ڕۆیشتم. کتێبەکەم هەر لە لا مایەوە و هەمیشەش لێی دەسڵەمیمەوە. تا ساڵی ٢٠١٠، پێشنیازم بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس: (بەدران ئەحمەد حەبیب) کرد، کە چاپی سێیەمی ئەم کۆچیرۆکە بکەنەوە. هەردوو دەستی لەسەر چاوی ڕەزامەندی دانا و گوتی: شەیدای زمانی ئەو چیرۆکنووسەم و سوودیشم لە پێکهاتە و بنچینەی زمانە ئێجگار زیندووەکەی وەرگرتووە، توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە بەکاربردنی وشەی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگای کوردییەوە و زمان تائەوپەڕی دەناسێت و باش لە ناوکی وشەش تێ دەگات، فەرهەنگی وەک خاکی سوارچاکان پاگژە و دەزانێت چۆن بنووسێت. ئەمانیش دوای هەوڵ و کۆشش و پەیوەندیکردن، شەش چیرۆکی تری چیرۆکنووسیان خستە پاڵ چیرۆکەکانی: چاپی یەکەم: ١٩٦٧ - بەغدا، چاپی دووەم: ١٩٨٥ - بەغدا، ساڵی ٢٠١٠ چاپی سێیەمیان خستە کتێبخانەوە.

هەر بە ڕێ ڕوونیی کتێبەوە لەگەڵ خەمی هەست پێکراو و دنیای زەینی زۆرێک لە شاعیر و نووسەران ئاشنا و پێیانەوە پەیوەست بووم، کەم و زۆر توانای ئەوان لە خۆڕاچڵەکاندن و گەشە و پەروەردەکردنی ئەقڵ و خەیاڵ و دارشتنی بینا و بینایی من، گەنجینە و هێزی ڕۆح و پێوانەی شیاو و سەرچاوەی درەوشاوە و سۆزی شاراوە بوونە. هەمیشەیش لە ئەزموونی خۆمدا ویستی یەکەم و بێ پێوانەم ئەوە بووە، (ئەدەبێکی فرەنیگا)ی خۆکردی حەڵاڵزادەی خۆم بەرهەم بهێنم. چییشم زانیوە، ئەوەم نووسیوە. جەوهەری پێکهاتەی مرۆڤیش ئەوەیە چی دەزانێ ئەوە بنووسێت. دەنا چاکتر وایە دەفتەری نووسینت داخەی، چونکە نووسین یەکجار (نەمر) دەبێت، واتە: ئەو نووسینە نەمرە، کە تۆ هەست و زانینی دوای خوێندنەوەی ئەوت نووسیوە، ئەو، واتە: سەرچاوەی یەکەم. نووسینی هەست و زانینی دوای خوێندنەوە، نووسینێکی بێهێز و بێدەسەڵاتە و شکۆمەند نییە. ناتوانیت خۆتت تێدا بێتە بەرچاو، هەروەها زۆر زەحمەتە لە وڵاتێکی شڵەژاوی وەک کوردستاندا، شاعیر بیت و نەکەویتە ناو گێژەنی سیاسەتەوە، کە سیاسەت لە هەر چوار لاتەوە بۆ ساتمە و خلیسکان گەمارۆی داویت، ئەگەر بیشکێنیت نانی ئەو مەودا کورتەی نێوان دەست و دەمت ڕادەپچڕکێنن. من خۆم لا دا لەو خۆشگوزەرانییە. لە خەباتێکی ڕاستگۆیانە لە پێناو بەدیهێنانی (شیعری بێگەرد)دا مامەوە و ژیام. بێباکیش بووم لە ئاست تەڵە و داو و بۆسە و بوختانی نامەردان. وەک نوختەیەکی نادیار لە ئاسۆ و دووری شیعردا دەرکەوتم.



# لەدیوانی دوێنێ تاریک بوو
# عەبدولقادر سەعید سەرچناری



**خوێندنەوەی: جەمال نوری**

شاعیرئەو کەسەیە کە زیاد لە پێویست ئەبینێت، واتە وەک شایەتێک وایە. بەڵام نوقتەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ خەڵکیدا ئەوەیە گرنگیدانێتی بە دنیاو ژیان: مرۆڤێکە ئەیەوێت فێربێت، ڕۆحێکی گەڕۆکە. واتە پێش هونەرو داهێنان، ئەژی و دەگەڕێت . بەس من لێرەدا زیاتر لەوەی باسی گەران و ڕاستی و جوانی و شاهید بونی داهێنەر بکەم، ئەمەوێت باسی هەستی بکەم یان مەسەلەی دڵ وخۆشەویستی. دەبینین شاعیر لەلایەک هەستێکی ئێجگار فراوان و گەورەی خۆشەویستی تێدایە، لەلایەکی تریشەوە ڕۆئەچێتە پاڵەپەستۆیەکی ناوەکی و ئازارێکی بێبنەوە. ئەم پادۆکسە پانتایەکی فراوانی لە دیوانی دوێنێ تاریک بوو. دا داگیر کردوە.

پارادۆکس .لەدەقەکانی(عبدالقادرسەعید ) دا بەشێوەیەکی ئێستاتیکی کاری لەگەڵ ئەم پارادۆکسەدا کردوە وەک لە دەقی " بەهەشت و دۆزەخ" دا بەجوانی دەردەکەوێ. لێرەدا دەڵێ:


**سۆزانییەکان ، بەئاشکرا پێدەکەنن**

**بەنهێنی دەگرین،..**

**نیشتمان فرۆشەکان بە ئاشکرا دەگرین**

**بەنهێنی پێدەکەنن..**

دەبینین دووم مەفهومی دژە یەک لەدەقێکی شیعردا دەکاتە هاوەڵی یەک ، لێرەدا شاعیر هانای بردۆتە بەر کۆدو هێماو دەستەواژەگەلێک مەگەر لەحاڵەتی شیردنەوەدا بۆمان دەربکەوێ داخۆ ئەو چەمکە سۆزانیەک و نیشتمانفرۆشێک چۆن لە هاوکێشەیەکدا دێنەوە ئەمە ئەو شارەزایی و بیرکراوەیی شاعیر دەخاتە روو بەڕوونی ئەو پارادۆکسە نیشان دەدا . وەک لێرەدا دەڵێ ..نیشتمانفرۆشەکان بەئاشکرا دەگرین بۆ قوربانیەکان کە بۆ خۆیان بوونەتە جەلاد بەڵام دواتر پێیان پێ دەکەنن.. وەلێ سۆزانی کە لەشی خۆی دەفرۆشێ بە ئاشکرا




پێ دەکەنێ وەلێ دواجار بۆ حاڵی خۆی دەگری کە پاشەڕۆژێکی دروست نەکرد.
شاعیر بۆ شوێنێکی دیکە دەگەڕێ ،شوێنێک کە تیایدا دووربێ لە ترس و تۆقاندن ،دووربێ لە موعیزەو تەکفیرکردن لەهەردوو دۆخەکەشدا جووڵەکان کاریکتەرێکی سەرەکی دەربڕینە هەستییەکانە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی ئەم جێگەیەوە هەیە.

**هیچ ڕێگایەک**
**ناچێتەوە سەر هیچ سۆزانیخانەیەک**
**تەنیا ئەو ڕێگایەک نەبێت**
**ئەندازیاری هەژاریی**
**نەخشەی بۆ کێشاوە**

عبدالقادر سەعید لە دیوانە شیعرێکەی دەخوازێ مرۆڤ بەکاملی ژیان بگات ، لەڕێگای زمانی شیعرەوە دەیەوێ ئەمەتەوزیف بکات. واتە ئەگەرشعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن جیاوازترە..

شاعیر لە (دوێنێ تاریک بوو ) تێکشکاندنی واقیع و دەرکەوتەکانی، پیشان دەدات.
بەڵام ئایا چ شتێک دەتوانێت پەرە بەو فیکرە قووڵە بدات کە شاعیر بۆی دەکۆشێ .. ئایا تاکە جووڵێنەر و بەکاربەری ئەو فیکرە چییە؟ ڕەخنە چۆن دەتوانێت بەشداری لە گەشەسەندنی مەعریفی دا بکات.
ڕەخنە هێزی جووڵێنەری کۆمەڵگا و کەلتوورەکەیەتی.هەر کاتێ ڕەخنە توانی خۆی بگەیەنێتە ئاست پرسە واقیعییەکان وتوانای تێپەڕاندنی دۆخی واقیعی خۆی هەبێت. ئەگەر نا، لەو ئاستەی هەیە بگرە نزمتریش، دادەبەزێت. عبدالقادر سەعید لەڕێگای ڕەخنە واقیعیەکانیەوە لەو کەلتورە ڕزیوەی کۆمەڵگا دەدات و دەیەوێ لەڕێگای فیکرەوە واقیعی پۆست مێژووی **کۆمەڵگا تێپەڕێنێ.**

**هەروەک لە دەقی**
**(هەژاریی گیاکەڵەی باخێکە**
**تەنیا بەجوتیاری**
**وریا بنەبڕ دەکرێت)..!**

کۆمەڵگای ئەڵمانیا لە ڕێگەی فیکرەوە توانی (پۆست مێژوو/ post-history) تێبپەڕێنێت. بە هەمان شێوەی دەڵێت فەلسەفەی ئایدیالی

ئەڵمانـی درێژەپێـدەری مێـژووی ئەڵمانیایـە. لـەو کاتـەدا فەلسـەفەی ئەڵمانیـا لەژێـر هەڕەشـەی بەدرۆخسـتنەوە دابوو، بـەڵام لـە دیدی (مارکس) دا ئـەو ڕەخنانـە جگـە لـە چەنـد هەوڵێکـی رووکـەش، کـە بـە کەرەسـتە و دەسـتەواژەی تـوڕە و بەسـەرچوو ،هیچـی دیکـە نەبـوو.

لـەو بۆچوونـەی (مارکس)دا بۆمـان دەردەکەوێت ڕەخنـە تاکـە جوولێنـەری کۆمەڵـگا و کەلتوورەکەیەتـی. بـە سـەرنجدانمان لـە مێـژوو و کەلتـووری پێنجسـەد سـاڵەی ئەڵمانیـا، بۆمـان دەردەکەوێـت بـەردەوام فەیلەسـووف، ئەدیب و هونەرمەنـدی گـەورەی پێشـکەش بـە جیهـان کـردووە. مـاوەی چەنـد سـەدەیەکە کۆمەڵـگای ئەڵمانیـا سـاڵ لـە دوای سـاڵ تەکانـی گـەورەی بـە خـۆوە بینیـوە. بـە ئاسـانی دەتوانیـن میتـۆدە ڕەخنەییەکانـی ئەڵمانیـا بناسـینەوە.

بە هەمـان شـێوە ئـەم هاوکێشـەیە بۆ فەرەنسـایش هەر گونجاوە، بە تایبەت کاتێ بمانەوێت هەڵوێستە لەسـەر مێـژووی پێـش شـۆڕشـی فەرەنسـی بکەیـن. شـۆڕشـی فەرەنسـی سـاڵی ١٧٨٩ هـەر بـە تەنیا ڕووداوێک نییە، کە لـە ئەنجامی توڕەیی و هەژاریـی خەڵکـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، بەڵکـو زادەی هۆشـیاربوونەوە و گەشـەکردنی مەعریفی و ڕەخنەیی کەلتووری فەرەنسا خۆیەتی... بۆیە کاتێ نـاوی ئـەو شـۆڕشـەمان بـەر گوێ دەکەوێت، (ڕۆسـۆ)، (مۆنتیسـکۆ) و (ڤۆڵتێر)مـان بیر دێنـەوە. ئـەوان لـە ڕێگـەی خوێندنـەوە ڕەخنەییەکانیانـەوە واقیعـی ئـەو کاتـی کۆمەڵگایـان ڕووبـەڕووی تەکانی گـەورە کردەوە. لـەم ڕوانگەیـەوە دەتوانم بڵێـم ئاسـتی گەشـەی فیکری و مەعریفـی لەگـەڵ خۆیـدا گەشـەکردن لـە سرووشـت و شـێوەی ژیانـی تاکـەکان دەئافرێنێـت. کەلتـووری ئەڵمانیـا




و فەرەنسـا زادەی ئـەو هەوڵـە ڕەخنەییانـەن، کـە بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە بەرهەمیـان هێنـاون. تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی زمـان و فکـر و فەلسـەفە هەربۆیـە شـاعیر دەیـەوێ لەڕێگـەی ڕەخنـە گەلێکـی مەعریفیـەوە لـەو قۆناغـە چەقبەسـتوەی کۆمەڵگاکـەی بـدات ، تاوەکـو لـە ڕێـگای هوشـیاریی کۆمەڵایەتـی و هوشـیاریی ئەدەبـی ڕەخنەییـەوە کۆمەڵـگا قۆناغێکـی گەشـکردوی ڕەخنەیـی بێتـە ئـاراوە.

# ڕەخنەی ڕووخێنەر و بونیادنەر چییە؟



دڵزار حەسەن




**پێشگوفتار:**

**کتێبی (ڕەخنەی وەرگێڕان)**

**– شیعر وەک پێناسە**

– شیعر وەک وەرگێڕان) لە نووسینی (م. کەریم سۆفی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان ساڵی ٢٠٢١ چاپی کردووە. لەو باسەدا، خۆم لە بەشە جیاوازەکانی ناو ئەو کتێبە دەپارێزم، تەنها لەسەر پێشەکی کتێبەکە دەوەستم، کە نووسەر خۆی نووسیویەتی: پێشەکییەکی کورتە بەناوی (وتەیەک) لە دەسپێکی کتێبەکەیدا دایناوە. لەناو ئەو وتەیەشدا سەبارەت بە دوو زاراوە قسە دەکەم، کە نووسەر زۆر بە گرنگییەوە باسی کردوون. ئەویش (ڕەخنەی بونیادنەر) و (ڕەخنەی ڕووخێنەر)ە. هەر لە تەک ئەوەشدا دوو زاراوەی دیکە بەکاردێنێ وەک (ڕەخنەی میزانی) و (ڕەخنەی میزاجی) سەبارەت بە ڕەخنەی میزانی، نووسەر خۆی بەلایەنگری ئەو چەمکە دەزانێت، چونکە دادپەروەریی و ئەخلاق و ویژدانی تێدایە. نووسەر پێیوایە، ئەو ڕەخنەگرتنە میزاجییەی کە ئێستا زۆر باوە، گەورەترین بەڵایە بۆ دونیای ڕەخنەی ئەدەبی. چۆن لەو دوو زاراوەیە تێبگەین:

لە ناو نەریتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا، هەردوو زاراوەی ڕەخنەی (بونیادنەر) و (ڕووخێنەر) بە گرنگییەوە باسی لێوەکراوە. زۆر بە کورتیش پێناسەی (ڕەخنەی بونیادنەر) یان بەو جۆرە کردووە: ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە، بە مەبەستی باشترکردن و پێشخستن بەکاردەهێندرێت، نەک تەنها بۆ ڕەخنەگرتن، یان کەمکردنەوەی کەسەکە.

لە هەرە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕەخنەی بونیادنەریش ئەمانەن:

- دیاریکردنی کێشە بە ڕوونی.
- پێشنیاری چارەسەر، یان ڕێگای باشتر.
- ڕێزگرتن لە کەسەکە.
- بە ئامانجی گەشە و پێشکەوتنی.

دەروونشیکاران پێیانوایە ڕەخنەی بونیادنەرانە زیاتر یارمەتی مرۆڤ دەدا، لە هەڵەکان

فێربێت و کارەکانی باشتر بکات. هەرچەندە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئامانجەکە بەو زەقییە دیاری نەکراوە، بەڵام تا سنوورێک لە مانای چەمکەوە هاوبەشن. لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، زاراوەی (ڕەخنەی بونیادنەر) بۆ کرداری شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەق (وەک شیعر، چیرۆک، ڕۆمان) بە دیوە پۆزەتیڤەکەی:

- پیشاندانی هێزی دەقەکە.
- دیاریکردنی لاوازییەکان.
- پێشنیاری چارەسەر، بۆ باشترکردن.

زیاتر سوودی لێوەرگیراوە و ئامانجیش لەو کردارەدا، گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبیی نووسەرە.

بە دیوە نێگەتیڤەکەشیدا (ڕەخنەی ڕووخێنەر) بەو جۆرانە دەگوترێت کە:

- زیاتر سەرنج دەداتە خراپییەکان.
- کارەکەی بێ چارەسەرەکردنە.
- هەندێک جار توند، یان بێڕێزانەشە.

ئامانجی ئەو کارەش گەشەپێدان نییە، بەڵکوو تەنها ڕەتکردنەوەی دەقەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی تیۆرییەوە، لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا، زۆربەی قوتابخانە ڕەخنەییەکان (وەک کلاسیک، ڕۆمانتیزم، ڕیالیزم، سیمبولیزم، مۆدێرنیزم و فۆرمالیزم، مێژوویی، دەروونی...) هەوڵ دەدەن ڕەخنەیەکی بونیادنەر و زانستی پێشکەش بکەن، چونکە ئامانجی سەرەکی ڕەخنەی ئەدەبی، تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقە، نەک تەنها ڕەتکردنەوە و ڕووخاندن. با نموونەیەک، لە دەقێکی شیعری بهێنینەوە:

**( لە شەوی تاریکدا**
**مانگ بە تەنها دەگریا**
**دڵم وەک باخچەیەکی وشک**



**چاوەڕێی بارانە )**

بە( گوێرەی ڕەخنەی بونیادنەرانە:

- وێنەی "مانگ بە تەنها دەگریا" وێنەیەکی شاعیرانە و کاریگەرە.
- بەڵام وێنەی "باخچەیەکی وشک چاوەڕێی بارانە" زۆر بەکارهاتووە لە شیعرەکاندا، هیچ نوێکارییەکی تێدا نییە.
- بۆیە دەتوانرێت شاعیر بە وێنەیەکی تایبەتیتر، یان هەستێکی جیاواز و تایبەت بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی دەقەکە جیاوازتر دەرکەوێت.
- ئەگەر ڕەخنەگر هەستەکە بە وردی و زیاتر شی بکاتەوە و لە شێوەی پرسیار بڵێت: (بۆچی غەمگینە؟ چی ڕوویداوە؟)، کاریگەرتر دەبێت.
- دەبینین لەو لێکدانەوەیە، هێز و لاوازی هەردوو وێنە شیعرییەکە دیاری کراون و پێشنیاری باشترکردنش خراوەتە ڕوو.

لای بەشی زۆرمان بەوە دەگوترێت (ڕەخنەی بونیادنەر).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بە دیوێکی دیکە، ئەگەر هەمان دەق بدەینە دەست کەسێک کە بە شێوازی (ڕەخنەی ڕووخێنەرانە) خوێندنەوەی بۆبکات، دەڵێت:

• ئەم شیعرە ئاساییە و هیچ نوێکارییەکی تێدا نییە.
• وێنەکان باو و دووبارەبوونەتەوە.
• هەستەکەش لاوازە و کاریگەری نییە.

لێرەدا دەبینین تەنها خراپییەکان باس کراون، بێ پێشنیار و چارەسەر.

کورتەی جیاوازی نێوانیان بەو شێوەیەیە:

– ڕەخنەی بونیادنەر = شیکردنەوە + هەڵسەنگاندن + پێشنیار.

– ڕەخنەی ڕوخێنەر = تەنها ڕەتکردنەوە و خراپ باسکردن.

ئەگەر بمانەوێ نموونەی چیرۆکێک وەرگرین، بەو شێوەیە دەکەوێتەوە:

(هەژار کوڕێکی گوندی بوو، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی کتێب بوو. بەڵام باوکی، هەمیشە داوای لێ دەکرد: دەبێت یارمەتی بدات لە کێڵگەدا. هەژار لە نێوان خەونەکانی و فەرمانی باوکی یدا تووشی دوودڵی بوو، لە کۆتاییدا خوێندنەوەی هەڵبژارد، بەڵام باوکی لێی توورە بوو.)

لە دیدێکی (ڕەخنەی بونیادنەرانە)وە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بەو شێوەیە دەکەوێتەوە:

– بیرۆکەی نێوان خەون و فشاری کۆمەڵایەتی، بابەتێکی گرنگ و گەردوونییە.

– کارەکتەری هەژار بە ڕوونی دیارە، بەڵام هەست و حاڵەتی دەروونی کارەکتەر وەک پێویست شی نەکراوەتەوە.

– شوێن وەک (گوند و کێڵگە) باس کراوە، بەڵام وەسف و ژینگەسازییەکەی کەمە.

– ئەگەر گفتوگۆیەک لە نێوان هەژار و باوکی زیاد بکرێت، دراماکە بەهێزتر دەبێت.


– کۆتاییەکەی زۆر خێرا هاتووە، دەتوانرێت وردتر پیشان بدرێت کە بڕیارەکەی چۆن کاریگەری لەسەر ژیانیدا هەبووە.

ئەگەر وردبینەوە لە لێکدانەوەکە دەبینین، زۆر بە جوانی هێزی بونیادنەر دیارە و ڕێنماییش بۆ پێشخستنی دەستنیشان کراوە.

لەگەڵ ئەوەدا (ڕەخنەی ڕووخێنەر) شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت:

• چیرۆکەکە سادە و ئاساییە.
• کارەکتەرەکان قووڵ نین.
• کۆتاییەکەش سەرنجڕاکێش نییە.

دەبینین تەنها کەمو کوڕییەکان باس کراون، بێ چارەسەر. بە کورتی دەتوانین بڵێین: لە ئەدەبدا، ڕەخنەی بونیادنەر یارمەتی نووسەر دەدات باشتر بنووسێت، بەڵام ڕەخنەی ڕووخێنەر زۆرجار هەست بە کەمی دروست دەکات، بێ ئەوەی سوودێکی ئەدەبی هەبێت.





# خوێندنەوەیەک بۆ هۆنراوەی «دڵێکی ترساو»ی پەری قەرەداخی



**خوێندنەوەی: عەباس عەبدولڕەزاق**

**پێکهاتەی سۆزداریی دەقەکە؛**

دەقەکە لەسەر دووانەییەتێکی ڕوون بنیات نراوە: ترس لە بەرامبەر ئارەزووی دەرکەوتن، دەنگ لە بەرامبەر بێدەنگی، و خەون لە بەرامبەر شکان. ئەم دووانەییانە ئاڵۆزییەکی ناوەکی دروست دەکەن کە ستوونی شیعریی هۆنراوەکە پێکدەهێنێت. قسەکەر تەنها لە جیهان ناترسێت، بەڵکو لە سڕینەوەی بوونی خۆی دەترسێت ئەگەر ئاشکرا بێت. ترسەکەی ترسنۆکی نییە، بەڵکو هەستیارییەکی زیادەیە بەرامبەر بە جوانی و لەرزۆکییەکەی.

**وێنەی شیعری و ناسکییەکەی؛**

شاعیر کار لەسەر وێنەی ورد دەکات، کە پشت بە توخمە شەفافەکان دەبەستن:

ئەستێرە، هەور، بۆن، گوڵ، شەونم، بەرەبەیان، دەریا، قاوغ. ئەمانە تەنها توخمی سروشتی نین، بەڵکو هێمان بۆ خۆگرتنەوە و ناسکی.

فەلسەفەی ناسکی و شۆکی جیهان؛جیهانی دەرەوە لە هۆنراوەکەدا جیهانێکی "ژاوەژاو"، "ڕوخساری بەتاڵ"، "ماسکی قسەکردن"ە. ئەم جیهانە لە چەمکی بوونی ساختەی سارتەر نزیکە: جیهانێک لە ماسکەکان کە دانپێدانان بە بوونی کەسەکە نادات، بەڵکو ڕەسەنایەتیی لێ دەدزێت. لە بەرامبەردا، خودی شاعیر بە هەموو شتێکی بچووک، ناسک و شەفافەوە دەنووسێت. وەک ئەوەی دەقەکە بڵێت: مرۆڤ بە هێز ڕزگاری نابێت... بەڵکو بە نەرمی. لێرەدا ناسکی کێشە نییە، بەڵکو کەسایەتییە.

**دیارترین وێنەکان:**

"ئەستێرەیەک لە گوێمدا حەشار دەدەم." وێنەیەکە، کە گەردوونی و هەستی تێکەڵ دەکات، گوێچکە دەکاتە پەنجەرەیەک بۆ ڕووناکی. ئارەزووی گرتنی چرپەی گەردوونە.

"خەمە پەمەییەکەم... لە پشت پێکەنینەکەمەوە شۆڕ بووەتەوە."لێرەدا "پەمەیی" وەک تێکهەڵکێشێک دەردەکەوێت:خەمێکی جوان، ناسک، بریندار ناکات، بەڵکو سەرلێشێو دەکات. ڕەنگ دەبێتە زمانی دەروونی.

"وەک بۆنێکی شەرمەزار کە لە هەوا دەترسێت."



لێکچواندنێکە کە هەستیاریی زۆر وەک ناسکییەکی پێویست بۆ پاراستنی خود نیشان دەدات.

"دەنگی دەریا لە قاوغەکەمدا."وێنەیەکی کلاسیکییە، بەڵام لێرەدا بە ئەرکێکی نوێ بەکارهاتووە: دەنگەکە شاردراوەتەوە، لێڵە، تەنها لە شاراوەیدا گوێی لێ دەبێت.

هەموو وێنەکان پەشمینن، پشت بە نەرمیی وشەکان دەبەستن، نەک تیژێتییان، و ئەمەش لەگەڵ ناونیشانی دەقەکەدا یەک دەگرێتەوە.

**پێکهاتەی ئاواز (ئیقاع)؛**

دەقەکە پەخشانە، بەڵام خاوەنی ئاوازێکی ناوەکییە کە لەمانە دروست بووە:

دووبارە بوونەوەی جێناوەکان: دەمێنمەوە.. دەترسم.. بێدەنگ دەبم.. دەمێنمەوە.

دووبارە بوونەوەی کارە ناتەواو و تێکەڵەکان: شۆڕ دەبێتەوە، دەپارێزێت، دەشکێت، چاوەڕێ دەکات.

پەرش و بڵاوبوونی ڕستە کورتەکان کە لێکچوون بە چرپە دەکەن.

لێرەدا ئاوازەکە گۆرانی نییە، بەڵکو هەناسەییە؛ وەک ئەوەی شاعیر قسە ببڕێت وەک چۆن کەسێکی ترساو هەناسەی دەبڕێت.

**ئاماژەی دەروونی؛**

هۆنراوەکە لە سەرەتاوە ڕایدەگەیەنێت کە قسەکەر لە ناوچەیەکی نێوان-نێواندا دەژی: لە نێوان ئارەزووی ئاشکراکردن و ترسی ئاشکراکردن. لە نێوان لەدایکبوون و شکان. لە نێوان ئارامی و تەقینەوە.

خەم ڕەشی نییە، بەڵکو پەمەییە و ئەمە گرنگە.

ئەمە خەمێکی جوان، ڕێکوپێک، پارێزراوە بە داپۆشەرێک لە زەوق و شەرم. دەقەکە لە شوێنی خودی هەستیارەوە نووسراوە کە ڕەنگە بە وشەیەکی هەڵە وردوخاش بێت، بۆیەش، بە وشە دروستەکە خۆی ڕادەگرێت: (وشەیەک کە دەرگای ڕزگاربوون بۆ دەکاتەوە.)

ئەمە چاوەڕوانیی ڕزگارییە لە ڕێگەی زمانەوە.

**ئەرکی هێمایی سروشت؛**

لێرەدا سروشت پاشخان نییە، بەڵکو ئاوێنەی خودە:
هەور ـ ئارامیی هەڕەشەلێکراو.
شەونم ـ سۆزی کپ.
قاوغ ـ ماڵی ناوەوەی خود.
دەریا ـ دەنگی قووڵی سەرکوتکراو.
ئەم هێمایانە دیدگایەکی شیعری دادەمەزرێنن کە سیمای مێیینەیی بریقەداری هەیە و کاریگەریی قوتابخانەی چرپەی بەسەرەوەیە، لە ڕووی هەستیارییەوە نزیکە لە نازک مەلائیکە، و لە ڕووی بووحە ناوەکییەکەیەوە لە غادە سەممان، بەڵام بە شێوازێکی نەرمتر و جەستەییتر.

**دووریی فەلسەفی؛**

هۆنراوەکە لە ناوچەی نێوان دەنگ و بێدەنگیدا کار دەکات، و ئەم ناوچەیەش لە فەلسەفەدا ناوچەی بوونی ناسکە. مارتن هایدگەر ئەم ئاستە بە "ئارامیی بەشەرمانەی بوون" ناودەبات، کە تێیدا بوون بە ژاوەژاو خۆی ئاشکرا ناکات، بەڵکو بە چرپە.
هۆنراوەکە لەم بوارەوە هەناسە دەدات: "من" تێکنەشکاوە، بەڵام نەگەیشتووەتە تەواویش؛ هەڵواسراوە لە نێوان ئەوەی دەیەوێت بڵێت و ئەوەی لە گوتنی دەترسێت.
ئەم دوودڵییە بێهێزی نییە، بەڵکو هۆشیارییەکی قووڵە بە قورسیی دەرکەوتن.
دەرکەوتن، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، مەترسییە: هەموو شتێک کە دەردەکەوێت، دەشێت بشکێت.
بۆیە، شاعیر بەوەوە دەنووسێت کە نابینرێت:
بە ئەستێرەیەک لە گوێدا (دەنگی ڕووناکی)،
بە بۆنێک کە نایەوێت بڵاو بێتەوە، بە دەنگی دەریا لە ناو قاوغێکی بچووکدا.
لێرەدا بوون نهێنی بەسەر ئاشکراکردندا زاڵ دەکات، و "سێبەر بەسەر ڕووناکیی". ئەمەش فەلسەفەیەکی بنەڕەتی لە دەقەکەدا ئاشکرا





دەکات:کە جوانی تەنها لە ناوچەی پاسەوانی، لە سێبەری ناسکدا دەژی، پێش ئەوەی جیهان گڵاوی بکات.

دەقەکە پرسیاری بوونگەرایی بێ لێدوان دەوروژێنێت:واتای ترسان لە تەواوبوونی خۆمان چییە؟ ئایا بێدەنگی زمانە؟ ئایا ناسکی شێوەیەکە لە شێوەکانی هێز؟ ئایا وشە ڕزگارییە؟ لێرەدا ترس، ترس نییە لە کەسێکی تر، بەڵکو لە قورسیی دەرکەوتن و لەوەی کە شتەکە ناتەواو لەدایک ببێت. ئەمە ترسە لە خودی جوانی. لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، پێی دەوترێت "دڵەڕاوکێی ئەگەر." ترس لەوەی کە خود ئاشکرا بێت و بشکێت.

و لە فەلسەفەی جوانیدا، نزیکە لە بیرۆکەی fragility: جوانییەک کە تەنها لە سێبەردا دەژی.

**جوانیناسیی دەنگی کپ؛**

ناونیشانی دەقەکە "دڵێکی ترساو"ە، بەڵام بە دەنگێکی هێمن، خەیاڵاوی و دوودڵ نووسراوە. لێرەدا هاوار نییە، بەڵکو ئارامییەکە تێکدەشکێت. ئەمە دەقێکە کە پێی باشە: چرپە لەسەر هاوار، لەرینەوە لەسەر کەوتن، هیوا لەسەر لەدەستدان، چاوەڕوانی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە.

ئەمە وای لێ دەکات هۆنراوەکە سەر بە شیعری شەفافی بێت، کە تێیدا هێز لە نەرمی، و گێڕانەوە لە بێدەنگییەوە دێت.

هۆنراوەکە لەمانەدا سەرکەوتووە:

چڕیی وێنە ناسکەکان.

بنیاتنانی هەستێکی ناوەکیی یەکگرتوو.


بەکارهێنانی سروشت وەک ئامرازێکی دەروونی.

زمانێکی پەشمین کە لە بابەتەکەی دەچێت.

ڕەنگە پێویستی پێ بێت، ئەگەر شاعیر بیەوێت دەقەکە پەرە پێ بدات:

فراوانکردنی دیدگای "ترس" بۆ ئەوەی ببێتە ئەزموونێکی بوونگەرایی قووڵتر، یان هێنانی تێکهەڵکێشی بەهێزتر کە ململانێی ناوەکی نیشان بدات لە جیاتی تەنها چرپەکەی.

بەڵام بە شێوازی ئێستای، هۆنراوەکە گەوهەرێکی هێمنە، لەرینەوەی دڵ دەگرێت پێش ئەوەی جیهان گوێی لێ بێت.!



# پۆل پۆل دەڕۆن

## ڕۆیشتنێکی بەردەوام و...
## ئاوڕدانەوەیەک لەنیشتیمانێکی پڕلەتراژیدیا



خوێندنەوەی: عومەرحاجی/ ڕانیە

پۆل پۆل دەڕۆن ، دەقێکی تازەی هاوڕێ بەکر ئاڵەییە کە لە ژمارە پێنجی گۆڤاری نووسەری کوردا بڵاوبۆتەوە، سەرنجی ڕاکێشام کە ڕاڤەو خوێندنەوەیەکی بۆ بکەم شیعر بۆخۆی فەزایەکی فراوانە، شاعیران لەناو ئەو فەزایەدا گەڕیدەیەکی ماندوون دەیانەوێت لە ڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەکانیانەوە جوانییەکانی ناو ئەو فەزایە نیشانی دەوروبەریان بدەن، ئەوەش لە ڕێگەی زمانێکی شیعری و خەیاڵەوە دەتوانن وێنەی شیعری ناوازە ئافەریدە بکەن.

لە ڕاستیدا شیعر بریتیە لە وێنە گەر وێنە لە شیعر خاڵی بکەینەوە هیچ نامێنێتەوە ، گەر شیعر وێنەی جوان و زمانێکی ئاست بەرزی تێدا نەبێت، ئەوا دەقەکە دەقێکی سادەو ڕاستەوخۆ دەبێت

شیعری ڕاستەوخۆ ماناو مەدلولەکانی لای هەموو خوێنەران یەک واتا دەدات و دوور دەبێت لە هەموو هەست و چێژێکی ئەدەبی و ناتوانێ هەست و سۆزی خوێنەر بجوڵێنێ و دەقەکە لە ئاستێکی نزمدا دەبینرێت

بەڵام دەقی ناڕاستەوخۆ بە ئاسانی ماناو مەدلولەکانی خۆی نادات بەدەستەوە خوێنەر توشی قوڵبوونەوەو مانای جیاواز دەکات، ئەکات دەقەکە دەتوانرێ لە چەندین ڕەهەندەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت

دەقی پۆل پۆل دەڕۆنی بەکر ئاڵەیی لە سەرەتای دەقەکەوە تا کۆتایی دەقەکە هەست بەوە دەکەین کە ( الوحدة الموضوعية ) یەکێتی بابەت لەناو دەقەکەدا هەست پێدەکرێت شاعیر توانیویەتی چەندین وێنەی جیاواز بخاتە ناو بازنەیەکەوە کە هەموویان گوزارشت لە ڕەشبینی و
ناعەدالەتی دەکەن

شاعیر لەم دەقەدا ڕۆڵی فۆتۆگرافەرێکی دەست ڕەنگین دەبینێ بە کامێرا ( نا ) بەڵکو بە وشە وێنەی کۆمەڵێ مرۆڤی پۆل پۆلمان بۆ دەکێشێ پۆلێکیان ئەو مرۆڤانەن کە خەونەکانیان کوژراون زیندەبەچاڵ کراون

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پۆلێکی تر گەنجی نیشتیمانن لەبەر بێکاری و نەبوونی دادپەروەری سەری خۆیان هەڵدەگرن و ئاوڕ لە نیشتیمان نادەنەوە
پۆلێکی تر پۆلێ کاروانچی ماندوون بۆ لەتێ نان گیانیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان تا مناڵەکانیان برسی نەبن

گەڵای درەختەکان
**بەرگی ژنە ڕەشپۆشەکانی نیشتیمانن**
**بەئاگری بێ ئامانی دڵبەردەکان دەسوتێنن**

شاعیر لەم کۆپلەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە ڕێژەی زۆری تاکی کوردستان دەکات کە ڕێگەی ئازاد بوونی نیشتیمانەکەیاندا شەهید بوون بەراوردیان دەکات بە زۆری گەڵای درەختەکان لێرەدا شاعیر شارەزایانە گەڵای تەوزیف کردوەو توانیویەتی بۆ دوو مەبەست بەکاری بهێنێ، یەکەم بەمانای زۆری شەهید دووەم بەمانای گڕ گرتنی گەڵا دێت بەراوردی کردووە بەو هەڵسوکەوتانەی کە بەرپرسان بەرامبەر خانەوادەی شەهیدان ئەنجامی دەدەن چۆن دوای لە دەستدانی ئازیزەکانیان گڕ بەردەدەن لە هیواو ئومێدەکانیان


**کەس نیە دوعا بۆ مانەوەی ئاسمان بکا**
**کەس نیە لە تورەیی ئاسمان ڕانەکا**

شاعیر لە چەند دێڕێکدا پەنای بۆ میتافۆڕ و ڕەمز بردوە لە پێناو بەرزی ئاستی دەقەکەیدا، لێرەدا ئاسمان ڕەمزی هێزە گوزارشتە لەو دەسەڵاتەی کە سی و سێ ساڵە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە وڵات بەڕێوە دەبەن، شاعیر قسەی دڵی زۆرینەی هاوڵاتیانی کردووە کە دوعا بۆ مانەوەی ئەم دەسەڵاتە ناکەن



بەشێکی کەم نەبێت کە بەرژەوەندی خوازن، لە دێڕی دووەمدا شاعیر دوو بارە ئاسمانی بەکارهێناوەتەوە دووبارە ئاسمانی وەک ڕەمزی هێز بەکار هێناوەتەوە کە هاوڵاتیانی ئەم نیشتیمانە لە بێچارەیی و بێ دەرەتانیان تورەن و پۆل پۆل نیشتیمان جێدەهێڵن
ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاور لەم دەقەدا شاعیر لەچەند دێڕێکی کەمدا شارەزایانە توانیویەتی گوزارشت لە بەشێکی زۆری ئازارو مەینەتی سی و سێ ساڵەی میللەتەکەمان بکات ئەمەش ئەرکی شاعیری ڕاستگۆیە بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەکەی





## پۆل پۆل دەڕۆن

**شیعری: بەکر ئاڵەیی**

کەس نییە دەست بەباخچەوە بگرێ
کەس ئاوڕ لە پشکوتنی گوڵ نادایەوە
ئاوی سەربانەکان پڕن لە ڕۆحی مەزن
چۆڕ چۆڕ دەڕژێنە ناو زێرابەکان
گەڵای درەختەکان بەرگی ژنە ڕەشپۆشەکانی
نیشتیمانن بە ئاگری بێ ئامانی دڵبەردەکان
دەسووتێن
پۆل پۆل خەون ژێر گڵ دەبن
لەنێو ڕەوەزی تابووتەکان دەخەون
بە دیار هاتنی ئەوانیدیکەدا ڕاماون
کەس نیە دوعا بۆ مانەوەی ئاسمان بکا
کەس نیە لە تورەیی ئاسمان ڕانەکا

***

چاوم لێیە وردبوونی خۆم دابەشدەکرێ و چی
ڕەنگی ڕەش هەیە دێتە ناو بوونم
وەک خۆم یادگارییەکانیشم پەرت دەبن
وەک خەیاڵە کوژراوەکانی دایکم ڕۆیشتم
ژنێک دڵی خۆی بۆ کردمەوە هیچ بەهانەیەکی
بۆ ژیان تێدا نەبوو کوشتیان
چنارێک بە دیار خوێنی کاروانچییەکەوە
شەقشەقەی منداڵێکی ڕادەوەشاند
پۆل پۆل گۆرانییەکانی ماڵاوایی ڕۆیشتن
شەڕی نیگاو دەست بڵندکردنی خۆر ئاوابوون
ڕۆیشتن
دەتوانم چی بنووسمەوە بۆخۆم
تا دڵم بەرگەی ئەو هەموو ڕۆیشتنانە بگرێ !

***



# ئیستاتیکا و نۆستالیژیا لە نێو گێڕانەوەی هایکودا



**خوێندنەوەی: سەردارقادر**

پێش ئەوەی بێمە سەرشرۆڤە و ڕاڤەکردنی هایکویەکانی خاتوونادیە دەمەوێ سەرەتا سەرەقەڵەمێک بکەم بەدیاری خوێنەران:

دەڵێم ژن تەنیا بە خۆشویستی کەسی بەرامبەریاخود ڕێزگرتن وپەیڕەوکردنی هەندێک ڕێسا هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆ بەدەست نایەت، بەڵکولەڕاستیدا دان نان بە دۆزی ژندا و پێدانی سەرجەم مافەکانی ئەوسا دەتوانین بڵێین بووە بە دەنگێکی سەربەخۆ

پاشان ئەگەر هوشیاری و ڕۆشنبیری و خوێندنەوە بکرێتە پێوەری سەرەکی بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆژنان،ئەوا بە دڵنیایەوە هەنگاونانە بەرەو شارستانیەت ، کەواتە ئەگەر ئێمە نەتوانین لەم ڕووەوە خۆمان بگۆڕین یاخود بەخۆمانا نەچینەوە

ئەوا هەرگیز هیچ بەربەستێک و لەمپەرێک تێناپەڕێنن، لەسەروی هەمووشیەوە گەر نەهێڵێن ژنان بەئازادی بیربکەنەوە، ئەوا ژنگەلێکی شەرمن و داخراو دێنینە بەرهەم، منیش دەڵێم کاتێ ژنێکی ڕۆشنبیر قەڵەم بە دەستەوە دەگرێ، ئیدی ڕاوکەر دەستی شل دەبێت چیتر ناتوانێت تفەنگ وەک جاران هەڵبگرێ و قەرەوڵ لە دایکی بێچووە ئاسکی شیرەخۆر بگرێت. کاتێ ژن وەک بووکەسوورە لە پێدەشتی ژیاندا بە چەندین ئاوازی خۆش دەخوێنێت، ئیدی نیشتمان سەرتاپا دەبێتە گوڵستانێک، بۆ گەمە و یاریی هەزاران منداڵانی بێناز و پۆل پۆل بە دەم خەندەوە گوڵی ئازادیی تیا دەچنن.

هەندێک جار ژن، خودی خۆی شەکرەمێیەکە، هەبوونی وەک شیعری ناسک و موسیقای دڵبزوێنە. ڕۆشتن و ڕوانینی شیعری لێ دەتکێت. دەست و دڵی باوەشێک شیعرە. تەنانەت خەندە و پێکەنینیشی شیعرە، کەروێشکەی پرچی بەدەم باوەوەک لەرەی ئاوی کانی ئاوازی لێدەڕژێ. بێ ئەوەی بزانی ئەو ژنە کێیە، یاخود بزانی ناوی چیە، کەچی خەیاڵەکانی لە نێو ئەندێشەی تۆدا بۆن و بەرامەی وەک گوڵی

شەوبۆ دەگاتە لات.

بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین: دێڕ و دەنگ و خامەی ژنانی کوردیش لەئێستادا هیچیان لە ژنەشاعیرە ناودارەکانی جیهان کەمترنییە. خۆشبەختانە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر و شاعیران بە خامە ڕەنگینەکانیان هاتوونەتە ناو مەیدانی نووسین و داهێنان، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبخانەی کوردییان بە چاپ و بڵاوکراوەکانیان هێندەی تر بووژاندۆتەوە. ئیتر لەوساتە بە دواوە، ژنانی کۆمەڵگای کوردستانیش دەکەونە ناو ئەم بازنە گەورەو بەرفراوانەی ئەدەب و وێژەی کوردییەوە.

هەر لەم هەڵکشان و داکشانەدا لە باشووری کوردستانیش شاعیرانێکی وەک؛ خورشیدە بابان، زەینەب خانی خوشکی دڵداری شاعیر، جیهان ئاراپاوەیی، ژیلاحوسینی، دایکی سۆلاڤ، ڕۆژ هەڵەبجەیی، سەرگوڵ خانمی بابان و... هتد، بەردەوام لە هۆنینەوە و دانانی شیعری کلاسیک و شیعری سەربەست و کورتەشیعر، تا دەگاتە هایکو و ئەدەبی منداڵان، گرنگییان داوە بە ئەدەب و وێژەی کوردیی و سەرکەوتوانە هاتوونەتە مەیدان، و گەلێک کاری باش و نایابیان کردوە. بەمەش بووژانەوەیەکی هێجگار بەرچاویان دەست پێکردووە.

لەم پێناوەشدا زیاتر لە هەر ژانرێکی تر، ژانری شیعر زۆرترین کاریان لەسەر کردوون کەواتە ئەگەر لەهەر شوێنێکی جیهان ڕێگە بدرێت ژن ئازاد بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێت بە خاوەنی پێگەو کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی. هەرگیز ناتوانرێت "وەک ناقس ئەقڵ" یاخود بێئرادە و بێهێز لە قەڵەم بدرێت! بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ژنێکی بەرپرسیارو سەرکەوتوو



دەردەچێت. چ بەرامبەر بە ژیانی خۆیی و چ مێژووی نەتەوەکەشی.

دریخا، ئێمە لەم ڕووەوە خۆمان هۆکاری سەرەکیین بۆ دروستبوونی ژنگەلێکی بێهێز و بێیرادە و هەرخۆشمان ئەو جۆرە ژنانە پەروەردە دەکەین و دواتر هەر خۆشمان سەرکۆنەیان دەکەین، کە چەند زەلیل و دەستوپێ سپین. لەگەڵ ئەمەشدا بە بەردەوامی دەیانچەوسێننەوە، تا هەرگیز لە هیچ بوارێکدا نەشونمانەکەن.

کەواتە تا ژن ئازاد نەبێت، ژیان لە تراویلکەیەک زیاتر نییە و نابێت. بەڵام بەپێچەوانەوە، کە ژنێک فێر بوو بە هیواوە بژی،


ئەوسا بەدەم خەندەوە عەشق وەک ئازادی تەفسیر دەکات. بێ ئەوەی گوێ بە هیچ ئازارو

ئەندێشەیەکی خۆی بدات هەموو ساتێک بارتەقای باڵاو بەرزیی شاباڵی تەوارێک بڵندتر بۆ خەونەکانی دەڕوانێت و بەردەوام لەناو ئاسمانی چاوەکانیدا لەنگەردەگرێت.. خۆشبەختانە یەکێک لەو ژنە سەرکەوتوانەی کە دڵخوازانە خۆی کردوە بەدەستە خوشکی فۆڕمی هایکو خاتوو (نادیە) یە کە بەعەشقەوە توانیویەتی شێوازی خۆی لە نووسینی هایکو و فۆڕمەکانی تری شیعری ژاپۆنی وەک هایبوون و تانکا و تایکوون و هایگاو سینریودا بدۆزێتەوە، بەمەش توانیویەتی وەک ژنێکی کورد جێ پەنجەی لەسەرئەدەبی کوردی جێبهێڵێت چ لە ناوەوە وچ لەدەرەوەی کوردستان ، لە دیدگای خاتوو نادیەدا هایکو بونیادنانەوەی ڕێبازێکی ئەدەبی ترە بۆیە لە گۆشەنیگایەکی شاعیرانەوە بەردەوام بۆ دروستکردنی فەزایەکی هونەریانە لەنوسیندا توانیویەتی بەکەمترین وشە دەرفەتێکی تازەتر بئافرێنێ بۆئاوێتەبوونی ژیان، بەردەوامیش لەهەوڵی ئەوەدایە هایکو وەک بەشێک لە خەندەو پێکەنینی سروشت وژیان نیشان بدات .

خاتوو نادیە وەک ژنێکی سەرکەوتوو خەیاڵەکانی خۆڕسکانە لەناوناخیەوە هەڵدەقوڵێت، هەندێ جار وەک تۆوی گەنم لەناو کێڵگەی شیعردا چەکەرە دەکات و دیسانەوە هەستەکانی خۆی ڕاڤە دەکات بۆ تەواوی ژنانی هەموو جیهان ، جا ژن چی هەیە بۆ دەربڕینی ناوەوەی جگە لە زمانی شیعرو گۆرانی نەبێ؟ زمانیش لای هەر ژنێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دەربڕین بەتایبەت لای شاعیرانی ژن کە شێوازێکی تایبەتر بە خۆیان هەیە، ئەگەر زمان یان دەربڕین تاکە جیاوازی شیعرەکانی خاتوو نادیە نەبێت، ئەی دەبێت چی تر بتوانێت دیدگایەکی شاعیرانەی تێدا نیشان بدات، یاخود لەکانی هەستیەوە لەبری ئاو وشەی بۆنداری تیا هەڵقوڵێت؟

لێرەدا خاتوو نادیە بە زمانێ کوردی شیرین وەک ژنێکی سەرکەوتوو دەیەوێت بە جوانیەکانی هایکو هەستەکانی خۆی بخاتە ناو ناخی ئێمەوە بە هەمان ڕادەش دەیەوێ لەڕێگەی ئیستاتیکاوە قوڵ یادەوەریەکانمان بەبیربێنێتەوە .

خاتوو نادیە لە نوسینەکانیدا پێمان دەڵێ نەک بەدوای خەونێک، بەڵکو بەدوای چەندین خەونی جیاجیا زۆر هونەریانەو شاعیرانە. مەبەستێتی هونەری هایکو وەک شێوەکارێک لە نیگارەکانیدا چاولێبکات.



بە بۆچونی من خاتوو نادیە مەبەستێتی لەم هایکوانەدا زمانی شیعری بەفۆڕمێکی تر نۆژەن بکاتەوە بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی هەرهایکویەکی تازە هەست بە فێنکاییەکی دڵ نەرم دەکەین کە زۆر شاعیرانە ئەو جوانیە ئاوێتە بەخوێنەران دەکات لەهەمان کاتیشدا هانی خۆشی دەدات جوانترو جوانتر خەیاڵەکانی بنوسێ.

دۆستۆیڤسکی لە ڕۆمانی شەیتانەکاندا لە لاپەڕە ( ٢٨٢) دا دەفەرموێ: "هەر ژنێک بڕواتە ناو کەژاوەی هاوسەرگیرییەوە، شتێک لە ڕابردووی مێردەکەی وەک چەکێک بۆ کاتی گونجاو دەهێڵێتەوە."

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم دەستەواژەیەی دۆستۆیڤسکییەوە، خاتوو نادیە هەم وەک دایک و هەم وەک هۆزانڤانێکی ئەفسانە، شیعری وەک یادگارییەکی جوان هێشتەوە بۆ ڕابردووی خۆی، نەک تۆڵە و قین. کەواتە دەتوانین بڵێین: هیچ شتێک لای ژن خەیاڵ نییە، وەک دەوترێت قسە قسەی لێدەبێتەوە، بەدڵنیاییەوە شیعریش شیعری لێدەکەوێتەوە. کوتومت وەک شاژنەکەی هەیبەت سوڵتان، کە ئاوازی شیعرەکانی لە ناو دارهەنارەکانی دۆڵی هیران و نازەنینەوە، تا لوتکەی زاگرۆس و هەڵگورد دەشەکێتەوە.

بەڵام بە چەندین فۆڕمی جیاواز، چەندین مەبەست و ژانری جیاواز، ئەوین و عەشقمان بۆ دەئافرێنێت.

شاعیر و هونەرمەند " خاتوو نادیە" کێیە؟

- ناوی سیانی (نادیە کەریم حمد)ە ؟.

لە شاری کۆیە لەدایک بووە ١٤-١٢-١٩٦٠.

خاتوو نادیە کەریم یەکێکە لە ژنە هونەرمەند و شاعیرانی جیلی ئاڵتوونی گەلی کورد. ئەو شاعیرێکە هەمیشە بۆ خۆشەویستی عەشق دەنووسێت. بە ئاستەم دەتوانیت بۆنی شتێکی تر لە شیعرەکانیدا بدۆزێتەوە.

نادیەخان، وەک کچی باوکودایکێکی بە ڕەچەڵەک کورد، لە خێزانێکی ڕۆشنبیردا گەورە بووە.

بەو هەست و ئیلهامەی کە خۆرسکانە لە ناخی دابوو، شەیدایانە دێت و هێدی هێدی هەناسە بۆندارەکانی دەڕژێنێتە سەر کاغەزە سپییەکان.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ساڵی (٢٠١٧)دا وەک قەڵەمێکی تازە لە نێو گوڵدانی ئەدەب و گوڵەحاجیلەکانی دەشتی هاموون، پێنووسەکەی ئاوێتەی بۆنی عەتر و شیعری کوردی دەکات. ئازادانە و هەمەچەشنە لە وێناکردنی شیعردا دەستپێدەکات،

لە ساڵی (٢٠١٨)دا یەکەمین بەرهەمی شیعریی بە چاپ دەگەیەنێت، بە ناوی (تەلیسم)، کە بریتییە لە (١١١) لاپەڕە. (٧٥) شیعر و (٨١) هایکو، (٥٩) چوارینە شیعر لەخۆدەگرێت.

پێشکەشی دەکات بە ڕۆحی ئەو ژنە شەهیدانەی کە بە هەر ڕووداو و کارەساتێکی دڵتەزێن گیانیان لە دەست داوە. یاخود بە دەست زوڵم و ستەمی کۆمەڵگاوە بوون بە قوربانی.

لە هەمان ساڵی (٢٠١٨)دا دووهەمین بەرهەمی شیعریی بە ناوی (تەزبیحی قەزوان) بە چاپ دەگەیەنێت. کە بریتیە (١٠١) لاپەڕە، وەک تەزبیحی قەزوانیش (١٠١) کورتەشیعر پێکهاتووە لە فۆرمەکانی هایکو، سینریو، تانکا، هایبوون.

لە ساڵی (٢٠٢٠)دا سێهەمین کتێبی لەلایەن یانەی هایکوی کوردییەوە کاری بۆ دەکرێت و (٧٠) دەقی هایکو لەخۆدەگرێت، بە ناوی (ئەستێرە چاو دادەگرێ) لە (٧٣) لاپەڕەدا ئەویش بە چاپ دەگەیەنێت.

لە ساڵی ٢٠٢١دا چوارەمین بەرهەمی، کتێبێکی هایگایە، شیعر لە فۆرمەکانی هایکو و سینریۆ بە ناوی؛ ( بەفر لە هەور دەترسێ ) بە چاپ دەگەیەنێت.

کتێبی هایگاکەی (١٠٤) لاپەڕەیە (١٠٠) هایکو لە خۆی دەگرێت، جوانی و ناوازەیی ئەو کتێبەی هایگا لەوەدایە وێنەکانی دەقی هایگاکان بە دیزاینێکی جوان و ڕەنگاوڕەنگ




بە دەست و پەنجەی شێوەکاری ناوداری کۆیە مامۆستا (عادل زرار) کێشراون و تێکستی هایکوکانی بە قەبارەیەکی گەورەتر و بە دەست نووسراونەتەوە.

لە هەمان ساڵی (٢٠٢١)دا پێنجەمین بەرهەمی شاعیر کە شیعر و پەخشانە لە فۆرمەکانی تایکوون، هایبوون، تانکا، هایکو، سینریو، هایگا، بە ناوی (دڵ ئاوازی ژیان دەژەنێ) بە چاپ دەگەیەنێت. وەک یەکەم کورد لە کوردستان کارکردنی لەسەر هەر شەش فۆرمی ژاپۆنی لەم کتێبەدا، شوێنێک بۆ خۆی دەکاتەوە.

نادیەکەریم؛ جگە لەوەش وەک دایکێکی میهرەبان (٢٢) شیعری بۆ منداڵەکانی نووسیوە، لەم کتێبەدا لەژێر ناونیشانی (بە خامەی دایکێک)، (٦١) شیعریش شوێنی خۆی تیا کردۆتەوە، (١٤) نانۆشیعر، هەشت تایکوون، چوار هایبوون، هەشت تانکا، بیست و هەشت هایکو لەگەڵ سینریو، پێنج هایگا، کتێبەکەی جوانتر کردووە.

هەرچەندە نادیە خان، لە هەندەران دەژی، بەڵام بەردەوام لەگەڵ ئازاری خەڵکەکەی و میللەتەکەیدا ژیاوە، بە جەستە لە هەندەران، بە دڵ و ڕۆحی لای نیشتمانە بچووکەکەی بووە، شاری کۆیەی هەمیشە جوان، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٣) لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا، گرووپێک پێکدەهێنێت لە ژنان و لە پیاوان، لە سوید، هەر خۆشی سەرپەرشتی دەکات، بە ناوی (گرووپی هانا بۆ تووشبوانی شێرپەنجە) پارە کۆ دەکاتەوە و دەینێرێت بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە شاری کۆیە، بە هاوکاریی کارمەندەکانی نەخۆشخانەی کۆیە، دەستنیشانکردنی نەخۆشەکانیش لە لایەن دکتۆر "دەوەن حەویزی"یەوە دەکرێت، تەمەنی گرووپی هانا گەشتە ساڵێک و بۆ ئاییندەش بەردەوام دەبن.

بابەت و بەرهەمە لەچاپ دراوەکانی خاتوو نادیە

١_ ئەستێرە چاودادەگرێ
٢_بەفر لە هەور دەترسێ
٣_تەزبیحی قەزوان
٤_دڵ ئاوازی ژیان دەژەنێ
٥_ تەلیسم

خاتوو نادیە دەیەوێت بەم عەشقەوە خوێنەری کورد ڕاکێشێتە ناو جیهانی هایکو ، لەگەڵ ئەمەشدا دەیەوێت جیهانێکی تایبەت بەخۆی لە ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەو دەرەوەدا بخولقێنێت ئەوسا بەئاسانی بەنێو هەردوو جیهاندا لەشەقەی باڵ بدات ئەوەی کە لە ناوناخیایەتی پێشکەشی بکات، بەڵام ئەو بە سەلیقەوە ووشە دەچنێ ئەو لەم هایکویانەدا بیری لەوە کردووەتەوە ئەم ژانرە پڕ لە ئەفسونە جیاوازتر بخولقێنێتەوە، بگرە (باشو) شاعیری ژاپۆنی بەڕادەیەک لە ناو خۆیدا تۆختر دەبینێتەوە کە بڵێن وەختە لە نێو جیهانی ئەم ژانەرەدا خەیاڵەکانی بەهێزتر لەشەقەی باڵ بدات! کەدڵنیام خاتوو نادیە وزەی بەهێزتری پێیە بۆ ئافراندنی هایکوی کوردی واتادارکە بەو شێوازەی خۆی مەبەستیەتی دەینوسێت لەسەرجەم ئەو کتێبانەی کە وەک هایکو نوسیونی زۆر بە جوانی وێنەی شیعریی و ئیستاتیکی دەبینرێت، کە هەندێکیان خوێنەرو هەوادارانی هایکو دەخرۆشێنن بەتایبەت لە کتێبی (بەفرلە هەور دەترسێ ) شاعیرزۆربە جوانی توانیویەتی فەرمان بکا بە بەفرحیکایەتی






ترس بۆهەورەکان بگێڕێتەوە .

لەم کتێبەدا هێزی زمانی شیعریی و شیعر هێندە بەجوانی دەردەکەوێت کەدەتوانێ بۆ دروست کردنی هایکویەک هەزاران ووشە بدۆزێتەوە برگە لەدوای برگە بەهەزاران شێوە وەک تیشکی کاکێشان دەدرەوشێتەوە، ئەو ژان و هاوارەی خاتوو نادیە لەم هایکوانەدا دەیانخاتە نێو خەیاڵەکانیەوە هەروا سادە و ساکار نیە ، بەڵکو وەک شەویار گوڵابی لەئەندێشەی هایکودا سۆراخ بۆعەشقێکی نەبڕاوە دەردەبڕێت و پاشان بەئەوینەوە دەنوسێ، بەفر وەک ڕەوە پەپولەیەک هەمیشە بە نێو چەمکەکانی ترسدا دەفڕێ .

بەبۆچونی من هایکو ، تانکا، و هایگاکانی خاتوونادیە سەرچاوەکەی خەیاڵێکە یاخود ئەندێشەیەکە ڕێک لە مەعریفەوە هاتووە، یاخود لە ناو ڕامان و قوڵبوونەوەی شاعیرەوە هاتووە، کە لە ناو قوڵایی سروشت و دەورووبەرەکەی ئافراندوویەتی.

پاشان وێناکردنەوەی ئەو جیهانە پڕلە ڕۆمانسیەتە کەلە ڕێی شیعرەوە، دەکەوێتە بەرچاو بونیادێکی ئەدەبییە لە قوڵایی هەستەکانیەوە دروستی کردووە بەجۆرێک شەپۆلی داوە کە بڕژێتە نێو وشەکانیەوە ، بۆ نمونە لەم هایکویەدا لەلاپەڕە (٧) کتێبی بەفر لەهەوردەترسێ خاتوو نادیە دەڵێ:

خەنە بەندانی ڕەنگە "
خەنەی سووری لە قژداوە
درەخت !

لە کۆتایەکانی مانگی خەرماناندا بەشێک لەدرەختەکان ڕەنگیان دێتەوە بەرئەویش بەهۆی دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژەوە کە بەجارێ کەش و هەوا دەگۆڕێ ووردەووردە شەوەکانی فێنک دەبێ بەتایبەت ئەم ڕەنگە خەنەیە لە سورەچنارەکاندا زۆربەجوانی دەبینرێ کە بەڕۆژ کەکاکۆڵیان بەدەم خۆرە دەدرەوشێتەوە هەروەها پێشینانی ئێمەش وەک پێشبینی سوربوونی سەرتۆپی دارچنارەکانیان بە هاتنی زستانێکی سەخت و سارد لێک داوەتەوە ئەویش وەک ئەزمونێک ، پێدەچێت خاتوو نادیە ئەمەی نەزانیبێ بەڵام لەڕاستیدا جوانترین وێنە و دیمەنی بە فۆتۆی چاوەکانی گرتووە بەڵام بەبۆچوونی من زۆر جوانتر

دەبوو ئەگەربیوتایە :

خەنە بەندانی ڕەنگە،
خەنەی سووری لە قژداوە
سوورە چنار!

دیسانەوە لە لاپەڕە ( ٦٢)دا لە کتێبی
بەفرلەهەوردەترسێ دەڵێت
چاوی ئەبلەقە"
بەدوای کوێستاندا دەگەڕێ،
گوڵی نێوبەردا!

زۆر جاربەڕێکەوت سروشت یاخیی دەبێ لەوپەڕ سەرکێشیداگوڵێک یاخود درەختێک لەسەر بەرد دەڕوێنێ ، تەنانەت هەندێ جار لەسەرجادەی قیریش زۆرسروشتیانە گوڵ یاخود ڕوەکێ سەردەکات بەدەم شنەی باوە خۆی نیمایشت دەکات، بێگومان هەریەک لەئێمەش بەڕێکەوت ڕۆژێ ئەمەی دیوە زۆریش پێی سەرسام بووە، هۆکاری ئەم سەرسام بونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،چونکە مرۆڤ هەر چەندخۆی بە کارامەو زیرەک بزانێ ناتوانێ گوڵ یاخود درەختێک لە سەر بەرد بڕوێنێ. لێرەدادەردەکەوێت خاتوو نادیە بەرێژەیەکی زۆر عەشقی سرووشتی تێدایە بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەرچی مرۆڤ نەیتوانیوە گوڵ لە نێو بەرد بڕوێنێ ئەوا خاتوو نادیە وەک یەکەمین ژن توانیویەتی گوڵ لەسەربەرد بڕوێن.

ژنێک ئاوێتە بە فۆڕمی (هایگا) خاتوو نادیە بەدەرلە ژانری هایکو توانیویەتی کارلەسەر چەندین فۆڕمی تربکات وەک تایکوون ، هایبوون ، تانکا، سنیریو، هایگا.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئەندێشەکانی خاتوو نادیە لە سەر(هایگا) زۆربەجوانی گەشەی کردوە، خۆشبەختانە ساڵی (٢٠٢٠)دا پێنجەمین بەرهەمی شاعیر کە شیعر و پەخشانە لە فۆرمەکانی تایکوون، هایبوون، تانکا، هایکو، سینریو، هایگا،



بە نـاوی (دڵ ئـاوازی ژیـان دەژەنـێ) بـە چـاپ دەگەیەنێـت. وەک یەکـەم کـورد لـە کوردسـتان کارکردنـی لەسـەر هـەر شـەش فۆرمـی ژاپۆنـی لـەم کتێبـەدا، شـوێنێک بـۆ خـۆی دەکاتـەوە.
هەوادارانـی ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە، چ لـە ڕێگای خوێندنـەوە وە یاخـود ئـەو کتێبانـەی بـۆ (هایگا) نووسـراون، هەندێکـی تریـش لەگـەڵ سـایت و پەیجـەکان پێـی ئاشـنان مەیلیـان هەیـە بۆخوێندنـەوەی ، خاتـوو نادیـەش وەک یەکەمیـن ژنـی کـورد لـە کوردسـتاندا ئەوینداری ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە دەبێـت و عاشـقانە مەشـق لەسـەر (هایگا ) دەکات لەپـاش هـەوڵ و ماندووبونێکـی زۆر، بـە خـەون و ئاواتـی خـۆی دەگات و خۆشـبەختانە لـە کتێبـی (هەورلەبەفردەترسـێ) بـە شـیعری (هایگا) دەڕازێنێتـەوە،وەک ژنێـک لـە پرشـنگی تاڤگـە و ئەڤیـن و کوێسـتانێک پـڕ لـە گوڵەشـلێرە. دەبێـت بـە تۆپەڵێـک گۆرانـی و ئـاواز، ئیتـر هاوشـێوەی چریکـەی بووکەسـوورەکانی پێدەشـتی هەولێـر و قاسپەقاسـپی کـەوی سەرشـاخەکانی شـاخی هـەورێ، لـە ناخـەوە ئاوێتـەی ئـاوازی بـاران دەبێـت و بـە ئەفسـوونەوە کێومـاڵ دەکات.
ئـەو سـاتەی دەسـت بـۆ قەڵـەم دەبـات، هـەر پارچـەک لـە لەشـی دەبـێ بـە پشـکۆ، بەهەرلایەکدا بڕوانـێ ئاسـۆی شـیعری لـێ دیـارە وئـەو ئـەم ژانـرەی وەک دڵخۆشـیی و خەنـدەی منالێـک دێتـە پێـش چـاو. ئەوسـاتەی لێکدانـەوەی شـیعر،و زمـان، وێنـا، مۆسـیقا، ئەندێشـە، وشەسـازی، پانتایـی مەعریفـە دەکات، بەجـارێ بەهـەزاران ئینێرجیـی لـە ناوجەسـتەیدا وەک ترپـەی دڵ دەکەوێتـە سـەما، ئـەو بـە دەرونێکـی کەیلـەوە دەنووسـێ، گەلـێ جاریـش شـیعرخۆی دەکات بـە پەروانـە و بـە دەوری تیشـکی چاویـدا بـێ



پـەروا دەخولێتـەوە. یاخـود کاتـێ شـیعر تێکـەڵ بـە خەونـە ژنانەکـەی دەبێـت، ئیتـر گـوێ لـە دەنگـی هیـچ کونەپەپوویـەک ڕاناگرێـت، هێـدی هێـدی بـە دڵێکـی عەشـق و ئەوینـەوە بـە سـەر وشـەکانیدا دەنووشـتێتەوە، هەنـدێ جاریـش وەک کۆترەباریکـەی بەرهەیـوان بـە گمەگـم کازیـوە لـە خـەو هەڵدەسـتێنێ، گزنـگ لـە لوتکـەوە لەبـەر خۆیـەوە دەڵـێ: خۆزگـە هەمـوو بەیانییـەک منیـش وەک سـەردەمی کازیـوە بـە دەنگـی ژنێکـی شـاعیر بێدار دەبوومـەوە، لـە ژێـر باڵـی یەکەمیـن تیشـکی زێڕینـەوە نامەیەکـم بـۆ گوڵـە خـۆر دەنـارد، پێـم دەوت: بەیانییـت بـاش، ببـوورە کەمێـک داوکەوتـم.
پێناسـەی (هایگا) چییە؟!
هایـگا فۆرمێکـی هونەرییـە تێـدا وێنـە و دەقـی



شیعری هایکو دەبێت بەیەک. وشەی (گا) بەمانای وێنەکێشان دێت، ئەو کاتە هایگا دەبێت بە وێنەکێشانەوەی (هایکو)
کاتێک دوو هونەری نووسین و وێنە تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن. وێنە شیعرێکە واتا قووڵبوونەوەیەکی زیاتر دەبەخشێت. ئەم فۆرمە شیعرییە لەلای ژاپۆنییەکان لە کۆنەوە سەری هەڵداوە. هەوادارانی ئەم ژانرە ئەدەبییە، لە ڕێگای خوێندنەوەو ئەو کتێبانەی بۆ هایکو نووسراون، لەگەڵ سایت و پەیجەکان پێی ئاشنابوون. خاتوو نادیەش وەک یەکەمین ژنی کورد لە کوردستان ئەوینداری ئەم ژانرە ئەدەبییە دەبێت و عاشقانە مەشق لەسەر (هایگا ) دەکات لەپاش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر، بە خەون و ئاواتی خۆی دەگات و خۆشبەختانە کتێبی (دڵ ئاوازی ژیان دەژەنێ) بە شیعری (هایگا) دەرازێنێتەوە
بۆنمونە لەلاپەرە (٣٧) دا لەکتێبی( دڵ ئاوازی ژیان دەژەنێ) دەڵێت:

لەپاقلاوە دەچێ "
شەکری لێدەرژێ،
کتێب!

خاتوو نادیە لەم هایگایەدا زۆر بە تێڕوانینی فۆتۆگرافیانە وێنەکانی دەچرکێنێ بۆیە چواندنی کتێب بەپاقلاوە تابلێی وێنەیەکی جوانە چونکە پاقلاوە هەرچەند بەقەبارە بچووکە بەڵام زۆرشێوەی لەکتێب دەچێ بەتایبەتی ئەو هەویرە نەرمەی کەلەشێوەی پەڕە ی دەفتەرناسکترە چین لەسەر چین لەسەریەک دانیشتوون زۆر لە پەڕەی کتێب دەچێ کە داخرابێ بۆیە خاتوو نادیە پاقلاوەی بە کتێب چواندووە کە کتێبی باش جگەلەوەی هێزە ، چێژە ، بەڵام لەهەمان کاتدا شەکری لێدەرژێ ، گەرچی ئەم وێنەیە پڕاو پڕجوانە بەڵام بەدیدی من گەلێ جوانتردەبووشانەی هەنگوینی وەک کتێبخانە وێنا بکردایە: چونکە شانەی هەنگوین زۆر لەکتێبخانە دەچێ کەپڕبێ لەکتێب وەک ئەم نمونەیەی خوارەوە

لەشانەی هەنگوین دەچێ"
شیلەی لێ دەتکێ ،
کتێب!

دیسانە لەهەمان کتێبدا لەلاپەڕە (٣٩) دا دەڵێت:

لەقامیشە شەکرێ "
بانگت دەکەم ،
شیرینەکەم !

لەڕاستیدا نازناوی عاشقان زمانێکی هێجگار تایبەتمەندە جگە لەناساندنی دۆخی خۆیان ، لە ڕوی دڵخۆشیی و چێژوەرگرتنەوە ، هەمیشە




بەرامبەر بە جیهانی دەرونی خۆیان تەواو ئاسودەن
تا ئێستا زۆربەی عاشقانی کورد بەمەبەستی خۆشەویستی دەربڕین بۆیەکتری چ عاشق بێ یاخود مەعشوق ناوی یەکەمی خۆیان دەگۆڕن هەریەکەو بەئاماژە بەنازناوێک بانگی یەکتردەکەن ، بەڵام ناوێک کە عاشقانەو شاعیرانە بێ لەسەرزاریان ، نازناوێک کە پڕیەتی لە تایبەتمەندیی ڕۆحی و جەستەیی و دەروونی و سۆزداری.
شاعیر لێرەدا هێندە مەعشوقەکەی خۆشدەوێت بەشیرینەکەم بانگی دەکات
لەڕاستیدا ئەم جۆرە ناولێنانە بۆخۆشەویستی ئەبدەیت کردن و نوێبونەوەی ئەو ، پەیوەندیە گەرم و گوڕەی نێوان عاشق و مەعشوقە کەتاسەرئێسک تواونەتەوە لە نێو یەکتریدا یاخود تاپلەی شەیدایی یەکتریان خۆشدەوێت بۆیە شاعیر دەیەوێ چیتربەناوەکەی خۆی بانگی مەعشوقەیکەی نەکات بەمەش بیرلە قامیشە شەکرێ دەکاتەوە تا هەڵکۆڵێ و بیکا بە شمشاڵ وئەوسا لەگەڵ سروەی بادا دەنگی ئاوێتە بکات و بە خۆشەویستەکەی بڵێ شیرینەکەم
دیسان لەلاپەڕە _٤٧ خاتوو نادیە دەڵێت

هاوتەمەنی یەکن"
بۆیەکتری دەتوێنەوە،
پەپولەوگوڵ!

هەرچەند پەپولەو گوڵ دووڕەگەزی لەیەک جودان بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنەکەیانەوە پێکەوە لەدایک دەبن و پێکەوە دەمرن، وەک دەزانین پەپولە زیندەوەرە گوڵیش لەتوخمی ڕوەکە بەڵام سروشت لەبونەوە ئەم هاوڕێیەتیە جوانەی پێ بەخشیون کە پێکەوە تامردن هاوتەمەنی یەک بن

قسەکردن لە سەرتەمەن نامەی گوڵێک، یاخود ژیانی پەپولەیەک دیارە مانایەکی قوڵی لای شاعیر بەرجە ستەکردوە.
شاعیر لەم (هایگا)یەدا وەک مرۆیەکی هەستیارو هەست ناسک ئاگاداری هەمووئازارو ئەندێشەکانی نێو ئەم ژیانە ، لەدڵەوە بەئازارە بۆ عەشق و توانەوەی گوڵ و پەپولەیەکی کەم تەمەن کەهەردوو چەند ڕۆژێک دەژین و دواجاربەهەزاران خەونی ڕەنگاڵیەوە لە گەڵ یەکتریدا پێکەوە گیان دەسپێرن
شاعیر لێرەدا پێمان دەڵێ ، گەرچی تەمەن هەزارساڵیش بێ هێشتا بەشی خۆشەویستی ناکات کەواتە باچاو لە پەپولەو گوڵ بکەین بەعەشقەوە باوەش بۆژیان بکەینەوە لەبری ڕق و کینە بۆیەکتر بتوێنەوە
دیسان لەلاپەڕە _ ٦٨خاتوو نادیە دەڵێت

بەڕێی خۆیدا دەڕوا
گابەردەکان ڕێیان پێگرتووە،
ڕوبار!

ڕوبارو ژنی جوان لەیەک دەچن کاتێ ژنێکی جوان بەڕێی خۆیدا دەڕوا لەسەرشەقام پیاوگەلێک چەشنی گابەرد سەرە ڕێگای لێدەگرن کێ دەڵێ لەدیدی گابەردیشدا ڕوبار کچێکی شۆخ و شەنگ نیە کە ڕێگای لێدەگرێ تۆبڵێ ئەو ئاوازە لە نێوان شەپۆل و گابەردا جوانترین ئاوازی ئەوین نەبێ ، بەبۆچونی من گەر گابەرد ڕێگە لە ڕوبارنەگرێ شەپۆل لەدایک نابێ کەواتە شەوپۆل کچی ڕوبارە ، ، ،کێ دەڵێ ڕوباریاخود گابەرد دووژەنیاری عاشق بەیەکتری نین .

پێدەچێت دەرونی هەردووکیان یەک شمشاڵ بێ تاوتاوپێکەوە
هەستی گەرمی شاعیرە ژنێک بخەنە سەرسۆزو وەک شەپۆل بیخەنە گۆرانی ئەوسا بە دەم ورتە ورتی ڕوبارەوە شەپۆل شەپۆل بە سەرگیانی گابەردەکاندا ڕۆبچن ،چەند خۆشە لەوساتەدا گوێبگرین لەهەڵبەزین و دابەزینی شەپۆل .خوڕەی ئاو

دوبارە لەلاپەڕە _ ٧٥ خاتوو نادیە دادەڵێت
شەوە کەس دیارنیە،
ماچی دەریا دەکات ـ
مانگ!

لێرەدا شاعیرچیرۆکی عەشقی مانگ و دەریامان بۆباس دەکات ،پێدەچێت لەخەیاڵیدا مانگ و



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەریا بەعاشق و مەعشوق بزانێت،شەوان
کاتێ کەس دیارنیە جیهان خامۆشە ئەوان
لەژێرتریفەدا ڕوبەندی شەرم لابەرن و شەپۆل
شەپۆل ماچ بگۆڕنەوە لەگەڵ یەکتریدا.
بەڵام لە ڕاستیدا دەریا زیندانی مانگە بەڵام کانی
نەرم و نیان ترە لەگەڵ مانگ بۆیە جوانتردەبوو
خاتوو نادیە لەبری دەریا کانی بخاتە ناو
هایگاکەی وەک چۆن گۆرانی شاعیرمانگ و
کانی چواندوە بەعاشق و مەعشوق لەشیعری
جوانی بێ ناودا گۆران دەفەرموێ

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپ و هووڕ!

شەوە کەس دیارنیە،
ماچی دەریا دەکات ـ
مانگ!

دیسان لەلاپەڕە _ ٨٦ دا خاتوو نادیە دەڵێ :
بەنۆرە"
خۆرلەباوەش دەگرن،
ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا!

خۆر یاخود مانگ ، و ئەستێرەکان بەدرێژایی
وەرزەکان وەک پێکهاتەی جوگرافیا هەمیشە
لەڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێن و لە ڕۆژئاواش
ئاوادەبن لەڕاستیدا ئەم دو ناوە ناوی خۆیان
بەخۆیانەوەیە شاعیر لێرەدا بەوردی سەرنجی
ئەم جوانیەی خۆری داوە



بەجۆرێک ئاوێتە بووە لە گەڵ
سروشتدا،کردویەتی بە تابلۆکێشێکی
ڕۆمانسیی وباڵا بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەموو
جوانییەکانی خۆری بە ووشە کێشاوە،لەگەڵ
ئەوەشدا جوانبینەیەکی خەیاڵ ئامێزی تێدا
بەرجەستە کردوە،کە لێوان لێوە لە هەستی
جوانی ، خوێنەرهەست بە ئیستاتیک و ڕێک و
پێکی و ناسکیی ووشەکان دەکات. بەڵام وشەی
باوەش کەبۆخۆی لێوان لێوە لەمیهرەبانی
ودەریایەک سۆز هێندەی تر ڕۆژهەڵات و
ڕۆژئاوای جوانترکردوە بەڵام بەبۆچونی من
لەو جوانترناوی شاخێک و دەریایەکی بهێنایە
جوانتردەبوو نمونە وەک

بەنۆرە"
خۆرلەباوەش دەگرن،
هەڵگورد و گۆمی وان !

چونکە خۆر لەباوەشی چیاکاندا چاوی



هەڵدێنێ لەخەولەڕۆژئاوای دەریاکانیشدا گەلێ جارئاوادەبێت جگە لەناوچەشاخاویەکان

دیسان لە لاپەڕە _ ١١ خاتوونادیە دەڵێ:
بۆنی بوخچەی دایکم"
ڕۆژەڕێیەک دەڕوا،
گوارەی مێخەک!

هەندێ جار شاعیر لە تاراوگەدا جۆرە هەستێکی سەیر سەرتاپای گیانی دادەگرێ و کۆتری خەیاڵەکانی بە جۆرێک لە شەقەی باڵ دەدات و دەفرێ، تا نەگاتە لای شوێن پێی بیرەوەرییەکان، داناسەکنێ. بەردەوام بە ئاوێنەی چاوەکانی بۆ بوخچەکەی دایکی و یادگارە جوانەکانی دادەگەڕێت. کاتێک دەگات و لەسەر باڵی یادگارەکان بە ئارامی دەنیشێتەوە، ئیتر جیهانێک وشە چواردەوری دەتەنێ و ئیلهامی شیعرێک لە ڕەگەزی فرمێسک لەناو دەریای چاویدا هەڵدەقوڵێ و تا زەنگۆڵ زەنگۆڵ نەیهۆنێتەوە، ژێر نابێتەوە لە گریان.
وەک چۆن شێرکۆ بیری دایکی دەکات و لەبری ئەو، پەنا دەبات بۆ لای پیرەدارێ و تێرتێر بۆنی لق و پۆپی قژی دەکات و ئەوسا سەبووری بۆ دێت. وەک چۆن گۆرگی ئێش و ئازاری دایکێکی کرێکار دەیهێنێتە برک و ژان و پاشان ڕۆمانی (دایک) دەنووسێت.

خاتوو نادیەش بیری بوخچە و گوارە مێخەکییەکانی دایکی دەکات و تەنانەت لە تاراوگەشدا لەو دوورییەوە ڕۆژەڕێیەک هەست بە بۆنیان دەکات. ئیتر کاتێ بەو بۆنە دڵی فێنکی دەبێتەوە، ختووکەی هەستی دەدەن، تا بەدەم خەندەوە، خونچە خونچە شیعر بپشکوێنێ.

تانکای یابانی بە زمانی ژن
خاتوو نادیەی شاعیرلە دەربڕینەکانیدا دەیەوێت چەمکی شاعیرێکی ژن تیۆریزە بکات جگە لەوەش دەیەوێت وەک ڕەهەندێکی هەمیشەیی ئەکتیڤ و چالاک لە نێوداهێنانی هایکودا.

دەربکەوێت ، بۆیە وەک ئەوەی هەیە بەردەوام لێرەو لەوێ ئافراندنی خەیاڵەکانی مانیفێست دەکات ، نەخشەی ئەم خەیاڵانەش کەواتە نوسینە لەناوکایەی خەیاڵێکی کاریگەردا تا هەردوو پێکەوە بتوانن مەعریفە بخولقێنن لەناو هایکوکانی خاتوو نادیەدا هەمان جوانی هەیە کە لە خودی شاعیرە بەتواناکانی ژاپۆنەوە وەک ئاوێنەیەک وەریانگرتووە.

ئەگەر بمانەوێت لەئەدەبیاتی ژاپۆنیەکاندا لەبارەی (تانکا) وە بدوێن ئەوا بەدڵنیایەوە لەڕێگای شیعری شاعیرە کانیانەوە لێیان دەدوێن واتە لەرێگای کۆمەڵێک تێکستەوە وردەبینەوە شرۆڤەیان دەکەین ، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لەبارەی خاتوو نادیەوە بدوێن دەبێت لەبارەی خاتوو نادیەی هایکو نوسەوە بدوێن ، یاخود تانکا نوسەوە بدوێن ، هەرچەند ئەو یەکەمین ژن نیە ، بەڵام دەتوانین بڵێن ئەمیش هایکوی وەک بنەمایەکی سەربەخۆ و پێویست هێناویەتە نێو ئەدەبیاتی کوردیەوە ئەوکاتەش هەمان شت دەتوانین بڵێن خاتوو نادیەش لەهایکوی کوردیدا چ نازناوێکیان لەخۆگرتووە لەکوێی شیعری هایکو ، سنریو، تانکا،دان ، یاخود لەچ ئاستێکدان ، توانای ئەوان لەم ژانرە کوردیەدا چۆنەو چەندە ، ئەوادەتوانین بۆقسەکانمان پشت بەستووبین بەوکتێبانەی کەخاتوو نادیە وەک هایکو ، سنریو تانکاوە نوسیویانە.

خاتوو نادیە لەیەکەمین کتێبی شیعریەوە تاکو کۆتا کتێبی ڕو لە ئەستێرەکان چاو دا دەگرێ ، بەردەوام ویستویەتی درێژە پێدەری هایکوکانی پێشوو تری نەبێت ، ئەگەر بەکۆی گشت شیعرەکانی خاتوو نادیەدا بچینەوە دەبینن هەرلەیەکەم کتێبەوە وەک شاعیرێکی نوێخوازو جیاواز هایکوکانی نوسیوە .

بەبۆچونی من هایکو نوسێکی وەک خاتوو نادیە لەئەدەبیاتی کوردیدا لەئێستادا بایەخێکی زۆری هەیە ئەگەر بەوردی چاوبگێڕین بەنێو سەرجەم بەرهەمەکانی ئەم خاتوونە ئەوا دەتوانین هەرپێنج کتێبکەی وەک سەرمەشقی



ئەو قۆناغەی تیدا نوسراون دەست نیشان بکەین هەریەک لەو کتێبانە لەو سەردەمەدا وەک قەڵەم بازێکی گەورە تەماشاکەین

پێناسەی شیعری تانکا

جۆرێکە لە شیعری یاباني باو، کە شیعرێکی کورتە لە (٥) پێنج دێڕ پێکدێت و دوو ئەلف وبێی ئەبجەد (هیگا) یی کورت لەخۆدەگرێت واتە ( ٥-٧-٥ ) پاشان دووهێڵ بە هیگای درێژ (٧-٧) دەبێت، تانکا بە یەکێک لەشێوە شیعریەکانی هایکوی یابانی دادەنرێت ، بەڵام زیاتر بوار بەئازادی و سۆزو ڕاڤەکردن دەدات. زۆرجاریش بۆ خۆشەویستی ورۆمانسیەت هەستە کەسیە قوڵەکان بەکاردێت.


زۆر جار شیعری تانکا بۆلێکدانەوەی کەسیی و دیمەنە سروشتیەکان بەکاردێت تانکا،. شیعری تانگا بە کۆنترین شێوەکانی ئەدەبی یابانی

دادەنریت و لە ماوە بوژانەوەی ڕۆشنبیری یابانی لە سەدەکانی نۆیەم و دەیەمدا پەرەی پێدرا .

گەلی تانکا یاخود گەلی (بەلەمەکان ) کۆمەڵێک ڕەگەزی چینین بەشێوەیەکی چاولێکەری لەباشوری چین لەناوچەکانی (گوانگدونگ)، قوانگشی ، فوجیان، هاینان،شنهەگای، جیجیانگ، بەدرێژایی ڕووباری یانگستی ژیاون، سەرەڕای هۆنگ گۆنگ وماکاویش، ئاماژە بەگەلی بەلەمەکان دەکرێت کەلەدەرەوە سنوری پارچەکانی هوانگ دونگ دان کەبە چەند ناوێکی جۆراوجۆرناویان دێنێن،( بەڵام ناویان بەتانکادانانرێت) هەرچەندە زۆربەیان لە وشکانی دەژینکەتائێستاش هەندێک لەنەوە دێرینە بەتەمەنەکانیان لەسەرپشتی بەلەم دەژین و بژێوی ڕۆژانەی خۆیان لەڕێگەی ڕاوکردنەوە دەستەبەردەکەن ، درێخا لەلایەن مێژووەوە تانکا بەگەلێکی فەرامۆش کراوناودەبرێت لەبەرئەوەی هەرلەمێژەوە لەناو دەریاو لەنێو بەلەمەکاندا ژیانیان بەسەربردووە لەلای چینیەکان و هەروەها بەریتانیایەکانەوە پێیان دەووتن قەرەجەکانی دەریا کەڕەچەڵەکیان بۆکەمایەتیەکی نەتەوەیی ڕەسەن لەباشوری چین دەگەڕێتەوە .

وە لە مێژەوە ناسراوە بە (بایوی) و هەندێکیش دەریایان هەڵبژاردووە بۆپەناگای خۆیان و لەگەڵ گەلی (ئەلهان)تێکەڵ بووبێتن سەرەڕای ئەوە تانکا پارێزگاری لەزۆرداب و نەریتە دێرینەکانی خۆیان کردوە کە ئەو شارستانیەتە لە لای گەلی (ئەلهان) نیە و بەشێکی زۆرکەم لەتانکاکان لەچەند بەشێکی ڤێتنام دەژین و نازناوی (دان) نیان لێناوون ، پۆلین کراون کە ئەوانە کۆمەڵێکی لاوەکین لە(نیگای ) کە چەندین دەقی کۆن و پەرتوکی شاراوەی لە بیرکراوو هەیە و دورخراونەتەوە لەپاراستنی هۆزی ئیمپراتۆرکە زۆرچیرۆک و ئەفسانەی تۆمارکراولەخۆدەگرێت و بەڕونی وێنای جەنگە ترسناک و تۆقێنەرەکان دەکات کەبەسەرهۆزی ڕەسەنی گەلی تانکا یاخود گەلی بەلەمەکان هاتووە کەڕەچەڵەکی "ترياسى " یان بۆ (ئیلهی ، جیاه دی زی) دەگەڕێتەوە، کە پەنجە مۆری هۆزی حوکومڕانەکەی دەکات و باسی کەشی خێزانی پاشایەتی دەردەبڕێت، کە لەسەرئەو" لەپکە" (سەدەفا) نەیکا بە مرواری و چەندین پارچە، ماهی "عاج" ی جیاواز نەخشێنراون ، ئەستوریەکەی لە نیوان ٣ بۆ ١٠ ئینجە و ڕێنمایی دێرین ناسی نیۆیۆرک بە بەڵگە سەلماندوویەتی.

سەرەڕای ئەوەی مێژوو نووسە چینیەکان بە یەک دەنگ قەبارەی دروشمەکانی " هۆزەکە"




و" هۆزە لاوەکی" یەکانیان پۆلێن کردووە کە گەورەترین قەبارەیە درێژایی لە ١٨ پێ زیاترە کە ئەوە لەلای ئیمبراتۆریەتی ئەلهان نەبانە، و زۆر جاریش لەگەل هۆزەکانی تر دا هەرا دروست دەبێت ، چونکە کورە گەورە کەی " لهی جیاە دی زی " بناغەی کەشەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی لەلای باپیران لە جەنگەکاندا بەکار هێناوە و بووە بە هۆی ناتۆرەیەکی مێژوو یی خراپی بۆی و گشت ئێسکە پیرۆزەکان وپلەو پایەیەکی جووت و ڕۆلی هێمای خیزانێکی دێرین لە خۆ دە گرێت، و بەخەنجەری میراتی شاهانەش دا دەنرێت کە "هێمای" ڕێنمایی دەسپیشخەری " هی جیاە دی زی " و هەڵکشانە بەرەو جیهانی شاهەنسایی (ملکوت) و بەر دەوامی ئەو " خواپەرستی "یەیە کە ئاسمان بە" باک فو " ڕای سپاردووە ، هەرچەندە ئەو ئاستەنگانەی کە بەسەریا هاتووە و باسی چەسپاندنی گەڕانەوەی " لهیزی " ئەکات کە نازناوی "شانگە" ولە ئەلیزابێس وەرگیراوە.

تەنها یەک خەم "
دەتوانێ بسڕێتەوە،
فڵچەی نیگارکێش!

خەمەکان قوڵن ،
دەست نایانگاتێ!

لە فەرهەنگی نیگارکێشدا دەتوانین بڵێین دڵخۆشیەکی هزری دەست دەکەوێت نیگارکێش هەرچەند تابلۆکانی پڕبن لەخەمی قوڵ بەقەولی شاعیرتەنیا دەتوانێ بە پەڕەموچەکەی



یەک خەم بسڕێتەوە چونکە دەست نایانگاتێ شاعیر، لێرەدا تەنها بیر لە خەم و ئازاری خۆی ناکاتەوە ،بەڵکوو گڕی دەروونی بەرامبەر خەمی خۆی بە خەمی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت ، بۆیە ئیرەیی دەبات بە نیگارکێشێک کە لە و بڕوایەدایە بە فڵچەکەی دەستی خەمێک بسڕێتەوە.

لەڕاستیدا شاعیردەبێ بزانێ نەک نیگارکێش بەڵکو شاعیرانیش دەتوانن ،بە لە دایکبوونی هەرشیعرێک کەمێک ئازارەکانی ناو ناخیان بەتاڵبکەنەوە، ئەگەرچی بۆ تاوێکیش بێ بۆیە دنیای خەم دنیایەکی بێسنورە کە مرۆڤ تێیدا بەردەوام لە نێوململانێی دایە تاکو مردن چونکە ئەم ژیانە لەبوونەوە پڕە لە

ئازاروتراژیدیا ورِوداوی کارەستباربۆیە هیچ ساتێ مرۆڤەکان بێ خەم پەژارە نابن لەم گەردونەدا،

دیسان لەهەمان کتێب لەلاپەڕە (٢٤) خاتوو نادیە دەڵێت

بەهارە "

بەرعەشق کەووتون ،

هەورەکان !

جلی پەمەیی ،

نیشانەی عاشق بوونە!

ئەوساتەی هەناسەی ئاڵ و ئەوینی شاعیر دەتکێتە نێو گەواڵە هەوری پەمەیی ئیتر بەجارێ خەیاڵ هاژەدەکا ودەرژێتە باوەشی شیعرەوە.ئەوسا لە ئاسمانی بەهارێکی هەورگرتوودا چەخماخەو بڵێسە و سوتانی هەورەکان بەجلی پەمەیەوە ئاوێزانی هایکویەکی ئەرخەوانی دەبن ..

لێرەدا شاعیربەدەم ئەم خەیاڵە ناسکەوە دێتە گۆهەرچەند باش دەزانێ هەور ژیانێکی پڕ لە سەفەر و پرلە هاتوو چووی هەیە بەلاّم ئەوانیش کورت و کەم خایەنن، شاعیرپێمان دەڵێ هەورەکانیش وەک مرۆڤ و گیان لەبەرو باڵندەکان عاشق دەبن بەیەکتری تەنانەت کلکەی ئەو هەورانەشی کە بە ئاسمانی بیاباندا تێدەپەڕن لەبەهاردا بەرعەشق دەکەون، ئای کەجوانە ئەوساتەی بەهاردەست بەشۆڕشی باران و خۆرەتاو دەکات ئیتر بەجارێ هەورەکان دەخرۆشێن دەست دەکان بەچەخماخەو سوتان مێژووی عەشقێک دەنەخشێنن بۆیە شاعیرلێرەدا بەرگە هەوای ساردو گەرم واتە واتە (موجەب و سالم ) ڕەتدەکاتەوە بەدیدی خۆی بەیەکدان و ئاوێتە بوونی هەورەکان بەجلی پەمەیەوە وەک نیشانەی عاشقبوونێک



وێنا دەکات
دیسـان لـە لاپـەڕە (٨٣) دا خاتوونادیـە لـە کتێبی
تەزبیحـی قەزوانـدا دەڵـێ
قوتابخانەیە،
نە پەڕتووک نە پێنووس -
نەنکم

من لەو فێر دەبم،
ئەویش لە زەمانە!

دەکرێ نەنک یاخود باپیرە وەک فێرگـەی ژیـان سـەیر بکەیـن
چونکـە ئـەوان پڕبـوون لەئەزمونـی ژیریـی بـەردەوام چـاوی ئێمەیـان بـەڕووی ژیانـدا کردۆتـەوە

ئەوان چەشنی کانیاوێک بوون بێ وشک بوون و هەڵپڕوکان، هەمیشـە زاریـان پڕبـووە لەوتـەی جـوان و کـورت و پوخـت هونەرلەوەشـدابووە بێ قوتابخانـەو بـێ کتێـب و بـێ پێنـووس هـەم دانـا بـوون و هـەم زانـا ئەویش بەهـۆی ئەزمـون کردنـی ڕۆژگارەوە کەجیهانێـک تاڵـی و شـیرینی ژیانیان چەشتوە بۆیە شاعیر نەنک بە یەکەمین قوتابخانـە دەزانـێ کـە لێوەوەی فێربووبـێ بـەڵام ئـەو تەنیـا لەزەمانـە

دیسان لەلاپەڕە (٨٨) دا خاتوو نادیە دەڵێ
واتێکدەئاڵێین"
دەنگ دەداتەوە ،
زەنگی دڵ!
وەک بازنەیە "
عیشق ،
دەربازبوون مەحاڵە !

عاشـق و مەعشـوق لـە قووڵایـی دڵیانـدا هەسـت بەزەنگـی دڵـی یەکتردەکـەن ،ئەمـەش لـە چەشـنە مەسـتییەک دەچـێ. کـە بەتەواویـی بیـر و خەیـاڵ و لێکدانەوەیـان دەوروژێنـێ ، ، جەسـتەیان وەک منـداڵ دەخاتـە سـەما گـەلـێ جارعەشـق زۆر بەسـەختی مـرۆڤ دەسـتەمۆدەکات.
دەتوانیـت بڵێـم بـە درێژایـی سـەدەکان،نەک فەیلەسـوفەکان بەڵکـو شـاعیرەکانیش لـە خەمـی ئـەم پرسـەدا بـوون، دەپرسـن بۆچـی عەشـق بەلایانـەوە بابەتێکـی گرنگـە؟ بۆیـە لەدیـگای شـاعیردا عەشـق ئەشـکەوتێکی قوڵـە بەکەوتنـە خـوارەوەی دەربازبوونـی نابـێ تاپلـەی شـێت بـوون ! (گـۆران) شـاعیری مـەزن لـە شـیعری



(زەنگی پەستیی) لەدیوانی دەنگی گەردووندا
دەفەرمێ

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم، هەڵسا زرەی زەنگی فگاریی

بە ئەسپایی، بە بێهێزیی، بە عاستەم،
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!

بە ئەسپایی، بە لەرزۆکیی، هەژاریی،
ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاریی!

زمانێک دێتە گۆ هەرچەن زرەی دێ،
کە تێر نابم لە گوێکرتن بە دوو گوێ!

زمانێک، بەستەیەک، دەنگێک، نەوایەک،
سکاڵایەک، هەناسە و ئاخ و ئایەک

کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی،
بەڵام خورخوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری!

چییە ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پەی
لە تۆ ناشارەزایی من هەتا کەی؟

چییە ئەم دەنگە؟ ئەم ئاوازە دوورە؟
کە پێهەڵهێنەری چاوی شوعوورە؟

کە دێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ
بە دوویا وێڵ ئەبێ مەنزڵ بە مەنزڵ!


چییە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بە ماتیی



کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی؟


سەرچاوەکان:
١- ناونیشانی پەرتووک: فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)
٢- کوردیپیدیا نووسینی: کەمال مەمەند میراودەلی
٣- خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەیی پراکتیکییە)عادل گەرمیانی).
٤- نۆستالیژیا و نووسین. فەرەیدوون سامان

# خاسیەتەکانی زمانی شیعری پەشێو





سدیق سەعید ڕواندزی

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، هەر وەک مالارمێی شاعیری جیهانیش دەڵێت: (شیعر تەنها زمانە) بێگومان زمان لێرەدا ڕەهەندێکی دیکەی هەیە، چونکە ئەگەر زمانی شیعری هەمان زمانی ئاسایی دەربڕین بوو، ئەوا جیاوازییەک نامێنێتەوە لە ڕووی فۆڕمی زمانەوە. زمان لە شیعردا، وێنەی هونەری، واتا، شیعرییەت و چێژ و ئستاتیکایە. ئەوە گرنگ نییە زمانی دەقێک سادەیە یان ئاڵۆز، ڕوونە یان تەمومژاوی، بەڵکو ئەو زمانە چەند دەتوانێت لە خوڵقاندنی ئەزموونی جیاوازدا، ڕۆڵ ببینێت.

بێگومان زمان وەک ئامرازێک، بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەبی، هزری و کۆمەڵایەتی، گۆڕانی بە سەر دادێت و پێشدەکەوێت، بەو پێیەی زمان ڕەنگدانەوەی دنیابینی و هزری شاعیرە، ئیدی لە پەراوێزی گۆڕانکارییە هزریی و زمانییەکاندا، زمانی ئەویش گۆڕانی بە سەر دادێت. شیعرەکانی گۆران لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، هاوشێوەی شیعرەکانی دواتری نین، واتە گۆڕانکارییان لە ڕووی فۆڕمی دەربڕین و زمانی گوزارشتکردنەوە بە سەر داهاتووە، وەلێ دواجار ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە لە پەراوێزی ئەو زمانەوە، گۆران دەبێتە ئەزموونێکی جیاواز. زمانی شیعری، ستایلی نووسین و ناسینەوەی ئەزموونی شیعرییە. کاتێ شاعیرێک جیاواز دەنووسێت و لە زمانی باو دەردەچێت، هەنگاوێک بەرەو بونیادنانی زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆی دەنێت. بە گشتی ئەزموونی شیعری کوردی لە قۆناغی کلاسیکەوە بۆ دوای ڕاپەڕینیش، دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ئەزموونێکی هاوشێوە و یەک ستایلی زمانە. بەشێک لە شیعری شاعیرە کلاسیکەکان، لە ڕووی دەربڕینەوە هێندە هاوشێوەی یەکترین، کە نزیک بێتەوە لەوەی ئەزموونی شیعرییان هارمۆنی بێت. ئەم زمانە شیعرییە، لە قۆناغەکانی دواتریش دووبارە دەبێتەوە. زمانی شیعری هەفتاکان، زمانێکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و شۆڕشگێڕیی و گوتاری بەرگریی و مانەوەیە. زمان لە شیعری پەشێودا، پردی پەیوەندییە بە خوێنەر و سەرەتای چوونە نێو ئەزموونی شیعری ئەوە. زمانی پەشێو، زمانێکی سادە و ڕوونگەرایە، زمانێکە نزیکە لە زمانی ئاخافتن ودەربڕینی

ڕۆژانە لە نێو بازنەی کۆمەڵایەتی و شیعریدا بە گشتی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک زمانێک نییە لە دەرەوەی مانا، چێژ و ئستاتیکای شیعریی، بە پێچەوانەوە پەشێو بەو زمانە سادەی خۆیەوە، جوانترین و قووڵترین وێنەی شیعری دروست دەکات، بە جۆرێک کە لە چڕکردنەوە و کورتبڕیی و وێناکردنی زماندا، هەست بەو جوانکاریی و هێزی زمانە لای شاعیر دەکەین. پەشێو لە شیعرێکیدا، کە بۆ ڕەهبەر جەلالی هاوڕێی نووسیوە کە لە غەریبی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات، دەڵێت:_

هەموو جارێ زوو دەژاکێ لە سەر گۆڕت
هەرگوڵێکی کە دەیچێنم
خۆدەزانم عەشقی گوڵی کام وڵاتی
بەڵام چی بکەم گوڵی ئەوێ لە کوێ بێنم

پەشێو لە ڕێگای زمانێکی سادە و ڕوونبێژەوە، تەنها لە چوار دێڕدا، باس لە قووڵترین پرس و بابەتی مرۆیی و ئەنتۆلۆژی دەکات، کە ئەویش دوورکەوتنەوەیە لە کوردستان و بە غەریبی سەرنانەوەیە لە دووری کوردستان و تاسەی بینینەوەی مرۆڤی کوردمان بە کوردستانەوە پیشان دەدات، چونکە هیچ کام لەو گوڵانە هی کوردستان نین، بۆیە زوو هەڵدەوەرێن. ڕەهبەر گوڵی کوردستانی دەوێت، ئەمیش لە غەریبیدا دەست ناکەوێت، بۆیە بە نائومێدییەوە سەر دەنێتەوە. بە بڕوای من، زمانی شیعری پەشێو، هاوشێوەی گۆران، جۆرێک لە برووسکەیی و خەسڵەتی فۆتۆیی بە کواڵێتی سێ ڕەهەندی تێدایە، بەو مانایەی پەشێو خێرا و برووسکە ئاسا، لە ڕێی زمانی شیعرییەوە، وێنای شتێک دەکات و وەک وێنەیەکی شیعری دەیخاتە ڕوو. پەشێو لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:_





هەر جارێک بوو نیگاکانمان
لێک گیربوون وەک چنگی بازان
هەرتاوێک بوو پشتمان تێک کرد
ڕێگاکانمان لێک ترازان

ئێمە هێندە بە خێرایی و برووسکەییەوە لە بەردەم ئاوێتەبوون و لە یەکتر دابڕاندنداین، کە نازانین چرکەساتەکانی ئەو ئاوێتە بوونە چۆن دروست بوون و چەند بە خێراییش کۆتایان هات. ئەم ئاوێتەبوونەی دوو خۆشەویست، دوو ڕوح و دوو نیگای عاشقانە، هێندە خێران، وەک چنگی دڕکاوی باز لێک گیر دەبن و دەچنەوە نێو یەکتری، بەڵام بە هەمان خێراییش، ئەو چنگانە لە نێو یەکتری دێنە دەرەوە، وەک چرکەساتەکانی ڕوودانی تسۆنامییەک. سات وایە، ئێمە قەسیدەیەکی درێژیی چەند دێڕی شاعیرێک دەخوێنینەوە، بەڵام وەک ئەو نموونە

شیعرییانەی پەشێو، ڕامان ناگرن و چیژی لێ وەرناگرین. خەسڵەتێکی دیکەی زمانی شیعریی پەشێو، مانەوەی زمانی شیعرییە لە نێو بازنەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییانەی زمان بە گشتی. پەشێو چونکە شاعیرێکە بەردەوام لە بەرەی گەلەکەی دایە و لە سەنگەری ڕەش و ڕووت و بێ نەوایانی نەتەوەکەی دایە، ئیدی زمانەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو پێگە جەماوەریەیە. لێرەوەش زمانی شیعری پەشێو، زمانی بژاردەیی نییە، بەڵکو زمانی هەمووانە. پەشێو چونکە ئەرکی شیعر لە چوارچێوەی خەمی مرۆڤ و نیشتمان و گەڕان بە دوای ئازادیی و دنیایەکی یەکسان و دادپەروەردا دەبینێت، ئیدی زمانەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو بارە واقیعیەی کۆمەڵگەیە. پەشێو لە شیعری (وانەیەک بۆ منداڵان) دەڵێت:_

ئا لێرەدا منداڵێکی چاوگەشی کورد لە برسان مرد

پەشێو بەو زمانە شیعرییەی خۆی، لە وێنەیەکی شیعریی سادە و ڕووندا، ڕەخنە لەو ئەقڵیەتە شۆفێنی و نا مرۆیی و نایەکسانییە دەگرێت، کە وێڕای هەبوونی سەرچاوەیەکی گەورەی سرووشتی و کانزایی، کەچی هێشتا منداڵانی کورد، لە نزیک تاقگەی دەوڵەمەندی بابە گوڕگوڕ لە برسان دەمرن. لەو ڕێگەیەشەوە باس لە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەقڵیەتی شۆفێنی دەسەڵاتدارانی عەرەب و بێ باکییان بەرانبە بە منداڵێکی کورد دەکات. کە چۆن لە برسان دەمرێت. بەمەش پەشێو، زمان وەک چەکێکی دیکەی ڕەخنەگرتن، بەرگریی و ڕەت کردنەوە دەبینێت و شەڕی ئەقڵیەتێک لە ڕێگەی زمانی






شیعرییەوە، بە بارگاویکردنی شیعر بە ڕوانینی ڕەخنەیانە لە ئەو ئەقڵیەتە شۆفێنییە دەکات، کە تەنانەت ژیانێکی ئاسایی و سادەش بە منداڵێکی چاوگەشی کوردەوە ڕەوا نابینێت. لە پەراوێزی ئەو شیعرەوە، پەشێوە ڕەخنەی ئەقڵیەتێکی شۆفێنی دەکات کە هیچ بەها و نرخێک بۆ ژیانی مرۆڤەکان دانانێت و لە دەوڵەمەندترین شوێنی نەوتی و کانزای سرووشتیدا، لە دامێنی کڵپەی ئاگرێکەوە لە برسان دەمرێت. ئەو پەیامە ڕەخنەییەی پەشێو لەو شیعرەیدا پەنجا ساڵ زیاتر لەمەو بەر دەیخاتە ڕوو، ئێستاش لە مانا و ئاماژەکانی خۆی نەکەوتووە. مەگەر ئێستاش بە هەمان شێوەی ئەو کات، منداڵی کورد لە سایەی دەسەڵاتێکی شۆفێنی و گەندەڵ و بێباکدا لە برسان نامرێت ؟ خاسیەتێکی دیکەی زمان لە شیعری پەشێو، ئەو پەیوەندییە

نا ئۆرگانیکی و واتایەیە، کە لە نێوان وشەکان و دەلالەتی شیعرییانەی شیعرەکانەوە هەیە. مەبەستی ئێمە لێرەدا بەو مانایەیە کە وشەکان، لە ڕووی فەرهەنگی و ئاماژەییەوە هیچ شتێک بە یەکەوەیان نابەستێتەوە، هەر یەکەیان دالی جیاوازن بۆ مەدلولی جیاواز، بەڵام پەشێو لە شیعرەکانیدا، بە جۆرێک بە یەکەوەیان گرێ دەداتەوە، پەیوەندییە نائۆرگانیکیەکە دەکاتە ئۆرگانیکی کە دواجار لە چوارچێوەی کۆنسێپتێکی شیعریدا، بە سەریەکەوە ببنە تەواوکەری مانای شیعرییانەی یەکتری . بۆ نموونە: هیچ شتێک (کەر) و (بزمار) لەلایەک و (ژن) و (کوندەبەبۆش) لەلایەکی ترەوە بە یەکەوە نابەستێتەوە، بەڵام ( گەنجی) و (پیری) ( زستان ) و ( بەفر ) پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و واتایان بە یەکەوە هەیە، کە بە باسکرنی یەکێکییان، ڕاستەوخۆ ئەویترمان دێتە بەرچاو. وەک ئەوەی باسی بەفر بکەین، زستانمان دێتە بیر و بە پێچەوانەوەش باسی زستان بکەین، بەفرمان دێتە بەرچاو. بەڵام هەرچەند باسی کەر و بزمار بکەین، هیچ شتێکمان نایەتە خەیاڵ ئەوانە بخاتە قاڵبی یەک ماناوە. بۆیە پەشێو لە شیعرەکانیدا، لە ڕێی ئەو زمانە شیعرییەی خۆیەوە، پەیوەندی نوێ و مانای نوێ بە وشە دەدات. لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

لەم جیهانە هەرکەس لە شتێک
تۆقیوە
دز لە سەگ و کۆکەی بێدار
کەر لە هەرواز
دیوار لە سینگ دار لە بزمار

زۆربەی ئەو وشە شیعرییانەی لەو کۆپلەیەدا هاتوون، لە بنەڕەتدا وشەی ئاسایی ڕۆژانەن و ڕەنگە بونیادێکی شیعریانەی ئەو تۆیان نەبێت و وەک جۆرێک لە وشەی شیعری نەبینرێن، چونکە سەگ و کەر و بزمار و دیوار، هیچ پەیوەندییەکی واتایان بە یەکەوە نییە و وەک ئەوە وایە دوو ماددەی جیاواز تێکەڵ بکەین و ئاوێتەی یەکتری نەبن. بەڵام پەشێو، لە ڕێگەی پێدانی واتایەکی شیعرییانە بەو وشانە، ئەو پەیوەندییە مردوو نائۆرگانیکیەی نێوان وشەکان، دەکاتە پەیوەندییەکی زیندووی ئۆرگانیکی بە جۆرێک کە هەموویان بە سەر یەکەوە مانای شیعری بگەیەنن. ئەگەر دز لە سەگ بترسێت و کەر لە هەرواز، ئەوا خاسیەتی هاوبەشی هەردوو دەربڕینەکە ترسە، ئەمە وێڕای ئەوەی شاعیر ترس وەک حاڵەتێکی






سایکۆلۆژیی کە دەرەنجامی بەرهەست بوون و درککردنە، دەباتەوە سەر گیانەوەران، چونکە ئێمە نازانین ئاخۆ کەر لە هەرواز دەترسێت یان نا؟ بەو مانایەی هەست بەو ترسە ناکەین. ئەم جۆرە پەیوەندییە واتایە لە نێوان وشەکاندا، جۆرێکی دیکەیە لەو خاسیەتە زمانیەی شیعری پەشێو، کە وا دەکات بە مانا ئاسایەکەی زمان بە کار نەهێنێت، بەڵکو جۆرێک لە هونەرکاریی لە ڕووی واتا و ئیستاتیکاوە بە زمان دەدات. لە هەندێک لە شیعرەکانیدا، زمانی شیعری پەشێو بە ڕادەیەکی زۆر توند و ڕقاویی دەبێت و هیچ سنوورێکی وێناکردن، بە دیوێکی نەرێنییانە ناهێڵێتەوە. واتا لە پاڵ ئەو پەتی و جوانییە فەرهەنگییەی لە ڕووی وشەوە لە شیعری پەشێودا هەیە، هاوکات ئێمە وشەی زبر و ناشرینیش دەبینن، کە لە ڕاستیدا خودی ئەو زمانە، ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتیەکەیە، لەوەی زمانی خۆرسکانەی شیعری پەشێو بێت. پەشێو لە شیعرێکیدا دەڵێت:_

نیشتمانی من شا نیشتمان بوو
ئاخ سەدەی پیترۆل ئاخ گاز و کیمیا
ئاخ چیان لێکرد
تەرەسی عۆجە و گای بنە خۆیی و گەوادی دنیا


بێگومان وشەکانی تەرەس و گەواد، دوو لەو دەربڕینە ناشیعریانەن کە جۆرێک لە زبریەتییان تێدایە و لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەش، ئاماژەیەکی نەرێنی و زۆر خراپ دەگەیەنن. ئەم دوو وشەیە، کە دوو هاوەڵناوی وەسفین، دراونەتە پاڵ بەعس و بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ئاست کارەسات و تراژیدیا نەتەوەیەکانی ئێمەدا. پەشێو هەر دەبێت بەو جۆرە وەسفی کەسانێک بکات،



کە لە بنەڕەتدا ڕەنگە وەها بن و شاعیر هیچ جۆرە پێناسەکردنێکی ئەوانی بەو شێوەیە بە گونجاوتر نەزانیبێت. ئەمەش لە سۆنگەی ئەو هەموو کارەساتەنەی بە سەر گەلی کورد داهاتوون. پەشێو، وێرای ئەوەی زمانێکی کوردییانەی پەتی و جوانی هەیە، هاوکات شیعر وەک پێگەیەک بۆ بەخشینی جوانی و ئستاتیکا، بە زمانی کوردی دەبینێت. لە شیعرەکانیدا، سەدان وشەی وەک:_( گەردەنکێل ، گوڵبەژن، هوندوڕ ) دەبینرێن. بەرجەستەکردنی ئەم وشانە لە شیعردا، دەلالەت لە پەتیبوونی زمانی شیعری پەشێو، کوردبوونی زمانی شیعری دەکەن، بەو مانایەی جارێکی دیکە، دەلالەتە واتایەکان بەو وشانە دەداتەوە، کە ڕەنگە لە ڕووی فەرهەنگی و زمانی کۆمەڵایەتی و شیعرییەوە کاڵ ببنەوە. ئەو پەتیبوونەی وشە و دەربڕین لە شیعری پەشێودا، بە بڕوای من ڕەنگدانەوەی ئەو ئەقڵە کوردانەیە کە پەشێو لە شیعر و ژیانیشدا هەیەتی، کە کەسێکی نەتەوەیی و کوردستانییە و لەو سۆنگەیەشەوە زمانەکەی بۆ ئەو جێی شانازییە. زمانی شیعری پەشێو، زمانی ئازار و مەینەتییەکانی مرۆڤی کوردە، زمانی خەون و خۆزگەیە. زمانێکە گوزارشت لە ناسۆرییەکانی مرڤی کورد و نەتەوەکەی دەکات. زمانێکە لەگەڵ هەمووان دایە و زمانی هەمووانیشە. زمانی شیعری پەشێو، زمانی ڕۆژە، بەڵام زمانی نا شیعری نییە، زمانێکی هەندێ جار توندە ، بەڵام زمانی ڕاسیستی و سڕینەوە نییە، بەڵکو زمانی مرۆڤێکە، جگە لە وشە و زمان، هیچ شتێکی دیکەی نییە هاوارەکانی پێ دەرببڕێت. زمانی شیعری پەشێو، هەڵقوڵاویی ڕەسەنێتی و پەتیبوونی فەرهەنگی کوردییە. زۆر بە دەگمەن وشە و دەربڕینێک لە شیعری ئەودا هەن، کە ماناکانیان ئاڵۆز بن، یاخود لە دەرەوەی فەرهەنگی زمانی کوردی بن.



# ئۆکتافیۆ باز
## شاعیرێکی دیبلۆماتکار



**ئا/ تاهیر عوسمان**

شاعیرو نووسەرو وەرگێڕوسیاسەتمەداری مەکسیکی ئۆکتافیۆ باز(١٩٣٤-١٩٩٨)ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵی وەرگرتووەو بووەتە یەکەمین هاووڵاتی مەکسیکی کە ئەو خەڵاتەی پێدرابێ و,بەکاریگەرترین نووسەرو شاعیری مەکسیکی وئەمەریکای لاتینی دادەنرێ لەسەر دونیای شیعر بەتایبەتی و,ئەدەبی جیهانی بەگشتی لەسەدەی بیسستەمدا,ناوبراو ڕکابەرێکی سەرسەختی فاشیەت بوو,لەکایەی سیاسیدا ڕۆڵی گرینگی هەبووەو,دیبلۆماتکارێکی سەرکەوتوو بووەو,باڵوێزی وڵاتەکەی بووە لەچەندین وڵات,یەکەم شیعری لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا بڵاوکردووەتەوەو,پاشان چاوی بەشاعیری بەناوبانگی شیللی پابلۆ نیرۆدا کەوتووەو,سەرسامی شیعرەکانی ئەو شاعیرە گەورەیە بووەو,لەساڵی ١٩٣٦ نیرۆدا هانیداوە.

سەردانی ئەسپانیا بکا,بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەی نووسەران لە شاری ڤالنسیا,هەرچەندە ئەو کاتە ئاگری شەڕی ناوەخۆی ئەسپانیا لەوپەڕی سەختیدا بوو,باز بەشداریەکی کارای لەشەڕەکەدا دەبێ ودەچێتە پاڵ کۆمارییەکان,باز هەروەک خۆی باسی کردوە خاوەن ژیاننامەیەکی سیاسی تژیە لەپاڵەوانییەتی وڕووداوی گەورە,ئەو شان بەشانی بویەرە گەورەکانی سەدەی بیسستەم نووسیویەتی,وەکو هەڵکشانی نازیەت وفاشیەت لەئەوروپا,شەڕی ئەسپانیا,جەنگی دووەمی جیهانی,سەربەخۆیی کۆلۆنیالە ئەوروپیەکۆنەکان,هەموو ئەوانە هەروەک خۆی لەکتێبەکەی بەناوی شیعرو کۆتاییەکانی سەدە ئاماژەی پێکردوە ودەڵێ هەموو ئەو ڕووداوانە کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر هەردوو قۆناغی هەرزەکاری و گەنجیەتیمدا هەبوو,بەڵام هەروەک خۆی هێمای بۆکردوە سەرەڕای توانای لەبواری وەرگێڕان و وتارنووسیی و,بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤاری ئەدەبی



و,کارکردنی وەکو دیبلۆماتکارێکی دیارو شارەزا,بەڵام ئەو خۆی هەر پێ شاعیرەو حەزدەکا هەروەکو شاعیر بناسرێ و,ناوی بهێنرێ, باز هەر لەساڵی ١٩٤٥ەوە دەچێتە بواری دیبلۆماسیەوەوبۆماوەی ٢٣ساڵ لەو مەیدانەدا کاردەکاو,دەبێتە باڵوێزی وڵاتەکەی لەهەریەک لە فەرەنسا, سویسرا ژاپۆن و هیندستان,بەهۆی هەستیاری وگرینگیی کولتووری وسیاسی کارەکەیەوە,پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ جومگە کولتووری ورۆشنبیریەکانی هەریەک لەو وڵاتانە دەبەستێ,سەرەڕای سەرکەوتنیشی لەیکارە دیبلۆماسییەکەی هەروەک لەدرێژەی ئەم باسەدا بەددورو درێژی لێی دەدوێین وتیشک دەخەینە سەر گرینگترین کارو چالاکیەکانی بەتایبەتی لەماوەی کارکردنی وەکو باڵوێزی مەکسیک لەوڵاتی هیندستان,بەڵام لەساڵی ١٩٦٨و,وەکو ناڕەزاییەک لەهەمبەر سیاسەتی حکومەتی وڵاتەکەی لەدژی خوێندکاران و,بەکارهێنانی توندو تیژی لەلایەن پۆلیس بۆ سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکا و کوشتنی نزیکەی ٣٠٠ قوتابی,دەست لەکاری دیبلۆماسی دەکێشێتەوەو,لەوکاتە بەدواوە خۆی بۆ کاری ڕۆژنامەگەری تەرخان دەکا,لەبەر ئەوەی باز دیبلۆماتێکی پیشەگەرو سەرکەوتوو بوو دوو جا ڕەوانەی هیندستان دەکرێ.مانەوەی یەکەم جاری بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بوو کەتەنها شەش مانگی لێ مایەوەو, لەکانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥١بەسکرتێری دووەم دەست نیشان کرا,بۆ کارکردن لەپێناو کردنەوەی یەکەمین باڵوێزخانەی ئەمەریکای لاتینی لەوڵاتی هیندستان کە زۆر نەبوو سەربەخۆیی وەرگرتبوو,جاڕدانی سەربەخۆبوونی هیندستان لە ١٥ی ئابی ١٩٤٧ بوو,جاری دووەم دوای دەساڵ بوو واتە لەساڵی ١٩٦٢ کاتێک بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق وەکو باڵوێزی مەکسیک لەوێ مایەوە,ئەو ماوەیەش گرینگیەکی زۆری بۆ ژیانی داهێنەرانەو سۆزداری باز هەبوو,بەڕادەیەک خۆی ناوی نابوو(لەدایکبوونی دووەم).


لەماوەی مانەوەی یەکەم جاری هیچ هاوڕێیەکی لەهیندستان نەبوو,تا ڕادەیەکی زۆر تەنها لەدەوروبەری ئەو هوتێلە دەمایەوە کەلە نیودەلهی تیایدا دابەزیبوو,نە ئەو کەسانەی خۆش دەویست کە چاوی پێدەکەوتن,دواتریش کە هەڵسەنگاندنی بۆ کاردانەوەکانی خۆی کرد بەشێکی بۆ بەدبەختی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆی و بەشەکەی تری بۆ کاریگەریی لایەنگیرییە ڕۆژئاواییەکەی خۆی گەڕاندەوە,کە ڕەگو ڕیشەیەکی قوڵی لەناخی ئەودا هەبوو,بەبێ ئاگایی ئەو هەست بەنامۆبوون کردنەی لەوێ دەردەبڕی,بەمجۆرە ماوەی گەشتی یەکەمی لەڕووی زیهنییەوە وەکو خۆ ئامادەکردنێک بوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژتر کە شەش ساڵ دەخایەنێ و,خۆی زۆر جار بەخۆشترین ساڵەکانی ژیانی ناوی دەبا.

ماوەی مانەوەی دووەم لە ١٩٦٢تا ١٩٦٨بووە,کەبەساڵە پڕ لەداهێنان وبەرهەمەکانی تەواوی ژیانی دادەنرێن,لەو ماوەیەدا تەواو ڕۆدەچێتە نێو مێژووی هیندستان و,فەلسەفەو مێژوو و هونەرەکەی,ماڵەکەی دەبێتە شوێنی بەیەک گەیشتنی هونەرمەندان ونووسەران وهزرڤانە هیندییەکان,لەوێ شیعرو وتارێکی زۆری نووسی.لەوانەش تەوژمی ڕاڕا,ئامرازەکانی بەیەک گەیشتن ولێک دابڕان, هەر لەو ماوەیەدا ئەو خانمێکی بەناوی ماری خۆسێیە ترامینی ناسی, کەدواتر دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەشیعرەکانی دواتری.

لەمێژوودا ڕووی نەدابوو نووسەرێکی گەورە لەئەمەریکای لاتینی بەوقوڵیە بچێتە نێو بابەتی دیالۆگی نێوان کولتوورەکان لەڕۆژهەڵات و,لەماوەی مانەوەی لەهیندستان باز هەرتەنها لەسەر کولتووری هیندییەکان نەیدەنووسی بەڵکو کتێبێکی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە نووسی بەناوی(کلۆد لیفی شتراوس و فیستیڤالی ئیسۆبۆی تازە) کەلەساڵی ١٩٦٧دا بڵاوکرایەوە,هەروەها بەفراوانی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی وئەدەبی جیهانی دەنووسی و,بەکارە بڵاوکراوەکانی پێشوودا




چووەوەو بەشێکی لێ هەڵبژادن و دەستکاری کردن,هەر لەوماوەیەدا تێبینیەکی زۆری بۆ بیرۆکەی کتێبێک نووسی,کەدواتر بیرۆکەکە پەرەی سەندو بوو بەکتێبی بەناوبانگی(گرێ دووانە)کەساڵی ١٩٩٣بڵاوکرایەوەو,کتێبەکە بەراوردکاری لەنێوان بیرۆکەکانی خۆشەویستی لە نەریتە ڕۆژئاواییەکان و هیندییەکاندا کردبوو,کە زۆر جار مژارەکە پەلی دەکێشا بۆ جیوازیەکانی نێوان ئەو دوو کولتوورە لەبونیاتە مۆسیقیەکانیشدا.

باز دەیزانی ئەو سەربە ڕێچکەیەکی دوورودرێژە لەنووسەرە دیبلۆماتکارەکان لەئەمەریکای لاتینی,وەکو گابریێل میسترال,پابلۆ نیرۆدا,میگێل ئەنخێل ئەستۆریاس,ڕۆبین داریۆ,ئەلیخۆ کار بنتییە,هەر لەسەدەی نۆزدەشەوە هەندێک لەناودارترین نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی چوونە نێو جیهانی سیاسەتەوەو بوون بەسەرۆکی وڵات,هەرچەندە ئەوان دیبلۆماتی پیشەگەریش نەبوون,لەوانە


رۆمۆلۆ گالیگۆس لەفەنزویلا,دۆمینیگۆ فاوستینۆ سارمێنتۆ,هەروەها بارتۆمی میێری لە ئەرژەنتین,خۆسییە مارتی ساڵی ١٨٩٥ لەپێناو سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوبا لەئەسپانیا,کوژرا,نیرۆدا خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پاڵاوت,فیسنتی هۆیدۆبرۆ بەهەمان شێوە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار پاڵاوت و سەرکەوتوو نەبوو,هەروەک چۆن ماریۆ فارگاس یۆسا کردی,خۆسییە خوان تابلادا,فیدریکۆ جامبوا,خۆسێیە جۆرۆ سبتیزا,خایمی تۆریس بۆدێت,مابڵز ئارسی,هەموو ئەوانە هاوڕێی ئۆکتاڤیۆ باز بوون.ژیاننامەی باز نموونەیەکی ڕوونە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرفەت و باشییەکانی کاری دیبلۆماتی لەهاندانی بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا,ئەو ساڵانەی کەلەپاریس بوو بەتەواوی ئاوەزی وروژاندوەو,پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ پێشەنگی ئەدەبی ئەوسا بەستا,ئەو ماوەیەی کەلەئەمەریکا بوو,شیعرەکانی بەهۆی پەیوەندی بەردەوامی بەنێوەندە ئەدەبییە ئەنگلۆ ئەمەریکاییەکان,بەتەواوی پێگەیشت,پاریسی ئەو کات شوێنی بەیەک گەیشتنی نووسەران وهونەرمەندانی ئەمەریکای لاتینی بوو, بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان,ژیان ڕەهەندێکی جیاوازی لەدیدی ئەوانەوە پێ بەخشیبوون کەبەسادەیی لەژیانیان دەڕوانی,ئەزموونی پتەوی کولتووره دوورەکانی وەکو هیندستان دیدێکی(نارۆژئاوایی)بەباز-ی جیهانی بەخشی,باز کاتێکی زۆری خۆی بەگەشتکردن لەنێو وشکاییەکانی نیمچە کیشوەری هیندستاندا بەسەر دەبرد,هەروەها لەماڵەکەی خۆی پێشوازی لە نووسەرە دیارەکانی وەکو خۆلیۆ کۆرتازار,سیفیرۆ ساردۆی,رۆفینۆ تامایۆ دەکرد,کەلەڕێگای ئەمەوە هیندستانیان ئەزموون دەکرد,لەکاتی مانەوەی لەدەلهی پەیوەندیەکی دۆستانەو هاوکاری قوڵی لەگەڵ ئاوازدانەری ئەمەریکی جۆن کیج و.ژنە سەماکەر مێرس کینگهام و,وێنەکێش رۆبێرت رۆشنبێرگ دا هەبوو.

سەرەڕای پەیوەندی داهێنەرانەی لەگەڵ کۆمەڵێک لەوێنەکێشان و نووسەران و رۆشنبیرانی هیندستان,کە توێژی رۆشنبیرانی (تازە)ی هیندستانیان پێک دەهێنا,وەکو بەشێک لەپرۆتۆکۆلی دیبلۆماتیش,پێنج رۆژ دوای گەیشتنی بە هیندستان کارنامەی خۆی پێشکەش سەرۆک وەزیرانی هیندستان جەواهیر لال نەهرۆ کرد,باز زۆر سەرسامی ڕێکپۆشی ولێوەشاوەیی نەهرۆ بوو,چونکە






ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



سەرەڕای ساڵانی دوورو درێژی خەبات و,شکستی گەورەی هیندستان لە شەڕی چین – هیندستاندا کەلە٢٠-١٠- ١٩٦٢هەڵگیرساو لە ١٢-١١-هەمان ساڵ بەدۆڕانی هیندستان کۆتایی هات,بەڵام ناوبراو لەساڵانی دواییدا لە درەوشانەوەدابوو,لەبۆنەیەکی تریش توانی نەهرۆ لەنزیکەوە بناسێ,کاتێک سەردانی پێشانگایەکی هونەرمەندە لاوەکانی هیندستانی کرد,کە باز-خۆی ڕێکی خستبوو,باز کتێبەکانی سەرۆک وەزیرانی خوێندەوەو.گوێی لەوتارەکانی دەگرت, بەمەش توانی لەتوانای بەرزی نەهرۆ بگا,لەتێکەڵکردنی مرونەت ووزەوداهێنانی فیکری وواقیعیەتی سیاسیدا. دوای چەند ڕۆژێکی کەم لەچاوپێکەوتنی نەهرۆ,ئەمجارە کارنامەکەی خۆی پێشکەش سەرۆک کۆمار دکتۆر سارفیبالی رادا کریشنان کرد,ئەویش فەیلەسووفێکی لاسایی کەرەوەی ئەفلاتوونی بوو,باز ئاماژە بەوە دەکا (کاتێک کە فەلسەفە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ودەبێت بەپەروەردە,بەمەش لە بەرزترین وێنە سیاسیەکانیدا دەردەکەوێ),باو هێما بە کارە ئەکادیمییەکانی دکتۆر رادا کریشنان دەکاو دەڵێ هیچ لەوە خۆشتر نییە سڵاو لەسەرۆک دەوڵەتێک بکەی کەهەر خۆی مامۆستاو توێژەرێکی وێڵی دوای هەقیقەت بێ,باز بەیاوەری نەهرۆی(باوکی)چاوی بەئەندیرا غاندی دەکەوێ,کەدوای مردنی باوکی لە ١٩٦٤ دەبێتە وەزیر لەحکومەتی ئەو کاتەدا,دوای ئەوە زۆر چاوی بە ئەندیرا غاندی دەکەوێ و,لەیەکتر نزیک دەبنەوەو,دیدارەکانیان پرۆتۆکۆلی دیبلۆماتی تێدەپەڕێنێ.لەبەر ئەوەی هیندستانیش هیچ سیاسەتێکی دیاریکراوی لەهەمبەر ئەمەریکای لاتینی نەبوو,بۆیە ئەندیرا متمانەی لەسەر باز بوو سیاسەتی ناوچەکەی بۆ دابڕێژێ,ئەندیرا ساڵی ١٩٦١ سەردانی مەکسیک دەکا,پاشان ڕووە لێکچووەکانی نێوان نێوان مەکسیک وهیندستان دەبینێ,بەڵام زانیاریەکانی سەبارەت وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتینی کەم وسنووردار بوو. ئەرشیفە دیبلۆماسییەکانی ئۆکتافیۆ باز کەپەردەی نهێنیان لەسەر لادرا ئاماژە بەچەند ڕاستیەکی نەزانراو لەبارەی مێژوو بەگشتی دەکەن,ناوبراو ڕۆڵێکی گرینگی لەئازادبوونی(گوا)کە ویلایەتێکە لە ڕۆژئاوای هیندستان لەسەر کەنارەکانی دەریای عەرەب بەبچوکترین ویلایەتی هیندی دادەنرێ,لەساڵی ١٩٦١ دا بینیوە,کەساڵی ١٩٦٢ شێوە فەرمیەکەی وەردەگرێ,پورتوگالیەکان پێیان وابوو کەئەوە(دەست بەسەردا گرتنە)لەلایەن هێزی چەکداری هیندستانەوە,بەڵام پرۆسەکە بووە نیشانەیەک بۆ سنووردانان بۆ کۆلۆنیالییە



پورتوگالیەکان لەدەرەوە,کەماوەی ٤٥١ ساڵی خایاند,ئەو کاتەی ئۆکتافیۆ بازی شاعیر وەکو باڵوێز گەیشتە هیندستان,باڵوێزخانەی وڵاتەکەی بەکردەیی لەململانێی نێوان(گوا) وپورتوگال تێوەگلابوو,بۆیە پێشنیاری کرد گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پورتوگال وگوا لەهەریەک لەبانجیمی پایتەختی ویلایەتەکەو لیشبۆنەدا بکرێ,نەهرۆ پێشنیاری کرد باز لەلای دەسەڵاتدارانی پورتوگال نێوەندگیری بکا.

سەرەڕای ترسە سیاسیەکانی باز,بەڵام چەند دەست پێشخەرییەکی کولتووری داهێنەرانەو تازەی هەبوو کە بوونە مایەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەکولتووری مەکسیکی لەهیندستان,ئەویش لەڕێگای ڕێکخستنی پیشانگایەکی گەڕۆکی بەرفراوان بۆپیشە دەستیە مەکسیکیەکان لەهیندستان لەساڵی ١٩٦٥دا, هەروەها باز ڕۆڵێکی سەرەکی لەسازدانی یەکەمین پێشانگای هونەری تانترا لەئەوروپادا هەبوو هەر بۆ بەرچاو ڕوونی تانترافەلسەفەو مومارەسەیەکی ڕۆحی کۆنی هیندۆسیەکان وبوزیەکانە ئامانج لێی فراوانکردنی ئاگایی مرۆڤ و بەگەڕ خستنی خودی مرۆڤە بەبەکارهێنانی وزەشارراوەکانی جەستەو هەناسەدان وتەرکیز کردن بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی تێڕامانی قوڵ,هەروەها باز پشکی لەئامادەکردنی کەتالۆگی پێشانگایەکەی ساڵی ١٩٥٥وشوباتی ١٩٧٠دا هەبوو کەلەپاریس کرایەوە,هەروەها دواتر لەمیلانۆو ڕۆماش کرانەوە,ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندین نووسەرو هونەرمەندی ڕۆژ ئاوایی بایەخ بەگواستنەوەی ئەو هونەرە بدەن.

لەڕووی بازرگانیشەوە بازی باڵوێز چەندین دەست پێشخەری بازرگانی گرینگی هەبوو,ساڵی ١٩٦٤یەکەم ڕێککەوتنامەی بازرگانی بۆ هەناردەکردنی(دارچین)ی هیندی بۆ وڵاتەکەی واژۆکرد,هەرچەندە پێشتریش دارچین لەناندینی مەکسیکی زۆر بەکار دەهات,بەتایبەتی لەئامادەکردنی شیرنەمەنیەکان وزەلاتەو کولێرەو, مەشروب وخواردنەوەکانی تردا,بەڵام ناوبراو توانی پارێزگاری لەئاکارە سەرەکیەکانی کارەکەی



بکاو,بتوانێ جیاوازیەکانی نێوان ژیانی شیعرو نووسین وکاری دیبلۆماتی بپارێزێ,ترسێکی زۆری لەو برسیەتیەە هەبوو کەوڵاتی هیندستانی گرتبووەوە,ئەمە هانیدا دەستی یارمەتی بۆ ئەو وڵاتە هەژارە درێژبکاو,لەبارەی پەرەپێدانی تۆوی گەنمی هیندستانی لەگەڵ خاتوو ئەندیرا غاندی دواو,باسیان لە چۆنیەتی پەرەپێدانی بەروبوومی گەنمی مەکسیکی کرد,ئەم هەنگاوە بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی سەوز لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا,بەرەزامەندی ئەو خانمەش توانرا بڕێکی زۆر لەوجۆرە گەنمە هاوردە بکرێ کە بەرهەمێکی زۆری دەبێ و,کە دەڕوێ گوڵەکەی کورتەو بەرگەی نەخۆشیەکان دەگرێ و,یەکەم چاندنی ئەزموونگەری ئەو گەنمە مەکسیکیە هاوردەکراوە لەویلایەتی سۆنۆرابوو کەبەرهەمێکی لێ کەوتەوەو,دواتر بەتۆی سۆنۆرا ناسرا.

دوای ئەو هەموو کارە باش وخزمەتە زۆرەی باز لەتشرینی یەکەمی ١٩٦٨دەستی لەکارکێ شایەوەو,بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکانی ئەو کات, دەردەکەوێ کەوا باز ماوەیەک بوو پلانی دانابوو لەکاری دیبلۆماتی بکشێتەوەو, بگەڕێتەوە بۆ مەکسیک تا گۆڤارێک دەربکا,پەرە سەندنە سیاسیەکانی ئەو کاتیش بوونە هۆی پەلەکردن لەبڕیارەکەی,بەڵام ئەوەی سەیر بوو پرۆسەی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی دوو ساڵی خایاند, بەهۆی دژایەتیکردنی لەلایەن حکومەتی وڵاتەکەیەوە,ئۆکتافیۆ باز یادداشتی دەست لە کارکیشانەوەکەی بەجۆرێک نووسیبوو,کە زیاتر لەوتارێکی فەرمی دەچوو نەوەک دەست لەکارکێشانەوە,هەروەک خۆی دەڵێ(بەدەم ئازارو تورەییەوە)نووسیبووی.

ساتی ڕۆیشتنی خۆی لەو وڵاتە بە(ترش وشیرین) وەسف دەکا,بەهۆی ئەو کاردانەوە زۆرەی لەهیندستان بۆ بڕیارەکەی هەبوو,خەڵکێکی زۆر بۆ پیرۆزبایی لێکردن سەردانی ماڵەکەی دەکەن,هەرچەندە خانووەکەش تەنها یەک نهۆم بووە, کاتێک دەگاتە وێستگەی شەمەندەفەر تا بەشەمەندەفەر بچێتە شاری بۆمبای ولەوێوە بەکەشتی دەریایی بڕوا بۆ ئەوروپا,خەڵکێکی زۆر بۆ بەڕێکردنی کۆ دەبنەوە,خوێندکاران وهونەرمەندان ونووسەران,لەسەر لێواری شۆستەکانی وێستگەی شەمەندەفەر تا



درەنگانێکی شـەو بەچەپکـە گوڵـەوە دەوەسـتن, وەکو ڕێزگرتن وسوپاسگوزاری لەو خزمەتانەی پێشـکەش ئـەو وڵاتـەی کرد,باز سـەرەڕای ئـەو گەرموگوڕییـە هەرگیـز لەبڕیارەکـەی پەشـیمان نەبووەوەو,جارێکـی تـر ئـارەزووی ئـەوەی نەکـرد بگەڕێتـەوە بـواری دیبلۆماتـی هەرچەنـدە زۆر منەتبـاری ئـەو کارەو بـواری دیبلۆماتـی بوو,چونکـە دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـاند گەشـت بـۆ چەندیـن وڵات وشـاری دوور بـکاو, چـاوی بەخەڵکێکـی زۆر لەزمـان ونـەژادو کولتـووری جیاجیا بکـەوێ و,بارودۆخـی مرۆیـی جیـاواز ئەزمـوون بکا,لەسـەرووی ئەمانەشـەوە منەتبـاری دیبلۆماسـیەت بـوو چونکـە هیندسـتان ومـاری خۆسـییەی پـێ بەخشـی ئـەو خانمـەی کـە ببـووە چەقـی ژیـان وشـیعرەکانی...

**سەرچاوە:**


١- چەندیـن ماڵپـەڕی ئەنتەرنێـت وەکـو وکیپیدیا,الدیوان,چفـە پالپـە

٢- گۆڤـاری الفیصـل ژمـارەی مانگـی مایسـی ٢٠٢٥

# (بۆنی باران)..
# بۆنی خاک و شیعر و گۆرانی





**ڕانان: ئەرسەلان حەسەن**

دوای نامیلکەی شیعریی (درەختێک هەستی وەریو)، کە پێش بیست ساڵ و بە (٤٩) دەق و (٥٧) لاپەڕەی قەبارەی نیمچەگیرفان، (بۆنی باران) تازەترین ناونیشانی دیوانەشیعرێکی لیریکی دکتۆر هێرش ڕەسوڵە، لە دووتوێی (٢٨٨) لاپەڕە و بە قەبارەی (١٦ بە ٢٣ سم) و لە (چاپکراوەکانی «یانەی کتێبی ڤیم»ی دامەزراوەی ڤیم)ـە. (محەمەد بابۆڵی و بڕوا عوسمان)، نەخشەسازیی ناوەوەی کتێبەکە و بەرگەکەشی دامەزراوەی ڤیم نەخشەسازییان کردووە.

چاپی یەکەمی (ساڵی ٢٠٢٦) و بە تیراژی (٥٠٠) دانە چاپکراوە. ژمارەی سپاردنی (٢٠٥٢)ی لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە. کتێبەکە بریتییە لە (١٣٣) دەق بە ناونیشان و ڕوخسار و فرەناوەرۆکی جیاوازیی (لە گەشبینییەوە بۆ ڕەشبینی، لە ژیاندۆستییەوە بۆ مەرگدۆستی، لە نیشتمانی و نەتەوەییەوە بۆ یاخیبوون، لە عەشق و بەیەکگەیشتنەوە بۆ دووری و دابڕان، لە سۆز بۆ ڕابردوو "نۆستالیژیا"وە بۆ ئێستادۆستی و خۆشویستنی هەنووکە، ...تاد.) کۆتاییەکەشی وتارێکە بەناونیشانی (لیریک و لیریکی کوردی) کە نووسینی بۆ ساڵی (٢٠٢٤) دەگەڕێتەوە و بە دووبەش لە ژمارەکانی (٤٣ و ٤٤)ی گۆڤاری (دیوان)ی ئازیزدا بڵاوی کردووەتەوە. جگە لە (لەبری پێشەکی، وتەیەکی پێویست، ژیاننامەی شاعیر).


دکتۆر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجیی شاعیر، لە نووسینێکی کورت و پووختدا بەناوی (لەبری پێشەکی) و کە بە خەتی خۆی بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی: "ئەم دەقە جوانانە کە هەندێکیان شیعرن و کەمێکیان وەک پەخشانەشیعر دەردەکەون، بەو جوانی و سۆز و بۆن و بەرامەیەوە کە هەیانە، شایانی خوێندنەوە و تێڕامانن."

ڕاستییەکەی، شاعیرێکی بە ئەزموونی وەک فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی بەو شێوەیە باسی شیعرەکانی (بۆنی باران) دەکات، کەواتە پێش خوێندنەوەی شیعرەکان ئەم شاعیرە پێماندەڵێت؛ شیعرەکانی (بۆنی باران) شایانی تێڕامان و خوێندنەوەن. بۆیە ئەو نووسینە دەبێتە کلیلی

کردنەوەی دەروازەی (بۆنی باران) و بۆنی خاک و شیعر و گۆرانی و بە پەرۆش و رامان و لێوردبوونەوە خوێنەر هەنگاو بەرەو خوێندنەوەی دەقەکان دەنێت و بێگومان چێژ لە شیعرەکان وەردەگرێت. شاعیر، ئەم چەپکە لیریکەی پێشکەشی ڕۆحی بەرزەفڕی باوکی، کە بەر لەچاوکردنەوەی ئەم کتێبە مالاوایی یەکجارەکی کردووە و دایکی و تاژانی هاوسەری و جگەرگۆشەکانی کردووە. لە کۆتاییشدا پێشکەشی هونەرمەندانی موزیکژەن و ئاوازدانەر و سترانبێژانی کوردی کردووە، ئەوانەی ڕێزی وشەی جوان دەگرن! لە کۆیاییشدا لە (تکایەکی دۆستانەدا) دەڵێت: "تکایە هیچ بەرێزێک بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی نووسەر، بۆی نییە ئەم کتێبە چاپ بکاتەوە، یان لەبەری بگرێتەوە، جا بەهەر شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی یاخود هەر شێوەیەکی تر بێت. هەروا ئاواز بۆ دەقێک لە دەقەکان دابنێ، یان بیکاتە گۆرانی، بە پێچەوانەوە، ڕووبەڕووی بەرپرسیاریێتیی یاسایی دەبێتەوە." کە بێگومان ئەوەش مافی ڕەوای هەر شاعیر و خاوەن دەقێکە.

### لیریک و لیریکی کوردی

ئەم کتێبەشیعرییە جیاواز لە ئەوانیدیکە، بە هۆی پاشخانی ئەکادیمیی نووسەرەوە پاشبەندێکی هەیە، کە نیمچەتوێژینەوەیەکە سەبارەت بە (لیریک و لیریکی کوردی). شاعیر، لە وتارەکەیدا جگە لە گلەیی و گازندە لە کەمیی نووسین و بنکۆڵکاری سەبارەت بە لیریک (شیعری گۆرانی) بە زمانی کودی بە گشتی و لەمڕۆی ئەدەبیاتی کوردی دەکات. بۆ پێناسەی چەمکی لیریکیش دەڵێت: "زاراوەی ("Lyric") لە وشەی یۆنانی "لیریکۆس"ەوە هاتووە، کە بە واتای گۆرانی گوتن بە لیرا دێت. لیرا ئامێریکی موزیکە و لە یۆنانی کۆندا بە موزیکی ئەم ئامێرە گۆرانیان گوتووە.". (هیگڵ) پێی وایە؛ "شاعیری لیریک دەتوانێت بە





ناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە و بە دوای بەرهەمهێنانی ناوەرۆکدا بگەڕێت." شاعیر ئاماژەش بە لیریک لە زمانە جیاوازەکان دەکات و، بۆ زمانی کوردی پێی وایە؛ "جاران پتر (هۆنراوە) بەکارهاتووە کە ناوێکی گشتییە، بەڵام ئێستا (لیریک، تێکست ـ دەق-، هەڵبەستیشی بەلاوە گونجاوە)."

کورتەمێژوویەکی لیریک

لیریک، مێژوویەکی زۆر لەمێژینەی هەیە و سەرەتاکانی بۆ یۆنانی کۆن، بۆ سەدەکانی (حەوتەم پێش سەدەی پێنجەمی زایینی) دەگەڕێتەوە. بە کورتی ڕاگوزەر بەو مێژووەدا دەکات و پاشان ئاوڕ لە تایبەتمەندییەکانی لیریک دەداتەوە و، ئەمەش لە هەشت خاڵدا دیاری دەکات. پاشان دەڵێت (شاعیری لیریک کێیە؟) کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەی پێکردووە، توانیویەتی شاعیری لیریکمان پێ بناسێنێت، کە "شاعیری لیریک یان لیریکنووس بەر لە هەر شتێک دەبێت "شاعیر" بێت، هەر لە بەهرە و توانای خۆڕسکەوە، تا دەگاتە شارەزایی ئەدەبی و پەیڕەوی نووسین و زمانزانی."

لیریک لە ئەدەبی کوردییدا

شاعیر، ئەگەرچی لە سەرنجێکی خێرا بە مێژووی هونەری گۆرانیی کوردی، بۆی دەرکەوتووە کە سەرەتای سەرهەڵدان و نەشونماکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "زەردەشت" و سروتەکانی گاتا (گاسا) و (یەشت)ـەکانی ئەو ئایینە کە لە کتێبی ئاڤێستادا هاتووە. دەشڵێت: "دەگوترێت، موزیک سەرەتا بەهۆی شمشاڵی شوانەوە هاتۆتە نێو کورد و پاشان پەرەی پێدراوە."

شاعیر بە گوێرەی زانیاریی خاکییانەکەی پێی وایە؛ لیریک لە ئەدەبیاتی کوردیی ناوەند (سۆرانی)ـدا، بە قۆناغ و وێستگەی جیاواز دا تێپەڕیوە، کە لە شاعیرانی کلاسیکەوە هێناویەتی و بەسەر چەند قۆناغێکی جیا جیادا دابەشی کردووە و لە هەر قۆناغێکیشدا ناوی ئەو شاعیرانەی نووسیوە لیریکییان نووسیوە یان لیریکنووسن. داوای لێبووردنیشی لە ئەوانە کردووە ئەگەر ناوەکەیانی بیرچووبێت.

گرفتەکانی هەڵبژاردنی دەق بۆ گۆرانیی کوردی

لە سەرەتای ئەم بابەتەدا (عەزرا پاوەند)ی بەنموونە هێناوەتەوە؛ کە سێلایەنی گرنگ کۆڵەکەکانی شیعر پێکدەهێنێت: (موزیک، خەیاڵ و سەمای ئاواز لە نێوان وشەکاندا). هەروەها لە چوار خاڵ هۆکارە سەرەکییەکانی گرفتی هەڵبژاردنی دەقی بۆ گۆرانی کوردی دیاری کردووە.

وێنە و شیعر

بێگومان وێنە بەردی بناغەی پێکهێنەری شیعرە

و شاعیر بۆ موزیک و هارمۆنی، حەوجێی بە وشەیە گوزارشت لە وێنە بکات. کە دەکرێت لە لیریکەکانی (بۆنی باران) زۆر وێنەی جوان بە نموونە بهێنینەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا نموونەیەک دەهێنینەوە:

**شەونمی سەر پەڕەی گوڵیت، بەیانان**
**دەمەوزەردە، لەگەڵ هەتاو ئاوێزان**
**پرشنگ دەدەی، بە گەڵا و گوڵ، بە باخچە**
**کەچی بۆ من، زوو ون دەبی لە چاوان**
**هەڵە لە (بۆنی باران) دا**


هەر چەند بەدەگمەن هەڵدەکەوێت کتێبی کوردی دوای چاپکردنی هەڵەی چاپ و کەم و کوڕی تێدا نەبێت، بەڵام دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم؛ کە من زۆر بە وردی و وەک دەڵێن کەوکووژیی "بۆنی باران"م خوێندووەتەوە، هەڵەکانی لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕێت. کە ئەمەش جێگە سەرنج و مایەی دەستخۆشییە بۆ شاعیر و ئەو دەزگایەی کتێبەکەی چاپ کردووە.

نموونەیەک لە شیعرەکانی

دکتۆر فەرەیدوون لە (لەبری پێشەکی)دا دەڵێت: "هەموویان (بۆنی باران)، لە دڵ و دەروونی پاک و بێگەرد و مرۆڤپەروەری دکتۆر هێرشەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەڵقووڵاون. ئای چەندە جوانن، چەندە بە بەهان."

ئەوەتا لە شیعری (ژیان و مردن) دا، هاوکێشەیەکی جوانی بۆ دروستکردووین و هێندە نزیک لە یەک و بێ مەودایەک لەنێوانیان باسیان دەکات، چێژمان پێدەبەخشێت:

**مردن هەمیشە وا لەبەر دەرگا**
**وەک میوانێکی خاوەن ماڵ وایە**
**کەی ئارەزووی کرد بەبێ تەقولباب**



**دێتە ژوورەوە و لە پێشماندایە**
**سەرنجێکی گچکە**

دەکرا شاعیر وتاری (لیریک و لیریکی کوردی) لەجیاتی کۆتایی، لەدوای (لەبری پێشەکی) دانابوایە، بۆ ئەوەی خوێنەران لە بەراییەوە بە زانیاریی شیعری لیریک و شاعیرانی لیریک و کورتە مێژووەکەی ئاشنا بووایە، کە دەکرێت لە چاپی ئایندەدا لەبەرچاوی بگرێت و شوێنەکەی ئاڵوگۆڕ بکات کە ئاماژەمان پێ کردووە.

دواجار

لەگەڵ خواستنی هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژی بۆ شاعیر، بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بۆ نووسین و ئاوڕدانەوە لەم ژانرە تەرخان بکات. ناشبێت بیرمان بچێت؛ دەبێت دەستخۆشی لە (دامەزراوەی ڤیم) و (یانەی کتێبی ڤیم) بکەین، کە لە زۆر بواردا خزمەتیان کردووە بە گشتی و نووسەران و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بەتایبەتی. خەرمان بەرەکەت و بەردەوامییان بۆ دەخوازین.

سەرچاوە: کتێبی "بۆنی باران" لیریک (شیعری گۆرانی)، هێرش ڕەسوڵ، سلێمانی، چاپکراوەکانی یانەی کتێبی ڤیم. نۆرەی چاپ، یەکەم. تیراژ (٥٠٠) دانە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# خانە داجیوەند

# شاعیرێکی دەڤەری لەکستان




ڕانان: ڕزگاری جەباری

خانە یەکێکە لە شاعیرانی ناوداری کلاسیکی کورد کە لە دەڤەری لەکستانی کوردستاندا ژیاوە. خاوەنی زەوقی شیعریی بەرز و جوان بووە و شیعرەکانی بە زاری گۆران تێکەڵ بە زاری لەکیی نووسیوەتەوە، کە بەداخەوە بەهۆی زەبری ڕۆژگارەوە، ژمارەیەکی کەمی شیعرەکانی دەربازیان بووە و بە دەستمان گەیشتوون.

**ناسنامەی شاعیر:**

شاعیر ناوی خانە بووە، بەپێی گێڕانەوەی دیکە ناوی خانمیرزا بووە و خانە نازناوی شیعریی ئەوە. خانە لە تیرەی جەعفەربەگی داجیوەند بووە و هەندێک دەڵێن لە تیرەی کەمەرەی پیرەمەوەن (پیرئەحمەدوەند) و هەروەها هەندێکی دیکەش دەڵێن لە تیرەی عالی بەگی بووە. گڵکۆکەی لە شاهـ بەیداق (شا بەیاخ) لەنێوان هەرسەم و دێزگران و هولەیلانە. یەکێک لە کۆنترین تۆمارەکان کە ئاماژە بە ناوی شاعیر دەکات، نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکەیەتی. لە سەر کێڵی گۆڕەکەی نووسراوە: هذا قبر خانە خواس ابن فرین داجیوند در تاریخ شهر .... سنە ١٢٢٧. واتە: ئەمە گۆڕی خانەی خەواس کوڕی فەرین داجیوەند لە مێژووی مانگی .... ساڵی ١٢٢٧ [ک.م \ ١٨١٢ز کۆچیدوایی کردووە]. بەپێی ئەم نووسراوە، شاعیر ناوی خانە بووە هەروەها (خواس: خواص) وەکو پەسنێک، بە واتای شارەزا و لێهاتوو لێکدراوەتەوە و فەرین ناوی باوکی بووە. مەلا عەوەزعەلی سیاهپووش



وێنەی کێلی گڵکۆی خانە داجیوەند

(کۆتایی ساڵانی ١٣٠٠ ک.م) لە چامەیەکدا کە بۆ شاعیری برای، واتە مەلا حەقعەلی سیاهپوشی نووسیویەتی، ناوی ژمارەیەک لە شاعیرانی کورد دەهێنێت، یادی خانەش دەکاتەوە:

(خانە) و خانە بێگ مەعریفەت کەثیر
توڕاب خان زەند تا وە شێخ ئەمیر

لەم شیعرەدا، خانە: خانەی داجیوەندە و خانە بێگ: خانای قوبادییەهەروەها مەلا عەبدوڵڵای داخی (سەدەی ١٩ز) شاعیری هاوچەرخ و هاوڕێی مەولەوی لە نامەشیعرییەکدا بۆ مەولەوی، هاوشان لەگەڵ حەوت شاعیری گەورەی کورددا، یادی خانە داجیوەند دەکاتەوە و دەڵێت:

**واتەی داجیوەند (خانە)ی دڵ خەمین**
**فەرموودەی شەفیع دەروون ماتەمین**

وئەڵبەتە ئەم دێڕە شیعرەی داخی لە هەندێ دەستنووسدا نەهاتووە و لە هەندێکی دیکەدا بە شێوەی جیاواز هاتووە. بۆ نموونە لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف بەمجۆرەیە:

**دانەی داخی وەند خانەی دا خەمین**
**فەرموودەی شەفیع دەروون ماتەمین**

**مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغیش لە دیوانی مەولەویدا بەمجۆرە تۆماری کردووە:**


**واتەی واچێوەند خانای دڵ خەمین**
**فەرموودەی شەفیع دەروون ماتەمین**

وەکو وتاریش تاوەکو ئێستا کۆنترین بابەتێک لەبارەی شاعیرەوە چاپ و بڵاوکرابێتەوە، وتارەکەی یەدوڵڵای ڕەزایی کەڵهوڕییە؛ کە ساڵی ١٩٤٦ز لە گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە بە ناوی بوێژەکانی لوڕستان، لەکستان، پیشکو، پشتکودا بڵاوی کردووەتەوە.

داجیوەند دەکەوێتە داوێنی شابوداغ لە سنووری کەڵهوڕ و لەکستان تا نزیک کرماشان جێگایەکی خۆش و ئاوهەوا باش و سازگارە. لە ژێر فەرمانی ماشەڵڵا خانی ئەسفەندیاری کوڕی قولی خانی بالەوەندا بووە. داجیوەند شاعیری دیکەیشی تێدا هەڵکەوتووە، مامۆستا محیددین ساڵحی باسی شاعیرێک دەکات بە ناوی موراد داجیوەندی لەک کە لە سەدەی ١٣ کۆچیدا ژیاوە.

**سەردەمی ژیانی شاعیر:**

یەدوڵڵا ڕەزایی کەڵهوڕ دەڵێت: شاعیر لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ز ژیاوە. پاش پەنجا ساڵ ژیان، لە ساڵی ١٩١٥ز لە تەرهان کۆچیدوایی کردووە. و دەڵێت: خۆم کێڵی گۆڕەکەیەم بینیوە و لە سەری نووسراوە کە خانەی غەواسی دووڕسەنج لێرە نێژراوە. هەروەها دەڵێت: خانە



وێنەی شیعرێکی خانە و پەراوێزی مەحموود پاشای جاف کە ناوی خانە دێنێت، لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا

برازایەکی نەوجەوانی هەیە ئێستاش (مەبەست دەیەی ٤٠ی سەدەی ٢٠ زایینییە) هەرماوە و شیعری بەرزی هەیە. مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی باخی شاعیراندا ئاماژەی بە ناوی کردووە: خانەی داجیوەنی لەک و ماوەی ژیانی ١٧١١ – ١٧٨٠ز دیاریی کردووە. دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی لە بەرگی چوارەمی (حدیقە سلطانی)یەدا دەڵێت: شاعیری سەردەمی ناسرییە و لەنێوان ساڵانی (١٢٦٤ – ١٣١٣ ک.م \ ١٨٤٧ – ١٨٩٥ز) ژیاوە. دکتۆر سدیق سەفی زادە لە بەرگی دووەمی فەرهەنگی کوردیدا ماوەی ژیانی شاعیری (١٢٦٠ ک.م \ ١٨٤٤ز – ١٣٤٩ک.م \ ١٩٣٠ز) دیاری کردووە. ئەسفەندیار غەزەنفەریش هەر ساڵی ١٣١٣هـق / ١٨٩٥ز بۆ مردنی داناوە. مەحموود پاشای جاف (١٨٤٦ – ١٩٢١ز) لە کەشکۆڵەکەیدا جگە لە هێنانی دوو شیعری خانە، لە سێ جێ و پەراوێزدا باس

لەوە دەکات کە لەگەڵ خانە ناوێک لە بەغداد پێکەوە بوونە. لە یەکێکیاندا دەڵێت: از تاریخ ١٢٩١ از هڤدهم شهر شوال وقتی با خانە در بغداد مقیم بودم. واتە: لە مێژووی ١٢٩١ [ک.م \ ١٨٧٤ز] لە حەڤدەی مانگی شەوال لەگەڵ خانە لە بەغداد نیشتەجێ بووم. مامۆستا عەبدوڵڵای حەبیبی ساغکەرەوەی کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، دەڵێت: لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە نەهاتووە کە خانەی داجیوەند هاوڕێی مەحموود پاشا بووبێت و ماوەیەک لە بەغداد ژیابێت. هەروەها دەڵێت: ئەگەر مەبەستی مەحموود پاشا لە خانە، خانەی داجیوەند بێت، کەواتە نووسراوی سەر گۆڕەکە ١٢٢٧ک.م \ ١٨١٢ز دروست نییە و خۆم سەیری نووسراوەکەم کردووە و وا دەزانم ١٣٣٧ک.م \ ١٩١٨ز بێت. زانیاریی ئەوتۆ لە ناوانە کە خانە، دیمانەشیعری لەگەڵ مەلا نەجەفدا هەبووە. مەلا نەجەف لە سەدەی ١٨ زایینییدا ژیاوە و ناوی لە چامەی شاعیرانی کوردستانی ڕەنجووری (١٧٥٠ – ١٨١٣ز)دا هەیە و لەگەڵ ڕەنجووریدا نامەشیعرییان ئاڵوگۆڕ کردووە. هەموو ئەو زانیارییانەی خراونەتە ڕوو بە گشتی دوو سەردەمە: سەدەی ١٨ و سەدەی ١٩ز.

**هەندێ زانیاریی لەسەر ژیانی:**

خانە بە مەنداڵی لای باوکی قورئان و لای مەلایان سەرف و نەحوی خوێندووە. دواتر هەموو ژیانی بە کاری کشتوکاڵییەوە بەسەر بردووە. بە پێی گێڕانەوەکان: خانە مرۆڤێکی کەڵەگەت و هەیکەل ڕێک و ڕوخسار جوان بووە و دەنگیشی خۆش بووە. ناوی هاوسەرەکەی (کەمەرە) بووە و خزمی خۆی بووە. کەمەرە دەمرێت و خانە لە دوای مەرگی ناوەختەی هاوسەری جوانەمەرگی، تووشی شەیدایی دەبێت و پەیمان دەدات لە سەر گۆڕەکەی چادر هەڵبدات و هەتا مردن جێی نەهێڵێت. هەرچەند سەرزەنشت دەکرێت و دێنە لای، چارەی ناکەن، تا ڕۆژێک تەماشا دەکەن گیانی دەرچووە. بەڵام ئەم گێڕانەوەیە زیاتر لە هەڵبەستراوی خەڵکی سادەی ئەو سەردەمە دەچێت. وەکو باس دەکرێت شاعیر کوڕ و کچێکی هەبووە. بەڵام ئەوەی هەیە شیعری بۆ مەرگی کەمەرە نووسیوە و مەلا عەبدوڵڵای داخیش لە ئاماژەکەی خۆیدا بە (دڵ خەمین) پەسنی کردووە. ئەمە بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە کە شاعیر خەمێکی گەورەی هەبووە.

هەرچۆن دەنگۆی ئەوە هەبوو کە وەلی دێوانە، شاعیرێکی نەخوێندەوار بووە، ئەم دەنگۆیەش لە سەر خانە هەیە و دوو دێڕە شیعری ئەو کراوەتە بەڵگە:

**یەکەم:**

**(خانە) بی سەواد گەوهەر شکاوە**
**ستارەش نە قەعر گێژ گەرداوە**

**دووەم:**

**حەیف کە وای دنیە فتنە شیمەوە**
**(خانە) نەشناسی (واو) ژە (میم)ـەوە**

بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی دیوانی ڕەنجووری هەندێ لایەنی ژیانی وەلی دێوانە ئاشکرا بوو. یەکەم سەردەمی ژیانی دێوانە، سەدەی ١٩ز نەبووە، بەڵکو سەدەی ١٨ز بووە. دووەم بەپێی ئەوەی لەگەڵ ڕەنجووریدا نامەیان ئاڵوگۆڕ کردووە و ڕەنجووری پایەی زانستی و شیعریی وی بەرز دەنرخێنێت:

**میزارم خاس خەیاڵ میرزام خاس خەیاڵ**
**میرزای خوڵاسەی خاسەی خاس خەیاڵ**

ئەو دەنگۆیە بە ناڕاست دەخاتەوە کە نەخوێندەوار بووە. بۆیە دەشێت دەنگۆی نەخوێندەواریی خانە، هەواڵێکی ناڕاست بێت.

**گڵکۆی شاعیر:**

گۆڕەکەی دەکەوێتە ناو گۆڕستانی مێژوویی و کەونەواری (شاهبداغ : شاهـ بەیداق) کە پێشتر گۆڕستانی تیرەی سوورەمیرییەکان بووە. شوێنی ژیانی شاعیر واتە هولەیلان سەربە شارۆچکەی چراودلە لە پارێزگای ئیلام.

**بەرهەمەکانی شاعیر:**


ئەوەی ماوەتەوە چەند شیعرێکە زیاتر بابەتی ئەویندارین و لەبارەی زوڵف و خاڵەوە بوونە. بەڵام گێڕانەوەکان ئەوە دەڵێن کە گوایە شیعری سلوک و عیرفانیشی هەبووە. خانە هاوچەرخی شاعیرانی گەورەی (مەلا نەجەف) و (تورکەمیر) و (نووره) باپیرەی مەلا مەنوچێهری کۆڵیوەند بووە و دیمانە شیعریی چوارقۆڵییان هەبووە. لەگەڵ ئەوەی هەریەکە و خەڵکی دەڤەرێکن بەڵام شیعر کۆی کردوونەتەوە و پێکەوە گەڕاون و شیعریان بۆ یەک سەندووەتەوە. جارێک نەجەف و خانە دیمانەشیعری دەکەن، نەجەف دەڵێت ئافرەت لە پێنج ڕوانگەوە جوانە، خانە دەڵێت ئافرەت تەنها لە دوو ڕوانگەوە جوانە: یەکەم چاوەکانی و دووەم لێوەکانی.

**ئەو شیعرانەی لە بەردەستن ئەمانەن:**

١-شیعری شا و وەزیر: ١٧ دێڕە. یەکێکە لە بەناوبانگرینی شیعرەکانی کە بیرۆکەی دەقەکە لە یارییەکی کوردەوارییی دەڤەری لەکستان وەرگیراوە. ئەویش بریتی بووە لە پاکەتێکی شەش لا، لایەک: شا، لایەک: وەزیر، لایەک: دز، لایەک پیاوێک و دوو لای دیکە. پاکەت هەڵدەدراو بوون بە پاشا یان وەزیر یان دز، پاداشت و سزای تێدا بوو. خانە لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت:

**برالەم چەم دیم برالەم چەم دیم**<br>
**وە کارخانەی لەیل هەر ئیمشەو چەم دیم**<br>
**دوو بە دوو نارنج دوو تەڵا و دوو سیم**<br>
**هەر هەشت وە بازی وە لەیلی دوزیم**<br>
**نیشتن وە بازی نیشتن وە بازی**<br>
**لەیلی و زلێخا نیشتن وە بازی**<br>
**قاپی ئاوەردن کردن وە قازی**<br>
**خانەیج بردنە وەر رازی ناڕازی**

٢-نزا بۆ چاکبوونەوەی کەمەرەی هاوسەری کە نەخۆش بووە: ٦ دێڕە.



وێنەی شیعرێکی خانە و پەراوێزی مەحموود پاشای جاف کە ناوی خانە دێنێت، لە کەشکۆڵی مەحموود پاشای جافدا

**یا هەق مەرگ و نام فزون و بیشەن**<br>
**هەردەم لە جەرگم لە جای نۆش نیشەن**

٣-شیوەننامە بۆ مەرگی کەمەرەی هاوسەری: ١٦ دێڕە.

دێڕی سەرەتا:

**کەمەر شکاوە کەمەر شکاوە**<br>
**شنەفتم فەڵەک مینات شکاوە**

**دێڕی کۆتایی:**

**فکر هەنی کەر دونیا فانییە**<br>
**(خانە) هەر لە فکر باخەوانییە**

٤-زلێخام سان دا: ١٦ دێڕە. سەرچاوە: کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف.

دێڕی سەرەتا:

**زلێخام سان دا زلێخام سان دا**<br>
**سالار و سەرهەنگ صەهبانان سان دا**

**چەن دەسی کەڵاف سیان ئەشهەب بوو**
**تای زوڵف سەیوان ڕشتەی تانوپۆ**
**بۆی عەترێ مەیۆ شەوبۆ نە شاهۆ**

ئەم شیعرە لە دیوانەکەی خانای قوبادی لە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات-دا دراوەتە پاڵ خانا. ئەڵبەتە لەبری (ئەشهەب بوو) (ئەشهەد بوو) هاتووە. خەیات، هەروەها لە پەراوێزی دیمانە شیعری (نیاز و خانە)دا دەنووسێت: "وەکو بۆی دەچم و پرسیارم کردووە ئەم شیعرە گومان دەکرێ شیعری خانای قوبادی بێت، بەڵام وەکوو دیارە و ئاشکرایشە تاکو ئێستا هیچ شاعیرێکی ترمان نییە بە ناوی خانا و خانە." بەڵام خانەی داجیوەند هەیە و وا دیارە لە کەشکۆڵەکان یان ساغکەرەوەی دەقەکانەوە، شیعریان تێکەڵ کرابێت.

بەپێی دیوانە چاپکراوەکەی خانای قوبادی، خانای قوبادی: (١٦) جار نازناوی (خانا) ی بەکارهێناوە، (٣) جار (خانای قوبادی)ی بەکارهێناوە، (١٠) جار (خانە)ی بەکارهێناوە، (١) جار (خانەی قوبادی)ی بەکارهێناوە، (١٨) جاریش نازناو نەهاتووە. ئایا لەم شیعرانە، شاعیر خۆی؛ نازناوی بەکار نەهێناوە، یان شیعرەکە لێی کەوتووە؟ ئەوە دیار نییە. ئەڵبەتە تێکەڵبوونی شیعری شاعیرانی کلاسیک تازە نییە. ناو و نازناوەکانی وەکوو خان (خان ئەڵماسی لورستانی، ئەڵماس خانی کەندوڵەیی)، خانی (خانی هەرسینی)، (خانمیرزا) (خانمیرزای ئەولادی قوباد) و خانە، تێکەڵیی دروست کردبێت. ئەو شیعرانەی لە دەستنووسەکاندا لەژێر ناونیشانی (خانە)دا هاتوون، پێویستی بە سەرنج و وردبوونەوەیەکی زۆرترە، تا ناسنامەی خاوەنی شیعرەکە بە دڵنیاییەوە ساغ بکرێتەوە.

٨- شیرین وەو شەوبەن وەک نموونەی دەقی شیعریی خانە داجیوەند دەخەینە ڕوو:



**دێڕی کۆتایی:**
**(خانە) پیرۆزە کەنەن وە کاندا**
**بەخشی وە باڵای پەری جیهاندا**

٥- زلێخام کۆ دا: ٦ دێڕە. سەرچاوە: کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف.
**زلێخام کۆ دا زلێخام کۆ دا**
**کۆکۆ کەتونان بەهرامی کۆ دا**

٦- لەیل مەلاوناوە: ١٢ دێڕە.
**لەیل مەلاوناوە لەیل مەلاوناوە**
**حوقەیی فەم چی لەعل شکاوناوە**


لە گلزار ادب لرستاندا بە هەندێ جیاوازییەوە، هاتووە و دەڵێت: لاواندنەوەیە بۆ مەرگی منداڵەکەی.

٧-تەرکیب بەند: دێڕە. سەرچاوە: گلزار ادب لرستان.
**شیرن ئەشهەب بوو شیرین ئەشهەب بوو**

**شیرین وەو شەوبەن شەدە شەڕەوە**
**پیشانیش وەو شەوق شارق فەڕەوە**
**فەرقەن وە مابەین پای ما فەڕەوە**
**حاجب وە شیوە ستین زەڕەوە**
**فەیز ها وەو پڕ تویک تاووس پەڕەوە**
**سورمەسا دیدەش هەوەنگ حورەوە**
**مەر بەسەڕ وە سەر ئاهوی بەڕەوە**
**پای غەمزەش نە پیچ فەرەنگ فەڕەوە**
**سەحەر چی فەرڕوخ ها وە فەڕەوە**
**لیف پاش غەمزە فەرەنگ جەڕەوە**
**گەردن وەو گرە مەیل زەڕەوە**
**فەرقش فەرق نییە وە مەرمەڕەوە**
**لەو وە لەتافەت زەهەب زەڕەوە**
**دەهان سەدەف وار مەغزی مەڕەوە**
**بی وە نووشدار و تفڵ تەڕەوە**
**توپ زەنەخ وە تەرز نیلوفەڕەوە**
**مەر گوڵ وە باڵای موشەجەڕەوە**
**ئەو سەدر سینە بەحری بەڕەوە**
**لیش یاوا وەو زید بەرگ شەڕەوە**
**(خانە) گرانش چی نە وەڕەوە**

**سەرچاوەکان:**


١-دەنگی گێتیی تازە، ساڵی ١٩٤٦. بوێژەکانی لوڕستان، خانەی داجی وەن. یەدوڵڵا ڕەزایی. ژمارە ٣١ ل: ٦١٧ و ٦١٨، ژمارە ٣٢، ل: ٦٣٠.
٢-دیوانی خانای قوبادی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین). پێداچوونەوە: ئیدریس عومەر مەحموود. سنندج: نشر شوان. ٢٠١٦. ل: ٢٧٥.
٣-دیوانی ڕەنجووری، مەلا عومەری زەنگنە. لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. چاپی دووەم. هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی – ژمارە: ٤٥٩. ٢٠٢٢. ل: ١٧٤ – ١٧٧.
٤-سرود بادیە در احوال و آثار شعرای کرد و لک و لر. تالیف: استاد محی الدین صالحی. سنندج: انتشارات کردستان. چاپخانەء رستمخانی. ١٣٨٠. ل: ٢٠.
٥-کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف. بەرگی یەکەم. ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا حەبیبی. سلێمانی: بنکەی ژین – زنجیرە: ١٦٠. ٢٠٢٢. : ١٤٠ و ١٤١.
٦-گلزار ادب لرستان. مجموعە آثار شاعران و نگارندگان لرستان. غضنفری، اسفندیار. بە کوشش: اسعد غضنفری. خرم آباد: انتشارات مفاهیم. ١٣٧٨. ل: ٣٠٤ – ٣٠٨.
٧-مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم. علاءالدین سجادی. بەغداد چاپخانەی مەعارف. ١٩٧١م. ل: ٥٨٦.

# دیداری ئەدەبی

# گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری ناودار

# لـــەتیف هــەڵمەت



**دیدار: خالید کۆچەر**

دەمێکبوو بڕیاری ئەوەمان دابوو سەردانێکی شاعیری خۆشەویست و ناوداری نەتەوەکەمان مامۆستا لەتیف هەڵمەت بکەیین ، بەیانییەکەی ١٧ / ٥ / ٢٠٢٣ لە گەل هاوڕێیانم مامۆستای شێوەکار عەزیز پیرداود، ڕێدار سابیر و قەهار شێخانی لە هەولێرەوە بە ڕێککەوتین بۆ شاری سلێمانی ، بورهان بەرزنجی شاعیر لە کەرکووکە تەشریفی هێنابوو بۆ سلێمانی لە چاوەڕوانی ئێمە دابوو هاوڕێیمان بکات لەم سەردانەدا ، دوای نیوەڕۆیەکەی گەیشتینە سلێمانی و چووینە خزمەت ڕەوانشاد مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی نووسەرو زمانزان و وەرگێڕو دانا ، مخابن زوو بە جێهشتین ، نزیکەی دوو کاتژمێر لای ئەم زاتە مەزنە ماینەوە ، ڕۆژێک بوو لە ڕۆژە جوانەکانی تەمەن.

وێسگەی سەردانی دووەمی ئەم سەفەرەمان بۆ دیداری شاعیری خۆشەویست، شاعیری خاک و نەتەوە، شاعیری عەشق و جوانی (لەتیف هەڵمەت) دوای دەمەو عەسر گەیشتینە گەڕەکی چوارباغ لە دەرگای مالی (لەتیف هەڵمەت) ماندا بە دڵێکی فراوانەو ویقارو خەندەو پڕ خۆشەویستی دەرگای لێکردینەوە فەرموو فەرمووی لێکردیین ، بە خێر هاتنی کردین ، دانیشتن لە گەل ئەم شاعیرە گەورەیە تام و چێژی خۆی هەیە ، ئەو تەنیا شاعیرێکی ناودار نییە گەوهەرێکە لە جوانی ئەدەبیات و توحفێکە لە ناو جوانی ئەدەب ، بیرمەندو ڕۆشنبیرێکی گەورەی نەتەوەکەمانە ، تا لە دەستی نەدەیین نرخی نازانیین ، خوێنەرێکی تینووی عاشق بە کتێبە ، کتێبی خۆشدەوێت ، مالەکەی پڕە لە کتێب ، ئاگای لە ئەدەب و کلتووری هەموو دنیایە، کتێب نییە نەیخوێندبێتەوە و دەستی لێنەدابێت، چەندە شیعری خۆشدەوێت سەد ئەوەندە زیاتر چیرۆک و ڕۆمانی خۆشدەوێت ، تەواوی شاعیران و نووسەرانی دنیا دەناسێت و خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات ، هەر چەندە هەڵکشانی تەمەن و نەخۆشیی هیلاکی


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کردووە ، بەڵام مرۆڤێکی بێگەردە بە دەست خۆت نییە خۆشدەوێت ، دوای دانیشتن و گفتوگۆی ئەدەبی لە نێوانمان جوانییەکی دیکەی پێدەبەخشین ، پێمباشبوو لەم سەردانەدا چەند پرسیارێکی لێبکەم و بگەرێمەوە ناو جوانی ساڵانی هەشتایەکان ، دەربارەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کۆشیعری ( گەردەلوولی سپی ) و بۆچی رێگایان پێنەدا ورێگری لێکرا لە شاری هەولێر لە هۆلی گەل - شەعب شیعر بخوێنێتەوە ، لە گەل چەند پرسیارێکی دیکە بە دەنگ لەسەر مۆبایلکەم تۆمار کردووە )

**- مامۆستا گیان دەمەوێت یادەوەرییەکی جوان بگێرمەوە ، ساڵی ١٩٧٨ بوو ، دەمەو عەسر بوو بە رێککەوت لە گەل هاورێی شاعیرم سەباح رەنجدەر بە بەردەم کتێبخانەی سۆڵاف تێپەرییین ، مەقابەیەکی سپی هەلواسرابوو ، نوسبوویان : بەمزووانە نالەی جودایی - مام هێمن و گەردەلوولی سپی - لەتیف هەڵمەت دەکەوێتە بازار ئەوەی نیازی کرینی هەیە با ناوی خۆی بنووسێت ، نەمن نە سەباح رەنجدەر پارەمان پێنەبوو ، پرسیارمان لە کاک موسلیح ی خاوەن کتێبخانە ، گوتی : تازە هەلمانواسیووە ٣٧ کەسێک ناوی خۆیان نوسیووە ، بەیانی عەسرەکەی گەراینەوە ناوی خۆمان نووسیی ، لە هەزاری تێپەراندبوو ، ئەوەی مەبەستمە لەم پرسیارەمدا کۆشیعری : گەردەلوولی سپی بوێرییەکەی گەورەی تێدایە ، پرە لە شیعری هەستی جوانی نەتەوایەتیی ، چۆن کۆری زانیاری کورد ئەم کتێبەتی بۆ چاپکرد؟**

ساڵی ١٩٧٨ دەستنووسیی کتێبە شیعرییم گەردەلوولی سپی رادەستی کۆری زانیاری



کورد کرد بە نیازی چاپکردن ، شیعرێکی تێدابوو بۆ مارکس لە گۆڤاری رۆژی کوردستان بڵاومکردبۆوە ، رۆژێکیان ئەنوەر قادر محەمەد جاف هاتە لام و گوتی : لەتیف هەڵمەت دیوانەکەت چاپدەکرێت ، دیوانەکەت

**ساڵی ١٩٧٩ رێگریی لەکۆڕە شیعرییەکەم کرا لەهۆلی (گەل - شەعب) نەیانهێشت شیعر بخوێنمەوە**

مەیکە بە قوربانی شیعرێک ، گوتی : مامۆستا مەسعوود محەمەد رایسپاردووم ، گوتییەتی : ئەسلەن من حەزم لە شیعری نوێ نەبووە ، ئەم دیوانەم خوێندۆتەوە و شیعری کوردییم لە لا خۆشەویست کردووم ، حەزم زیاتر لە شیعری کلاسیکە ، بەڵام لەم دیوانەی لەتیف



فەرید زامدار          لەتیف هەڵمەت

هەڵمەت شیعرێکی تێدایە ، قەناعەتی پێبکەن شیعرەکە لابدا ئەم دیوانەی بۆ چاپدەکەیین ، ئەگەر لە گەل خۆتان بیهێنن ، منیش چووم بۆ لای ، مامۆستا مەسعوود محەمەد رۆحی شاد بێت ئەو ساڵانە سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بوو ، کۆڕ خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کرد ، پێگووتم : دیوانەکەت مەکە بە قوربانی شیعرێک ، منیش لە دڵی خۆمدا گوتم : با ئەو شیعرەی لە گەل نەبێت ، ئەسلەن خۆشم پەشیمان بوومەوە و شیعرەکەم نەخستە ناو هیچ دیوانێک ، گەردەڵوولی سپی چاپکرا لەناو خوێنەران پێشوازییەکی گەورەی لێکرا

بەڵێ بیرمە ساڵی ١٩٧٨ ئەم دیوانەم کڕی و بلێم : پەنجاجار خوێندوومەتەوە هەر بڕی تێنوویەتییم پێ نەدەشکا ، جار لەدوای جار دیوانەکەت خۆشەویستر دەبوو ، ئەو کات دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد لە ناو خوێنەراندا ، ئەی دەربارەی شیعری : بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە ...

یەکەم قەسیدەم بوو ، نالی ڕەمزی خۆشەویستی ئومێدێکی گەورە بوو بۆ هەمووان ، یادو یادەرییم زۆرە لە گەل شیعرو کتێب ، لەگەل سەڵام محەمەدی شاعیر لە میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک ئاژاوەیەکی گەورەمان

## مامۆستا مەسعوود محەمەد پێیگووتم: دیوانەکەت بە قوربانی شیعرێک مەکە

دروستکرد ، ئەگەر بەرپرسێکی کوردی ئەو کات نەبوایە ، گوتی : ئەوانە شێتن ، دەنا چەند ساڵ زیندانی دەکراین ، دەربارەی کاریگەر ئەدەب بە سەرتا ، کاریگەری هەموو دنیام لەسەر بووە ، شانازیش دەکەم بەو پەڕی ڕاستگۆیی قسە

دەکەم کەس بە قەد من شیعری نەخوێندۆتەوە ، هەموو تەمەنم بۆ شیعر تەرخان کردووە ، ئەگەرچیش رۆمانم زۆر خوێندۆتەوە ، لە تەمەنی دە دوانزدە ساڵیدا دەخوێنمەوە ، لە دوانزدە سێزدە ساڵیدایە دیوانەکانی بەیاتی و دیوانەکانی شیعری عەرەبییم خوێندۆتەوە ، شیعرەکانی نزارم دەخوێندەوە ، ئەگەر کاریگەری ئەوانەم لەسەر نەبوایە شیعر بە خۆرایی ئاوا باڵای بەرز نابێت ، چەندینجار بە شەمەندەفەر چوومەتە بەغدا بۆ کرینی کتێب ، کتێبم ئاوا خۆشویستووە .

**– ئەی دەربارەی ئەو کۆڕە شیعرییەی بریاربوو لە شاری هەولێر ساڵی ١٩٧٩ لە هۆڵی گەل بۆت رێکخرا ، من بە بیرمە ئەو هەموو خەڵکە بێژمارەی لەتیف هەڵمەتیان خۆشدەویست لەناو هۆڵ و دەرەوەی هۆڵیش ئامادەبوون ، دواتر کۆڕەکە نەکرا بە هەناسە ساردی گەراینەوە ؟**

کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی ئەم کۆڕەیان بۆ رێکخستم ، بە داخەوە دواتر دەسەڵاتی ئەو کات رێگایان نەدا ، دەبوایە شیعرەکان تەرجەمە بکرێن ، منیش بە داواکەیان رازی نەبووم ، ئەوان لە شیعری لەتیف هەڵمەت و ئامادەی


## کەس بە قەد من شیعری نەخوێندۆتەوە

کۆڕەکە ببوون ، بە زەردەخەنەوە هۆڵەکەم جێهێشت و کۆرگێر رەوانشاد فەرید زامدار چووە سەر تەختەی شانۆ و گوتی : کاک لەتیف نەخۆشە ، بووە هەراو دەنگە دەنگ و نارەزایی ئەو هەموو مرۆڤ جوانەی ئەو کات .

ناو ناوەش رێدار سابیری شاعیر لەناو



لەتیف هەڵمەت — خالید کۆچەر



# ئەگەر هەندێک کەم و کورییم هەبێت لە ئادابی میوانداری لەبەر خاتری گۆچانەکەم بمبەخشن

گەرمەی پرسیاردا دانیشتنەکەی گەرمتر دەکرد ، دەربارەی رەخنەو چیرۆک و رۆمان و کتێب و گۆڤارو رۆژنامە ، بە یادی ئەو ساڵانەی کاک لەتیف هەڵمەت وەک نووسەر لە چەندین رۆژنامە کاری کردووە ، بەڵام بێگەردییەکەی جوانی بۆ مێژوو جێهشتووە ، زەردەی خۆر نزیکدەبۆوە لە ئێوارە چەند وێنەیەکمان بۆ یادەوەری چرکاند ، رووخسەتی رۆیشتنمان لە مامۆستا لەتیف هەڵمەت وەرگرت ، زۆر تکای کرد ئێوارەکەی لە خزمەتی ئەو دابووین ، هاوژینی هەڵمەت ی شاعیر ئەویش زۆر تکای کرد بە زمانێکی شیرین و رووگەش تکای لێکردین ئێوارەکەی نانی ئێوارە لای ئەم دوو مرۆڤە جوانە بخۆیین ، بەڵام نەمانویست ببین بە بارگرانی بە سەر دوو مرۆڤی خۆشەویست و بە ساڵاچوو ، هەردووکیان نەخۆش و هیلاکن لە کۆتا قسەدا مامۆستا لەتیف هەڵمەت ی شاعیر گوتی: بمبەخشن ئەگەر هەندێک کەم و کورییم هەبێت لە ئادابی میوانداری ، بمبەخشن لەبەر خاتری گۆچانەکەم.

پێمباشبوو فەرید زامداری شاعیر لە لاپەرەی فەیسەکەی دەربارەی کۆرە شیعرییەکەی ساڵی ١٩٧٩ بۆ لەتیف هەڵمەت ئاوای نوسیووە :

هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بوو ، کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە هەولێر بریارماندا کۆرێک بۆ لەتیف هەڵمەت ی شاعیر رێکبخەیین ، ئەوسا من سکرتێری کۆمەڵە بووم ، بۆ ئەو مەبەستەش چووم بۆ بەغدا ، لەوێ لەتیفم بینی بانگهێشتم کرد بۆ هەولێر بۆ کۆرێکی شیعری ، ئەویش بە گەرمییەوە پێشوازیی لە بانگهێشتەکەم کرد ، لە رۆژنامەی هاوکاری و العراق ئاگاداریمان بڵاوکردەوە ، چەند لافیتەکیش بۆ کۆرە شیعرییەکە لە شوێنە گشتییەکانی ناو هەولێر هەڵواسیی ، ئێوارەی کۆرەکە لە هۆلی ( گەل – شەعب ) کە هۆلێکی دوو نەهۆمی بوو ، جمەی دەهات لەو کۆمەڵە خەڵکەی ئامادەببوون ، سەدان کەس لەبەر بێ جێی بە پێوە لە دواوەو لە ناوەراست وەستا بوون ، کۆرەکە من بە رێوەم دەبرد ، لە گەل لەتیف هەڵمەت چووینە ناو هۆلەکە و لە شوێنێکی جیا دانیشتین ، چەند خولەکێکی مابوو بچمە سەر تەختەی شانۆیەکە لەتیف پێشکێشی ئامادەبووان بکەم ، فەرمانبەرێکی ئەمینداریەتیی گشتی و رۆشنبیری و لاوان هاتە لام ، بە ناوی عەبدولغەفار سایغ ئەوسا ئەمینداری رۆشنبیری لاوان بوو ، مامۆستا دەبێت شیعرەکان بکرێن

بە زمانی عەرەبی بیانخوێنمەوە ، ڕەزامەندی لەسەر بدەم ئەوسا شیعرەکان بخوێندرێنەوە ، لەتیف هەڵمەت لە تەنیشتم دانیشتبوو ، گوتم : کاک لەتیف گوێیت لێیبوو ، من ڕازی نییم ، کۆڕەکەمان سانسۆری بخرێتە سەر ، تۆ دەڵێی چی ؟ گوتی: وە للە منیش ڕازی نییم ، ئیشی ئاوا چۆن دەکەم ، بەڵام چ بیرۆکەیەکت هەیە و چۆن دەربازبین و دڵی ئەو هەموو خەڵکە ئامادە بووە نەشکێنین ، گوتم: ئەوە کێشە نییە خۆم دەچمە سەر شانۆ چارەی دەکەم تۆ بە دزییەوە لە هۆڵەکە برۆ دەرەوە ، ئەوە بوو چوومە سەر شانۆیەکە و ڕامگەیاند: داوای لێبوردنم کرد لە خەڵکەکە ، گوتم : کاک لەتیف هەڵمەت زۆر نەخۆشە و قوورکی نووساوە و ناتوانێت شیعرەکانی بخوێنێتەوە ، ئیدی هەر ئەوەم گوت: لەناو هۆڵەکە بووە دەنگە دەنگ و بۆلە بۆل و نا ڕەزایی ، وەک دەڵێن : تەقیەوە ، هەر چۆنێک بێت من و کاک ئازاد جوندیانی ئەو کات ئەویش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەل بوو ،گوتی: بۆ شتێکی دیکە نەکەین ، گوتم : دەچین بۆ مالی ئێمە لەوێ کۆڕەکە ڕێکدێخیین ، کەوتمە سۆراغی لەتیف هەڵمەت ، گوتیان : ڕۆیشت بۆ نەقلیاتی بەغدا ، هەر زوو دوو برادەرم ڕاسپارد بە دواییدا چوون و بە تەکسیی بیهێنن ، ئەو کات مالی ئێمە لە گەڕەکی تەیراوە بوو لە نزیک شەقامی پزیشکان ، من و ئازاد ئەو هەواڵەمان بڵاوکردەوە ، کۆمەلێک لەو گەنجانەی هێشتا لێمان نزیکبوون هۆلەکەیان جێنەهێشتبوو پێکەوە ڕۆیشتین بۆ مالی ئێمە ، ئەوەندەی نەبرد لەتیف گەیشت و کۆڕەکەمان ڕێکخست ، شیعرەکانی بە هەناسەیەکی شۆرشگێرانە خوێندەوە ، ئەو کۆمەلە گەنجەی لە مالی ئێمە ئامادە ببوون بە دڵخۆشیی لەتیف هەڵمەتمان بە ڕێکرد ، بۆ ڕۆژی دواتر تەلەفۆنێکم لە ئەمینداریەتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ هات ، داوای ئامادەبوونیان لێکردم ، لە دیوانی ئەمینداریەتیی ، سکرتێری ئەمیندار بە عەرەبی پێگووتم: مامۆستا داوات دەکات ، ئەمیندار پێگووتم: من لە فرت فێڵ و بەرنامەکەتان دەگەم ، لەتیف هەڵمەت نەخۆش نەبوو ، بەڵام لە بەر ئەوەی داوا کارییەکەی من جێ بەجێ نەکەن و شیعرەکانی نەکرێن بە عەرەبی ئەم برو بیانووتەنان دۆزییەوە ، ئەوە یەکەمیین ئینزارە بۆ تۆ کە سکرتێری کۆمەلییت ، زۆربەی کەتەکانیش لە ژێر سەری تۆ دایە.





# ژوان سوورچی:
# شیعرەکانم گوزارشت لە واقیعی میللەتی کورد دەکەن



**دیدار: حەمید سوورچی**

خانمە شاعیر نازەنین حوسێن مەلا ئەحمەد ناسراو بە ژوان سوورچی، لە شاری هەولێر لە دایک بووە و ژنی ماڵەوەیە و خێزاندارە، لەهیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندوە، وەک خۆی باسی دەکات لەتەمەنی چواردەساڵی (٣) مانگ چووەتە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، هیچ بروانەمەیەکی بەدەست نەهێناوە خۆی خۆی پێگەیاندووە و، تەمەنێکە لەتاراوگە دەژی لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری بریمنی باکوری ئەو وڵاتە نیشتەجێیە. لەم دیمانەیەی لە گەڵ گۆڤاری «ژوانی شیعر « دا، تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی ئاوێتەبوونی لەگەڵ جیهانیی شیعرداو، هەروا باس لە پەیامی لە شیعر نووسین و دەنگی نوێی شیعر و، ئەم پرسانەو چەند پرسگەلێکی تری پەیوەست بە (ژوانی شیعر) دەکات.

*** چۆن لەگەڵ دونیای شیعردا ئاوێتە بوویت؟**

ــ دەربارەی دونیای شیعر وابەستەو تێکەڵی بووم تا ئەو رادەیەی کە تەنها خۆم لەو دونیایەدا دەدۆزمەوە.

*** شیعرەکانت زیاتر گوزارشت لە چی واقیعک دەکەن، ئەتەوێ لەڕێگەی شیعرەوە چی پەیامێک بگەینی؟**

ــ شیعرەکانم گوزارشت لە واقیعی میللەتی کورد و هەروەها واقیعی ئافرەت لە کۆمەڵگا دەکەن و دەمەوێت لەرێگەی شیعرەکانمەوە پەیامێک بگەیەنم کە ئێمەی کورد بە پیاو و ژن زیندووین و کۆل نادەیین لەژیان.

*** لای تۆ بەچی شیعرێک دەوترێت دەقی زیندوو؟**

ــ بەرای من دەقی زیندوو ئەو دەقەیە کە چەند کات بە سەری تێپەرێت،بەڵام هەردەم کاریگەری خۆی هەیەو گوزارشتی هەموو سەردەمێک دەکات.

*** پێناسەی شیعر لای تۆ چییە ؟ شیعر چی پێ بەخشیوی؟**



ــ شیعر لای من ژیان و ئارامیە، وزە بەخشە هەست و سۆزە مەودایەکی بێسنووورە خۆراکی ڕۆحە زۆر شت لە خۆ دەگرێ، هەر ئەوە پێنووس دەداتە دەستم بەشدار بم لە ئێش و ئازاری نیشتمانە زامدارەکەم لە سروشتە جوانەکانی کوردستانە رەنگینەکەم.

*** خوێندنەوەت بۆ دەنگە نوێیەکانی ئەمڕۆی شیعری کوردی چییە، تا چەند بایەخ بەم دەنگە نوێیانە دراوە؟**

ــ تا رادەیەک دەنگی نوێی باش لە دونیای شیعری کوردی پەیدا بوون و، پێم وایە کاریگەری باشیان هەبێت بەڵام هێشتا بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە.

*** تاکوو ئێستا چەند شیعرت نووسیوەو بەرهەمی چاپکراوت هەیە؟**

ــ تەنها یەک نامیللکەی چاپ کراوم هەیە بە ناوی(هەمیشە ژووان) لە ساڵی(٢٠٠١) چاپ کراوە، لەگەڵ نزیکەی(١٥٠) شیعر زیاتر.

*** ئایا شیعر نووسین زیاتر بەهرەیە یان پەیوەستە بەپاشخانی ڕۆشنبیریی و خوێندنەوە؟**

ــ بەگوێرەی ئەزموونی خۆم شیعر نووسین زیاتر بەهرەیە، بەڵام مانای وانییە کە پێویستی بە رۆشنبیری و خوێندنەوە نەبێت.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە ئافرەتی کورد زێڕی لە کتێب لاگرنگترە ، زۆرینە ی هەرە زۆری ئافرەتی کورد رقی لە کتێبە ؟ زێڕ و کتێب لای تۆ چین؟**

ــ هاورا نیم لەگەڵ ئەوەی ئافرەتی کورد زێری






لا گرنگترە چونکە ئافرەتی کورد تێروانینی بۆ زێر تەنها وەک خشڵ نییە، بەڵکوو وەکوو پارەی سپی بۆ رۆژی ڕەشە زیاتر ، هەروەها ڕێژەی خوێنەری کتێب نەک تەنها لای ئافرەتی کورد بەڵکو بە گشتی کەمە لە ئێستادا بەڵام لە ساڵی ٩٠ و ٨٠ کان زۆر بوو.

*** بۆچوونێکی نووسەری گەورەی کورد دکتۆر مارف خەزنەدار لە بارەی شیعری نوێ هەیە ، کە دەڵێ " زۆربەی شیعری نوێ لەبیر دەچنەوە، چونکە ماک و هەوێنی ئەو داهێنانەیان تێدا نیە ببن بەهۆی مانەوەیان ، شرۆڤەت بۆ ئەم بۆچوونە چییە؟**


ـ دەتوانم بڵێم لەگەڵ قسەی نووسەری گەورە دکتۆر مارف هاوڕام تا رادەیەک، بەڵام مەرجیش نییە ئەو بۆچوونە گشتگیر بێت.

*** ئایا ئافرەت توانیویەتی بەقەڵەمی خۆی داکۆکی لە ماف و کێشەکانی بکات؟**

ـ پێموایە هێشتا ئافرەت بەتەواوی نەیتوانیوە بە پێنووسی خۆی داکۆکی لە ماف و کێشەکانی خۆی بکات.

*** دوا پەیام و پڕۆژەی ئاییندەتان چییە؟**

ـ دوا پەیامم ئەوەیە هیوادارم هەردەم ئەدەب و شیعری کوردی بەرەو پێشتر بچێت و، بگاتە ئاستێکی بەرز لە نێو ئەدەبی گەلانی ترەوە و بەناسنامەی دەوڵەتی کوردی بناسرێت . بۆ پرۆژەی ئایندەشم هیوادارم هەموو نووسراو و دەقەکانم لە کتێبێک کۆبکەمەوە و بە چاپی بگەیەنم.



# هەڵەبجە و ...

# ئیبراهیم هەورامانی

# هەناسە و پیاوێکی تەنیایە



**دیدار: حەمە ئەحمەد جاف**

ئیبراهیم فەرەجوڵڵا حەمەوەیس هەورامانی ناسراو بە (ئیبراهیم هەورامانی ) لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە .. هەرسێ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی لەم شارەدا تەواو کردووە... شاعیر وەک خۆی گوتی : لەقۆناغی ناوەندییەوە بە هاندان و پشتیوانی چەند مامۆستایەکی دڵسۆز لەوانە مامۆستا فەیروز حەسەن دەستیدایە خوێندنەوە ،سەرەتا بە کتێبی حیکایەت و ئەفسانە کۆنەکان دەستی پێکردووە ،دواتر هێواش هێواش پەرەی بەخوێندنەوەی بەردەوام دا،سەرچاوەی بەدەستهێنانی کتێب لەو سەردەمەدا بۆ خوێنەران کتێبخانە گشتییەکانی شارەکان بوون ، شاعیر لە کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجەوە پەرەی بە خوێندنەوەی کتێب دا کە زۆر دەوڵەمەند و پڕ کتێب بوو بە ناونیشانی جۆراو جۆر.

شاعیر لە ساڵی ١٩٨٤ ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٨٥ پاش بەسەربردنی سێ مانگ سەربازی وەک زۆربەی گەنجانی ئەو کات خزمەتی ئیجباری سەربازیی بەجێهێشتووە و وەک هەڵاتوویەک ( سەربازێکی فیرار ) لەشارەکەدا ماوەتەوە.

شاعیر لە درێژەی ژیاننامەکەیدا خۆی گوتی: لەناوەڕاستی ساڵی هەشتاکانەوە ئەدەبیاتی شیعریی دەخوێنمەوە و شیعر دەنووسم،یەکەم بەرهەمم کە کورتە شیعرێک بوو لە ژمارە شەش گۆڤاری (ڕەنجی کرێکار) کە لەسلێمانی چاپ و بڵاودەکرایەوە بڵاوکردەوە ئەمە بۆ من دەستپێکی ئەزموونێکی نوێ بوو.

بۆماوەی چەند ساڵێک لە١٩٨٩ بەدواوە بەنازناوی (مامۆستا بەیان )شیعرەکانم بڵاودەکردەوە کە پاش ڕاپەڕین زۆرتر لە گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری کە لەسلێمانی چاپ و بڵاودەکرایەوە و کاک عەباس شوان سەرنووسەری بوو.


تا ئێستا زیاتر لە دەکۆمەڵە شیعرم چاپ و بڵاوبۆتەوە و سێ کۆمەڵە شیعریم لەلایەن خوالێخۆش بوو کاک ئەحمەد سەلام و

کاک شـەماڵ ئاکرەیـی کراونەتـە عەرەبـی و پێنـج کۆمەڵـە شیعریشـم لەلایـەن بەڕێـزان باسـت مـورادی و سـەعید فەلاحـی بـۆ زمانـی فارسـی وەرگێـردراون ولەوڵاتـی ئێـران چـاپ و بڵاوبونەتـەوە. وەهەروەهـا دوو کۆمەڵـە شـیعرم لەلایەن مامۆستا دڵدار داناوە کراونەتە کرمانجی و چـاپ و بلاوبونەتـەوە. لـە زۆربـەی ڕۆژنامـە و گۆڤـارە ئەدەبییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان شـیعرم بڵاوکردۆتـەوە. لە ئیستاش دا لە ئامادەکردنی کۆمەڵە شیعرێکی نوێدام بەناونیشـانی (عاشـق لەڕۆیشـتن دەترسـێت ) وەهەروەهـا بـۆ زیاتـر لەسـی( ٣٠) سـاڵ وبەبەردەوامـی کاری ڕۆژنامەنوسـی دەکـەم و لەڕۆژنامەکانـدا کارمکـردوە و بۆمـاوەی دە( ١٠) سـاڵ وەک ڕۆژنامەنـوس و پەیامنێـری هەڵەبجـە و هەورامـان و شـارەزوور لـە (کوردسـتانی نـوێ) کارمکـردووە.

## تا لـە ژیانـدابم شیعر دەنووسم تەسەوور نـاکەم ڕێـچکەی نـووسینی خـۆم بـگۆڕم

وە هەروەهـا لەبـواری دیکۆمێنتاریـی ولەسـەر دۆسـییەی کیمیاییبارانـی هەڵەبجـە چەندیـن کتێبـم بەزمانـی عەرەبـی و ئینگلیـزی کـوردی بڵاوبۆتـەوە.

لەسـاڵی ١٩٨٥ەوە ئەندامی لقی سلێمانی یەکێتی نووسـەرانی کـوردم، بۆمـاوەی ێ سـاڵ ٢٠١٧ تـا ٢٠٢١ یەکەمیـن سـکرتێری لقـی هەڵەبجـەی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـووم. ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێتـی نووسـەرانی جینۆسـایدی کوردسـتان بـووم.



ئێسـتا خانەنشین م و خاوەنی کتێبخانـەی ڕۆڤـار م لەهەڵەبجـەی شـەهید، خێزانـدارم و خاوەنـی دوو کـچ و دوو کـوڕم.

**بـــەڕێوەبەری نـــووسینی گـــۆڤاری (ژوانـی شـیعر) لـە پارێـزگای هەڵەبجـە شـاعیرێکی بـە ئەزموونـی دێرینـی سـەردەمی هەشـتاکان بـــەسەردەکـــاتەوە، کـــەئەویش شـاعیری بەسـەلیقەو جواننـووس ( ئیبراهیـم هەورامانـی) یـە. فەرمـوون ئێـوەو پرسـیارەکانی گۆڤـارو وەڵامـە جوانەکانـی ( هەورامانـی ) شـاعیر:**

**پ/ ئێـوەو شـیعر چـۆن یەکترتـان ناسـی و سـەرەتاو سـەرچاوە چـۆن چۆنـی بوو؟هـاوکات ئامانجـت لـە نووسـینی شـیعردا چییـە؟**

- ئـەم پرسـیارە بەشـێوەیەکی گشـتی وەڵامێکـی تەقلیدیـی و کلاسـیکی لازمە،دیـارە مـن لـەو زەمەنـەوە شـیعریم ناسیوە کە چومەتـە قۆناخی سـەرەتایی و لەڕێـی وانەکانی زمانـی کوردییـەوە شـیعرم خوێنـدەوە و فێـری ئـەوە بـووم شـیعر بناسـم،وەلەلایەکی تـرەوە زۆرجـار ئـەو شـیعرە

فۆلکلۆرییانە بەرگوێم دەکەوتن و بەوتەمەنە کەم و بچوکییەمەوە هەستم بۆ بەیتانە دەجولا هەندێککات دایکم بۆ دەردە دڵەکانی خۆی،بۆیادی گیانلەدەستدانی هەردوو براکەی بەئاوازێکی نەرم و بەڕۆحێکی تەنیاییانەوە لە دڵیەوە دەردەهاتن.

بەڵام وەک شکڵێکی جدی من چۆن شیعرم ناسی،ئەوە فەزڵی ئەو مامۆستایانەی قۆناخی ناوەندی بوو ڕێی کتێبخانەی گشتی هەڵەبجەیان پێ نیشان دام و ئیتر لەوێوە دەستو پەنجەم لەگەڵ خوێندنەوەدا نەرم کرد،بەهۆی ئەوەی من تەنیا زمانی کوردیم دەزانی کتێبە کوردییەکانم دەخوێندەوە وە هەندێکجار بۆ بڵاوکراوەی دیواری قوتابخانە من زیاتر شاعیرە کلاسیکیەکانم دیاری دەکرد و بابەتەکانم ئامادەدەکرد.



سەرەتا زۆرترین شیعرەکانی گۆران و ئەحمەد موختار جاف ووەلی دێوانە و پیرەمێرد....هتد م دەخوێندەوە.ئەمە بویە یەکەمین و هەنگاوو سەرەتایی ناسینی جدی من بوو لەگەڵ شیعردا لەو ڕۆژەوە تا بەئەمرۆ من دەمەوێت زیاتر شیعر بناسم و بەجدی تر خۆمم بۆ ئامادەکردوە کە ئەم ناسینە کاڵ نەکەمەوە.

ئەم ناسینەی من و شیعر بەنهێنی مایەوە تا ساڵی ١٩٨٥ وبۆیەکەمجار لە ژمارە شەشی گۆڤاری (ڕەنجی کرێکار )کە لە سلێمانی چاپ و بڵاودەکرایەوە دەقێکی کورتم بڵاوکردوە ئیتر لێرەوە ناسینی خۆمم لەگەڵ شیعردا ئاشکرا کرد.

بڵاوبونەوەی ئەو دەقە کورتە بۆ من لەوساڵەدا هاندەری بەردەوام بنم بوو چلەخوێندنەوەی زیاتر و چ لەنوسین و ناسینی ئەدەبیاتی شیعردا.

**هایکۆ بۆخۆی شێوازێکی سەربەخۆیەو دوور و نزیک پەیوەندی بەشیعری کورتەوە نییە،ڕاستە من ژمارەیەک کورتە شیعرم نووسیوە، بەبەردەوامی نەچومەتە سەر نووسینی شیعری هایکۆ ،بەڵام زیاتر هەست دەکەم دەتوانم شیعری کورت و یەکدێڕی بنووسم**


ئامانجی من لەناسین و نووسینی ئەدەبیاتی شیعریی دا گەیاندنی ئەو پەیامە ئینسانییە بەڕووی دونیادا کە مەبەستمە ئاشتی و خۆشەویستی و یەکسانی کۆمەڵایەتی لە نیشتمان و ناوچەکە و جیهاندا بچەسپێت وانە من لەڕێی شیعرە پەیامی ئینسانیەت بگەیەنمە خوێنەرانم لەهەر کوێ بن و لەهەرکوێ هەن.

**پ/ كەواتە پێناسەت بۆ شیعرو شیعریش لای تۆ چی دەگەیەنێ و ؟ بۆچی نووسینی شیعریشت هەڵبژارد؟**

– بەبڕاوی من تا ئێستا نەتوانراوە پێناسێكی چەسپاوو بۆ ئەدەبیاتی شیعر وەک پێناسەیەک گشتگیر بێت و تا ئێستا بە بڕوای پسپۆڕانی ڕەخنەو لێكۆڵینەوەی شیعری دیاركرابێت.بۆیە لە دێرزەمانەوە تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجای بۆ كراوەو بەردەوام شیعر پێناسەی جیاجیای بۆ دەكرێت.

من لێرەدا نامەوێت بڵێم پێناسەی شیعر لای من بریتیە لە،بەڵكو پێم وایە شیعر ئەو ژانرە ئەدەبییەیە كە بڵندگۆیەكە بۆ بڵاوكردنەوە و گەیاندنی پەیامی ئینسانی بەڕووی دونیادا،پەیامی ئینسانی بەو مانایەی هەوڵ دەدات كە هاوكار بێت لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەكانی دیكەدا تا ببێتە مانیفێستی چەسپاندنی ژینگەیەكی تر،دونیایەكی تر،ژیانێكی تر كە شایستەی كۆی ئینسانەكان بێت ئەو ئینسانانەی بێبەشن لە ژیانێكی شایستەتر لەو ژیانەی هەیانەیە. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەكەتان،ڕەنگە هەڵبژاردنی شیعر لەلای من وەک زۆربەی ئەوانەمان كەلەسەرەتای نوسینی ئەدەبیاتەوە دەستمان بۆ شیعر بردوە بگەڕێتەوە بۆئەوەی ژانری شیعر لە ژانرەكانی دیكە زیاتر و زۆرتر ئاشنایەتیمان لەگەڵیدا بوبێت.

من سەرەتا دەستپێكردنێكی خراپم هەبوو كە نووسینیبەچیرۆک بەتایبەت چیرۆک بۆ منداڵان دەستمپێكرد ،لەوبوارەدا سەركەوتو نەبووم،چەند كورتە چیرۆكێكم پیشانی نووسەرێک دا وتی زمانی نوسینی تۆ زیاتر



شیعرییە نەک چیرۆک ئەمە وای كرد دەست بەمە نوسینی شیعر و تا ئێستا بەردەوامم،بەڵام هێشتا لەخۆم ڕازی نیم و بەردەوام هەوڵدەدەم. ئەمە هۆكاری ئەوەبوو من دەست بەنووسینی شیعر بكەم،یان بابڵێم ڕەنگە ئەوە بێت كە ژینگەی هەڵەبجە ژینگەیەكی لەبارە بۆ نووسینی شیعر و مامەڵە كردن لەگەڵ شیعردا،ئەگەر مێژووی ئەدەبیاتی شیعری ناوچەی هەڵەبجە بخوێنیتەوە بەهۆی دەركەوتنی چەندین شاعیری دیاری گەلەكەمان ئەم ڕاستەیەمان بۆ دەردەكەوێت.

**پ/ ئەو شاعیرانەی كە كاریگەرییان لەسەرت هەبووە ،كام شاعیرانە بوون وئەگەر كاریگەرییان هەبووە، چۆن كاریگەرییەک؟**

– ناتوانم ئاماژە بە تاكە شاعیرێک بدەم كە لەسەرەتاوە كاریگەریی هەبوبێت،بەڵام زۆر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بوون ئەو شاعیرانەی بەردەوام کاریگەریان هەبووە و کاریگەرییان لەسەرم هەیە.
ناکرێت کاریگەری ئەو شاعیرانە لەیاد بکەم کە هەرلەسەرەتای دەست بەخوێندنەوە و ئاشنابونم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی شیعری کوردیی توانیویانە کاریگەرییان لەسەر هەبوبێت.شاعیران ۰( گۆران و ئەحمەد موختار و وەلی دێوانە ) ئەم کاریگەریی بوونە لێرەوە زیاتر پەرەسەندوو بووە،بەشێوەیەک جاری وابوو تاکە دەقێکی شیعرێک توانیویەتی کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنم و گۆڕینی تێگەیشتنی پێشووم لەسەر شیعر بگۆڕێت. پاش ئەوەی دەستم بەخوێندنەوەی شیعری

**شیعر ئەو ژانرە ئەدەبییەیە کە بڵندگۆیەکە بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی پەیامی ئینسانی بەرووی دونیادا**

شاعیرە عەرەب و فارسەکان کرد زۆرێک دەقی جوانی ئەو شاعیرە عەرەب و فارس زمانانە کاریگەرییان لەسەر نووسینی شیعرم هەبووە. مەحمود دەرویش و خزعل الماجدی و محمد ماغوت و شاملۆ و فروخ و گرووس عبدولملکیان و لیلا کردبچە بەشێکن لەو شاعیرانە.
ئەنوەر قادر جاف و جمال غەمبار و جەلال بەرزنجی و شەهید جەمیل ڕەنجبەر ئەمانیش بەشێکی ترن لەو شاعیرانەی بەردەوام دەقە شیعرییەکانیان سەرنجیان ڕاکێشاووم.

**پ/ کورد شاعیرانی پیاوی زۆرن ، بە پێچەوانەی شاعیرانی ژن ، کە کەمترینن لەو بوارەدا، ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**




– هەمیشە لەکۆمەڵگای خێڵگەراییدا .بوارنەدراوە ژن وەک پیاوو بێتە مەیدان و سەلیقە و بەهرەو داهێنانی بخاتە ڕوو،ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر کەم لەژنان بتوانن یان بواریان پێدراوە بێنە پێشەوە و دەنگ و ڕەنگی خۆیان بخەنە ڕوو.لەکاتێکدا ئەمە ناکاتە ئەوەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە لەژنانی کۆمەڵگاکانی تر کەم بەهرە و کەم سەلیقە بوون،ئەگەر چاوێک لەئەمڕۆی ئەدەبیاتی کوردیمان بکەین دەگەینە ئەو ڕاستییەی بوونی ئەم ژمارە بەرچاوەی ژنانی شاعیر ئەم ڕاستیەمان دەسەلمێنێت.

**پ/ قەڵەمی ژن ، لە نووسین و شیعردا چۆن دەبینی و تاچەند ئەوقەڵەمە بۆتە چەکی داکۆکیکار لە مافەکانیان و چارەسەری کێشەکانیان؟ واتە بەڕای بەڕێزتان جیاوازی لە نێوان قەڵەمی ژن و پیاودا چییە ؟**
– من دەمەوێت لەبەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە وەڵام بدەمەوە،نایشارمەوە کە



من ڕایەکی جیاوازم هەیە و پێم وانییە لەنێو ئەدەبیات دا شتێک هەبێت بەو مانایەی پێی بوترێت قەڵەمی ژن یان قەڵەمی پیاو( نێر – مێ )ئەم جیاکارییە بۆئەو سیاسەتە سەردەستەیە کەلەئەمڕۆی دونیای سستەمی سەرمایەداریدا بانگەشەی بۆ دەکرێت و دەیەوێت لێرەوە کەم توانایی ژنان بخاتە دەرەوە.بۆیە بەڕاستی جیاوازییەکی لەم چەشنە تاوانێکە دەرهەق بە دەرخستنی لاوازی و توانایی بەهرەیی ژنان لەبەرامبەر پیاواندا.بۆیە من پێم وایە ژنان دەتوانن بە توانای بیرکردنەوەی خۆیان چۆن بەهەمان شێوە پیاوانیش بەتوانای بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆیان دەقە ئەدەبییەکان بەتایبەت دەقی شیعری بنووسن.

دێمەوە سەربەشی یەکەمی پرسیارەکەتان،لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم ئەو ژنانەی ئەمڕۆ لەنێو لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا دەقەکانیان بۆ خوێنەران دەخەنەبەردەست تونیویانە خاوەن دەنگێکی تایبەت بە خۆیان بن و بەهرەو سەلیقەی ئەدەبی شیعرییان بخەنە ڕوو کە دەکرێت چ ئەمڕۆ و چ سبەی مایەی سەرنج و سەروەریی خوێنەران و مێژووی ئەدەبیمان بن. هەربۆیە کەم نین ئەو شاعیرە ژنانەی کەئەمڕۆ ئازایانە و بەجورئەتەوە قسە لەسەر کۆی گشتی کێشە و مەسەلە سەردەمیانەکان بکەن و دەکەن.بە تەواوی ئەو کۆدە ژنانەی لەسەر سەتحی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە.


**پ/ جگە لە نووسینی شیعر ، لە چ بوارێکی تری ئەدەبیدا ، سەرقاڵیی؟**


– دیارە بەدەر لەئەدەبیاتی شیعر ماوەی زیاتر لەدەساڵە کار لەسەردۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکە دەکەم و بەدرێژایی ئەو دەساڵە توانیومە هەشت زنجیرە لە پرۆژەی بەدیکۆمێنتکردنی بەڵگەنامەیی زارەکی لە دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە بە کتێبی سەربەخۆ چاپ بکەم و وەچەند کتێبێکی تر لەبواری ئامار و دیداری ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ فۆتۆگرافەری جەنگ بەتایبەت فۆتۆگرافەرە ئیرانی و ژمارەیەک لەبیانی ئەنجام بدەم و بەچاپ بگەیەنم سەرباری کاری ڕۆژنامەنوسیم کەلەم بوارەشدا ئەزمونی سی(٣٠) ساڵ کارکردنم لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان دا هەیە کە کارم تێدا کردوون وەک(ئاڵای ئازادی،هەرێمی کو ر د ستا ن ، بۆ پێشـ و ە ، ڕ ۆ ژ نا مە ، ڕ ا ی گشتی،کوردستانی نوێ....)بەتایبەت بۆماوەی دەساڵ وەک پەیامنێری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور لە کوردستانی نوێ کاری











**قەڵەمی ئەو ژنانەی ئەمڕۆ لەنێو لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی شیعری کوردیدا دەقەکانیان بۆ خوێنەران دەخەنە بەردەست توانیویانە خاوەن دەنگێکی تایبەت بە خۆیان بن و بەهرەو سەلیقەی ئەدەبی شیعرییان بخەنە ڕوو**

ڕۆژنامەنوسیم کردوە.لەئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی چەند بەرهەمێکم لەوانە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ فۆتۆگرافەر سەعید سادق\ جینۆسایدی هەورامان\ کۆمەڵەشیعرێک بەناونیشانی عاشق لە ڕۆیشتن دەترسێ!

**پ/ وەک لە نزیکەوە دەتخوێنمەوە بەڕێزتان زیاتر کورتیلە شیعر(هایکۆ) دەنووسن ، بۆیە دەپرسم، ئایا کورتیلەشیعر(هایکۆ) یان شیعری (ئازاد) کامیان زیاتر چێژت پێدەبەخشن، هۆکارو ئامانج لەو وەڵامەتا چییە؟**

- هایکۆ بۆخۆی شێوازێکی سەربەخۆیەو دوور و نزیک پەیوەندی بەشیعری کورتەوە نییە،ڕاستە من ژمارەیەک کورتە شیعرم لە کۆمەڵە شیعری ( گەڵاکان پێکەوە ناوەرێن ) بەچاپ گەیاندوە،پێم وابێت پاش بڵاوبونەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە جارێکی تر بەبەردەوامی نەچومەتەوەسەر نوسینی هایکۆ ،بەڵام زیاتر هەست دەکەم دەتوانم شیعری کورت و یەک دێڕی بنووسم لەم بارەشەوە تا ئێستا چەند کۆمەڵە شیعرێکم بەچاپ گەیاندوە و بەردەوامم لەسەر ئەم شێوازە.بەردەوام نوسینم لەسەر ئەم شێوازە زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لەئێستادا زۆرینەی نووسەرانی دونیا ئەم شێوازە پەیڕەو دەکەن و خوێنەر دەتوانێت لەکەمترین کاتدا دەقەکە بخوێنێتەوە و پەیامەکەش بگات.چێژ بەخشین لەشیعردا پەیوەست نییە بەشێوازی نوسینەوە زۆرجار من ئەوەندەی چێژم لەقەسیدەیەک یان دەقێکی والا وەرگرتوە دەتوانم بڵێم لەشیعرێکی کورت دا وەرمنەگرتوە یان بەپێچەوانەوە.ئەمەش بۆ خودی دەقەکە دەگەڕێتەوە نەک بۆشێوازی دەق.

**پ/ پیرۆزیی نیشتیمان وگەورەیی شەهیدان و ڕەنگدانەوەو کاریگەریی مەرگی ئازیزان و کۆچ و جێهێشتنی نیشتیمان لە کوێی شیعرەکانی تۆدان؟**

- دەستەواژەی (نیشتمان، شەهید، مەرگی ئازیز، کۆچ)شوێنی تایبەتی خۆیان لە دەقەکانی مندا هەیە کۆی ئەم دەستەواژانە بەگشتی مانایەکی گشتگیرەو لەپەیامی ئینسانیبون دا ڕەنگیان داوەتەوە.دەتوانم بڵێم فەرامۆشکردنیان بۆمن نەک مانایەکی سەخت بەخشە بەڵکو بەردەوامی سەرچاوەی بیرکردنەوە و ئیلهامی دەقەکان بوون.

**پ / پێتوایە ..تاکۆتایی ژیانت هەرشیعر بنووسیت ؟ یان ڕەنگە ڕێچەکەی نووسین بگۆڕیت؟**

- تاوەک ئێستا کە من و تۆ پێکەوە دەدوێین بیرم لەوە نەکردۆتەوە شیعر نەنووسم چون من هەست دەکەم هێشتا کاتی کۆتایی هاتنی گەیاندنی پەیامە ئینسانییەکان نەهاتووە،بۆیە دەڵێم تا ئەو ڕۆژانەی لەژیاندا من شیعر دەنووسم.تەسەوور ناکەم ڕێچکەی نووسینی خۆم بگۆڕم.

**پ/ شاعیرانێکی زۆر بە گوتەی حەشری حوجرەکەی شێخ ڕەزا ، شیعر دەنووسن ، بەڵام وەک دیارە گرفتەکان لەوەدایە ، کەس گوێ لەکەس ناگرێت، نایخوێنێتەوە، ئێوە ئەم بارو دۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- من ناتوانم ئەم دادوەرییە بکەم،ڕەنگە وەها بێت نووسینی شیعر بۆ زۆر کەس ئاسان بێتە دەست،ئێمە ئەو هەقەمان پێنەدراوە بەکەس بڵێین بنووسە یان بەپێچەوانەوە،کورد بەتەبیعەتی حاڵ ئاشنایەتییەکی زۆر و لەمێژینەی لەگەڵ ئەم ژانرە ئەدەبییەدا هەیە بەڵام دوجار دەقەکە خۆی دەسەپێنێت شیعرە یان نا.لەگەڵ ئەوەشدا بوونی سۆشیال میدیا و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروستکردنی ئەم فەزایەی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ڕەحمەتی بە حەشری... ناوی بردووە.بەداخەوە ئەم دیاردەیەش خۆی لەخۆیدا زەرەری زۆرترە لە سوود.

**پ/ من دەڵێم ئەگەر ڕەخنەگری باش و بنیاتنەرمان هەبوایە ئەوا شیعر لەلوتکەدابوو ، نەک ئەم هەموو پاشاگەردانی و زۆری وبۆریەی شیعر، ئێوە بۆ ئەمە دەڵێن چی؟**

- من لەگەڵ بۆچونەکەی بەڕێزتان نیم لێرەدا کە نەبوونی ڕەخنەگری ئەدەبی دەبێتە هۆکاری نەبوونی دەقی باش و شاعیر لەلووتکەدا،ڕاستە پسپۆڕانی ڕەخنەی ئەدەبیمان زۆر کەمە و هەموومان هەست بەم فەراغە دەکەین بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر دیار و ناسراومان نییە ،ئێمەش وەک گەلانی دونیا خاوەنی چەندین شاعیرین کە لەلوتکەدایە و من نامەوێت نمونەی زۆر بهێنمەوە بەڵام ئەوەندە بەسە (شێرکۆبێکەس ،لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر. دەیان نمونەی دیکە کە بوار نییە ناوەکان بخەینە ڕوو)لەبەردەست دان کە جێی شانازیمانەوە و مێژوومان وەک سەروەرییەکی ئەدەبی تۆماریان دەکات.

**پ/ ئێستای شیعری کوردی چۆن دەبینی؟**

- بەدەست زۆرێک لەشیعر نوسانەوە تووشی

تەنگەنەفەسی بووە، بەداخەوە.

**پ/ پێت باش بوو، سانسۆر لە مۆڵەتی چاپکردنی کتێبدا هەبا ؟ بۆچی و لەبەرچی؟**

- بەبڕوای من وەک کارە ئەکادیمی و مانا زانستیەکەی سانسۆر کاریگەریی لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکان دەبێت و بوار بەهەموو نوسینێکی نائەکادییمی و دور لەپرنسیپەکان نووسین نادات،بۆیە من سانسۆرم پێ باشە نەک سانسۆر بۆ مەبەستی ڕێگرتن لەئازادی نووسین بەکار بهێنرێت.

**پ/ ئاشنایەتیت لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا؟**

- هەرچەندە من بە تەبعی حاڵ تەمەڵم بەڵام لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا باشم بەتایبەت بۆ ڕۆمان و دیدار و دەقی شیعری شاعیرە ناسراوەکان.

**پ/ بوونی پەیج و ئەکاونتی فەیسبوک و سایتە ئەلەکترۆنیەکان نەبوونە ڕێگر لەبەردەم پیرۆزیی و گرنگی کتێب و خوێندنەوەدا؟**

- سۆشیال میدیا بەگشتی کاریگەری خۆی لەسەر خوێندنەوەی کتێبی کاغەزی داناوە ئەوە حاشای لێناکرێت بەڵام هێشتا کتێبی کاغەزیی خوێنەری جدی خۆی لەدەست نەداوە.


**پ/ ئەو ناونیشانانە لای تۆ چی دەگەیەنن؟**

ـ ئەدەبی ئافرەت ـ ئەدەبی منداڵان ـ ڤیستفاڵ و کۆڕە ئەدەبییەکان

ـ زمان لە نووسیندا ـ وشە لەشیعردا ـ هەڵەبجەو برایم هەورامانی.

- ئەدەبی ئافرەت:

- لای من ئەدەبێک شک نابەم بەناوی ئافرەتەوە.



- ئەدەب بۆ منداڵان:

- دنیایەکی ڕوون وەک چاوی قرژاڵ.

- ڤێستڤاڵ و کۆڕە ئەدەبییەکان:

- چالاکییەکن بونیان گرنگی خۆی هەیە

- زمان لەنوسیندا:

- وەک خوێن لەنێو دڵدا

- وشە لەشیعردا:

- وەک ژن لەنێو ژیان دا

- هەڵەبجە و ئیبراهیم هەورامانی:

- هەناسە و پیاوێکی تەنیا

- دوا وتە؟

- سوپاس بۆ ئێوە بۆ گۆڤاری ژووانی شیعر بەهیوای بەردەوامی و سەرکەوتن.

# لە ئێوارە کۆڕێکدا
# گۆڤاری ژوانی شیعر لە کتێبخانەی حەیدەری ناسێندرا






لە ١٩ / ٤ / ٢٠٢٦ ، لە ئێوارە کۆڕێکی پڕ لە خۆشەویستی و بە ئامادەبوونی بەڕێز ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و نوخبەیەکی جوان لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و خوێنەران ، مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری شیعر ڕێکخرا ، سەرەتا ( بێکەس حەمەد قادر ) ی شاعیر بە خێر هاتنی میوانە بەڕێزەکانی کرد ، تیشکی خستە سەر ئەم گۆڤارە بە زەرووری زانی لەم سەردەمە گۆڤارێکی تایبەت بە شیعر هەبێت و هیوای بەردەوامیی بۆ خواست ، دواتر فەرمووی بە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری ژوانی شیعر ( خالید کۆچەر ) ی شاعیردا دەردە دڵی خۆی باسبکات ، سەرنووسەر گوتی : خۆشەویستان ، براو خوشکە ئازیزەکانم دەمەو عەسرتان شادو دەمەو عەسری گۆڤاری ژوانی شیعرتان باش

بەخێربێن بۆ ماڵە جوانەکەی کتێبخانەی حەیدەری و ماڵە درەوشاوەکەی نازەنین حەیدەری ،گەورەیتان نواند و ئەزیەتان کێشا کاتی خۆتان بە ئێمە بەخشیی ، درووود بۆ وەفاو ئامادەبوونتان ، سوپاس بۆ کتێبخانەی حەیدەری و سوپاس بۆ هەرسێ برای خۆشەویست ، کاک ئاسۆو کاک بێکەس ی شاعیرو کاک ڕێدار سابیر ی شاعیر پێیان باشبوو دەربارەی دەرچوون و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژوانی شیعر لە نزیکەوە قسە لەسەر ئەم گۆڤارە بکەم ، قسەکردن لەسەر دەرچوونی ئەم گۆڤارە لەم ساتە وەختەدا ڕەنگە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت ، لە سەردەمێکدا دەژیین خوێنەر بەرەو کەمبوونەوە دەڕوا ، سۆشیاڵ میدیاو فەیسبووک و ئەوانیتر چاوەکانی دوور خستۆتەوە لەسەر گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب ، ئەوەی ئێمە ، ئەوەی کۆتا ساڵانی حەفتایەکان و هەشتایەکان ئەوەمان لە یادە کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار جوانترین دڵخوازی کتێبخانەی ماڵەکانمان بوو ، ژانرە ئەدەبییەکان هەر یەکەیان چەپکە گوڵێک بوون ، کلتوورو هونەر جوانی خۆیان دەبەخشیی بە ژیان ، با بگەڕێینەوە سەر دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە ، وەک خۆم لە تەمەنێکی یەکجار زوودا شیعرم خۆشویست و بە دڵخوازی خۆم زانی ، لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکەم کۆشیعری خۆم چاپکرد لە ژێر ناونیشانی ( فرمێسکی مەهاباد ) دەمێکبوو بیرم لەوەی دەکردەوە







گۆڤارێک گۆڤارێکی تایبەت بە دنیای جوانی شیعر دەربکەم ، بۆیە لە گەل برای شاعیر حەمەی ئەحمەد جاف بڕیارماندا گۆڤارێک دەربکەیین تایبەت بە جوانی دنیای شیعر ، دوای چەندین گفتوگۆی نێوانمان بڕیارماندا گۆڤارێکی وەرزی دەربکەیین تایبەت بە شیعر ، دواتر گوتی : نابێت ڕۆلی جوامێرانەی پارێزگاری هەولێر بەرێز ئومێد خۆشناو لە یاد بکرێت ئەرکی تێچووی گۆڤارەکەی خستە ئەستۆی خۆی ، دەرکردنی گۆڤارێک ڕەنگە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت ، ئەوە کاری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە ، یا دەزگایەکی ڕۆشنبیرییە ، نابێت ڕۆلی برای ئازیزم رانیار دلشاد وەسانی لە یاد بکرێت وەک دیزاینەرو بەرێوەبەری هونەری جێی پەنجەی دیارە لەسەر دەرچوونی ئەم گۆڤارە ، هەروەها گوتی : بروا بکەن وەک خۆم ئەوەندە دڵخۆش نییم وەک سەرنووسەر ، ئەوەندەی دڵخۆشم ئەم گۆڤارە لە هەولێر دەردەچێت ، بە ناسنامەو مولکی هەولێر دەزانم ، بەرێزیان گوتی : ئەو کاتەی ژمارە یەکی گۆڤاری ژوانی شیعرمان بڵاوکردەوە

هەندێ سەرنج و وردە گلەیی بە قازانجی گۆڤارەکە ئاراستەمان کرا بە سینگ فراوانییەوە قبولمانکرد ، بەڵام ڕەخنەی رووخێنەریش ئاراستەمان کرا ، بەڵام لە ژمارە سەرنج و خوێندنەوەکەمان جێبەجێکرد ، نابێ ئەوە لە یاد بکرێت دەرچوونی ئەم گۆڤارە لەم سەردەمەدا زۆر زەروور بوو ، دواتر گوتی : نامەوێت لەمە زیاتر کاتان لێبگرم ، دووبارە سوپاس بۆ ئامادە بوونتان ، گۆڤاری ژوانی شیعر ، گۆڤاری هەموو خوێنەرێکە و گۆڤاری خۆتانە ، لە کۆتا وشەدا جارێکیتر سوپاس بۆ ئێوەی خۆشەویست ، زەحمەتتان کێشا لەم کۆڕەدا حزوورتان هەبوو ، گەورەیتان نواند ، سوپاس بۆ کتێبخانەی حەیدەری و مالی نازەنیین حەیدەری ئەم کۆڕەیان بۆ ئێمە ڕێکخست ، ئەو ماڵە جوانە هەر ئاوەدان بێت ، دواتر هەریەکە ( سروەی بەیان ، سەباح رەنجدەر ، ڕێدار سابیر ، هەمزەی هەڵاڵان ) گفتوگۆیان کردو کۆڕەکەیان جوانتر کرد ، دواتر ژمارە یەک و دووی گۆڤاری ژوانی شیعر بە سەر ئامادەبووان دابەشکراو کۆتایی بە کۆڕەکە هات.













# ژوانێک لەگەڵ شیعردا



بەڕێوەبەری نووسین

**باسێک لەشیعر و شێرکۆ**

١- لەمێژووی پەیدابوونی مرۆڤ و مرۆڤاتیی و سەرهەڵدانی شیعرەوە تا بەئێستاش دەگات، کەس نەیتوانیوە و ناشتوانێ پێناسەیەکی جوان بۆ شیعر بکات ، چونکە شیعر ئەو ژانرە ئەدەبیە جوانەیە کە هیچ پێناسەیەک هەڵناگرێ , لێ تەنهاو تەنها دەتوانین لە پێناسەی شیعردا بڵێین : شیعر، شیعرەو تەواو، هیچ پێناسێکی دیکەی گەرەک نیە، چونکە (جوانیی شیعرو شیعری جوان ) لە جوانیی وشەو پیتەکانیدا دەردەکەوێ و ڕۆشنایی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەوروبەر ، هەڵبەت ئەوەی لەمێژوودا بەزیندوویی دەمێنێتەوەو لە ژانرەکانی دیکەی زمان و ئەدەبی کوردی جیادەکاتەوە هەر شیعرە و هیچی تر .. بەڵام مخابن شیعر لەگەڵ هاتنە ئارای تەکنەلۆژیاو سۆشیالمیدیای مۆدێرن ، کە خۆی لە زۆربوونی پەیج و سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، زوڵمی لێدەکرێ و بەقەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت ، هاوکات شیعری جوان لە دوای ڕاپەڕینەوە تەواو پاشەکشەی کرد و شکستی هێنا ، بۆنموونە، خەڵکانێک لە وەسەتەکەدا دەبیندرێن ، لەڕێگای گۆڤارو ڕۆژنامەو سایت و پەیجی فیسبووکەوە ، کۆمەڵێک وشەی بێ مانا ڕیز دەکەن و بەشیعر و پەخشانە شیعر پێمان دەفرۆشنەوە ، کەهیچ تام و چێژی شیعرو شیعرییەت نادەن بە خوێنەر ، بەڵام لێرە دەبێ ئەوڕاستەیەش بڵێین: هەندێ قەڵەمی گەنجی جوانیش پەیدا بوون و هەن، کە (لە پەنجەی دەست تێناپەڕن) ,توانیویانە شیعری جوانی واتادار،بهۆننەوە ..

لە ڕاستیدا لێکۆڵەرو رەخنەگری باشیشمان هەیە بەڵام وەکو پێویست نەیانتوانیووە ئیشی جوان بۆپێشکەوتن و پێشخستنی قەڵەمی شیعری کوردیمان و گرنگی ڕەهایی ڕەخنەو خوێندنەوەی کتێب بۆ (پاراستن وسەرخستنی مۆرکی شیعری کوردی) بکەن.

٢- شێرکۆ بێکەس لە بەرگی دووەمی ( نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) دا کە ژیاننامەو بیرەوەریی خۆیەتی، زۆر بەتوندی سەرزەنشتی خۆی دەکات ، دەربارەی ئەو شیعرە سیاسیانەی خۆی کە کاتی خۆی نووسیونی! لەسەر ئەوەش ڕەخنەی زۆری لێگیراوەو بە شاعیرێکی سیاسی و حزبی حسابی بۆ کراوە.

بۆیە شێرکۆ بێکەس لەوکتێبەدا پێماندەڵێت:

لە نووسینی هەندێک لەو شیعرانەدا نەمتوانیوە بەر لە تەوژمی دەروونی خۆم بگرم و گوێمنەداوەتە ئەوەی کە لە پاشەڕۆژی دوورو نزیکدا نووسینی ئەو شیعرانە لەسەرم دەکەون، هەروەها لە پاساوێکدا دەڵێت:

وەختێ چارەنووسی میللەتێک گەمەی پێکراوە ، بەڕاستی نەمتوانیوە بێدەنگیی بنوێنم بۆیە شیعرم بۆی نووسیوە ، دەنا من بۆ سیاسەت شیعرم نەنووسیووە بەو واتایەی کە سیاسیانە بیری لێدەکرێتەوە، هەڵبەتا کە نووسیوومە ، بۆ مەسەلەیەکم نووسیوە کە چارەنووسی زمانی نەتەوەیەکی ستەمدیدەو تەنانەت شیعریشی پێوە بەستراوە.

شێرکۆ ، ڕەخنەیەکی توند لەخۆی دەگرێت لەسەر نووسینی ئەو پەخشانە شیعرەی کە لە وەختی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا نووسیوویەتی:

نە ئەبوو لە بنەڕەتدا ئەو پەخشانە بنووسم، چونکە لایەکی تاریکی ئەو نووسینە لەوەدا بوو کە سەربەخۆیی خۆمم تیا ونکردو نووسینەکە بە زیانی من و قازانجی لایەنێک شکایەوە!!